# ڕەواندز

## توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە

(1939-1918)

ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر

هەواڵنامەی کتێب

ـ ناوی کتێب: ڕەواندز توێژینەوەیەکی مێژووی سیاسییە(1918ـ 1939)

ـ نووسەر: ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر

ـ دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك: موراد بورهان

ـ سەرپەرشتیاری چاپ : ئاریان ئیبراهیم

ـ تیراژ: ( 500) دانە

ـ چاپی یەکەم : 2006

ـ چاپی دووەم : 2008 (زیادکراوە، چاککراوە)

ـ چاپخانە: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی

ـ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(1800)ی ساڵی(2008) ی پێدراوە

**- لەسەر ئەرکی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی( یەکێتی نیشتمانی کوردستان) چاپکراوە**

## ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

لەبنەڕەتدا ئەم کتێبە ماستەرنامەیەکە پێشکەش بەبەشی مێژووی کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆ سەلاحەددین/ هەولێر کراوە، بەسەرپەرشتی بەڕێز **(پرۆفیسۆری یاریدەدەر دوکتۆر عەبدوڵڵا محەمەد عەلی عەلیاوەیی).**
لە22ی تشرینی یەکەمی 2005 گفتوگۆی لەسەر کراوەو بە پلەی( زۆر باشە) وەرگیراوە.

هەواڵنامەی کتێب

# پێشکەش

ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە:

- ڕازەخـانو دایکـی کـە هەمیشـە هـاودەمی شـەونخوونیو هاوبەشـی خەمەکانمن.

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

توێژینەوە لە بارەی ڕەوشی سیاسیی ڕەواندز لە نێوان ساڵانی(1918-1939)، وەك ماوەیەكی مێژوویی دیاریكراو، كە بەكۆتایی هاتنی جەنگی یەكەمی جیهانی دەست پێدەكاتو بەسەرهەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانی كۆتایی دێت، گرنگو پڕ بایەخە. چونكە لەو سەردەمەدا، ڕەواندز وەكو پێگەیەكی سیاسیی دەبوژێتەوە كە تاوەكو ئێستاكە ئەوەی لە بارەیەوە نووسرابێت پچڕ پچڕەو ناواخنی ڕووداوەكانی باس نەكراوەو وەكو پێویست پەردە لە سەر لایەنە شاراوەكانی هەڵنەدراوەتەوە. بۆیە دەكارێ ئەم هۆكارە، بە پلەی یەك دابنرێت لەڕووی خۆ تەرخان كردن بۆ توێژینەوە لە مەڕ ناوچەی ڕەواندزو مشتومالكردنی ئەو زانیارییە مێژووییانەی دەربارەی تۆماركراون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بایەخدانی توركەكان بە ڕەواندزو كردنی بەپێگەیەك بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتەكەیان بە سەر ویلایەتی مووسڵ دوای جەنگی یەكەمی جیهانی لە لایەكو بە ماف زانینی بریتانییەكان بە دەسەڵاتیان بە سەر ناوچەكەو هەوڵدان بۆ بەستانەوەی بە دەوڵەتی تازە دروست كراوی عیراق لە لایەكی دیكەشەوە، خاڵێكی دیكەی سەرنج ڕاكێشە. ئەوە سەرەڕای هۆكارێكیتر، كە بریتییە لە دەركەوتنی ژمارەیەك كەڵەپیاوی ناودار لە ناوچەكە لەو ماوەیەدا، وەكو( نووری باویل ئاغا، ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی، سەید تەهای نەهری، ئەمین ڕەواندزیو مەعروف چیاووك...) كە هەر یەكەیان بە هەڵوێستو كارەكانیان دوژمنیان سەرسام كردووە. ئیتر بۆ لە نەبان دابڕینی سەرجەمی ئەو ڕاستییانە، ئەم ئەركەمان گرتە ئەستۆ.

شیاوی باسە بۆ مەبەستی بە ئەنجام گەیاندنی كارێكی وا زۆرێك ئاستەنگ دێنە پێشەوە، كە ڕەنگە لە هەندێك كات توێژەر سارد بكەنەوە،

لە هەمووشیان گرنگتر درەنگ دەست کەوتنی ئەو سەرچاوانەیە کە تەنیا لەکتێبخانەی تایبەتی هەن، چونکە هەندێك لەوانەی خاوەنی کتێبخانەی تایبەتین‌و کتێبی دەگمەنیان هەیە، ئەوانە بەڕای ئێمەمانان توشی نەخۆشی دەروونی‌و قۆرغکاری کتێبە دەگمەن‌و دانسقەکان هاتوون، بۆیە دەبێت زۆر زیرەکانە لەگەڵیاندا بدوێت، هەروەها یەکێك لە ئاستەنگەکانیتر دەرگا بەڕووداخستنی ئەو کەسانەیە شتێك لەبارەی ڕووداوەکانەوە دەزانن‌و نای درکێنن‌و ئامادەنیین هیچ شتێکت بۆ بلێن، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هۆکارانە ماوەیەك کاریگەری خۆی کردووە، کەهەندێك وردەکاری لە شوێنی شیاوی خۆیدا باس نەکرێت، کەچی بەتەواوەتی نەبۆتە هۆی کاڵ‌وکرچی ئەو توێژینەوەیە، کە لەپێشەکییەك‌و دەروازەیەك‌و سێ بەش‌و ئەنجامێك پێك دێت.

دەروازەکە، سێ تەوەر لەخۆی دەگرێت تیایدا باس لەڕەگ‌و ڕیشەی ناوی ڕەواندزو شوێنی جیۆگرافی‌و ڕەوشی کۆمەلاّیەتی‌و ئابووری‌و کارگێڕی‌و سیاسیی ڕەواندز کراوە، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم‌و سەرەتای سەدەی بیستەم.

بەشی یەکەم، لە دوو تەوەر پێك هاتووە کەتیایدا باس لەڕەوشی سیاسیی ڕەواندز لەنێوان سالاّنی(1918-1923) دەکەین، لەبەر ئەوەی لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی لەساڵی1918 دەسەلاّتی داگیرکاری بریتانی دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرت‌و تاڕادەیەك باری ناوچەکە بوژایەوە، بەلاّم ئەو بارودۆخە درێژە ناکێشێت‌و خەڵکی بەڕووی سیاسەتی بریتانییەکان لەناوچەکە هەڵدەگەڕێنەوەو وەدەریاندەنێن، لەبەر ئەوەی سیاسەتی ئینگلیزەکان بریتی بوو لەسیاسەتی چەوساندنەوەو ئاگر خۆشکردنی دووبەرەکی لەناوچەکە، ئەگەر بزانین توانیویانە تۆی ئەو

دووبەرەکییە لەناوچەکە بچێنن و دوژمنداری لەنێوان دووبنەماڵەی بەناوبانگی ڕەواندز گەرمتر بکەن و بۆ نەوەکانیان بە جێبهێڵن. هەروەها هەر لەو بەشەدا، باس لە دووبارە هاتنەوەی دەسەڵاتی داگیرکاری تورکەکان دەکەین، کە لەسەر داواکاری خەڵکی ناوچەکە هاتونەتەوەو لەدواتریش ڕۆڵی کاریگەرییان بینیوە لە پروپاگەندەکردنی ئەوەی کە دەسەڵاتیان بۆ گشت ولایەتی مووسڵ دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەنجام تورکەکان لەو هەوڵانەیان سەرکەوتوو نەبوون و لە 22ی نیسانی 1923 لە ناوچەکە کرانە دەرەوە.

بەشی دووەم کە تایبەتە بە ڕەوشی سیاسیی ڕەواندز لە نێوان ساڵانی (1923-1939)، لە سێ تەوەر پێك هاتووە. لە تەوەری یەکەمدا، باس لە ڕەوشی سیاسیی ڕەواندز لە ساڵانی ئینتیدابی بریتانی دەکەین و لە تەوەری دووەمیش ساڵانی قۆناغی یەکەمی سەربەخۆیی عیراقی کە لەو قۆناغەدا ڕەوشی ڕەواندز لە سەرچاوە مێژووییەکاندا دەکەوێتەوە کزی، بۆیە بۆچەند هۆکارێکی دەبەینەوەو یەکە یەکە لە سەریان دەوەستین و باسیان لێوە دەکەین. لە تەوەری سێیەمیشدا، ئاماژە بۆ ڕۆڵ و چالاکی ڕەواندزییەکان دەکەین لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی، بە تایبەت ڕۆڵی( عەبدوڵڵا موخلیس بەگ، ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی و مەعروف چیاووك) لەگەڵ هەڵوێستی خەڵکی ناوچەکە لە بەرانبەر چالاکی هەندێ لە ئەندامە کوردەکان لەو ئەنجومەنە.

بەشی سێیەم تایبەت کراوە بۆ باس کردنی ڕۆڵ و چالاکی ڕەواندزییەکان لە کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردی و عیراقییەکان لە قۆناغی داگیرکاری بریتانی و قۆناغی یەکەمی سەربەخۆیی عیراقدا، کە ژمارەیەکی زۆر کۆمەڵە و ڕێکخراو بە نهێنی و ئاشکرا هاتنە دامەزراندن و ڕەواندزییەکان ڕۆڵی کارایان تیادا بینیوە.

ئەنجام لە وێدا ئاماژە بۆ گرنگترین خاڵە ئەنجامگیرییەکانی توێژینەوەکە کراوە.

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پشت بەژمارەیەك سەرچاوەو بەڵگەنامە بەستراوە. لەوانە هەندێ لە ساڵنامەکانی ولایەتی مووسڵ لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی کە وەکو چاپکراوی فەرمی پشتیان پێبەستراوەو زانیارییەکانی پشت ڕاستکردۆتەوە کە ئەمانەش بۆ بەشی یەکەم بە کەڵك بوون، هەروەها نووسینەوەی یاداشتو گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە لایەن ئەو کەسانەی کە هاوبەشو هەڵسوڕێنەری هەندێ لە کارەکان بووینە جێگای گرنگیو سوودبوون، لەگەڵ ئەوەی کە دەبێت بە وریایەوە مامەڵە لەگەڵ هەندێ لە زانیارییەکانیاندا بکەیت، چونکە لە هەندێکیاندا زانیاری شاردراوەو پیاداهەڵگووتنی زیاد لەپێویستی تیایە، لێرەشدا ژمارەیەك لەو یاداشتانە بۆ ئەو باسە سوودی لێ وەرگیراوەو لە هەندێ کات بە هۆی نەبوونی زانیاری لە سەرچاوە تایبەتەکاندا، بەناچاری چەند جارێك لە پەراوێزەکان دووبارە کراونەتەوە بۆ پشت ئەستورکردنی زانیارییەکانی نێو باسەکە، وەکو: (یاداشت)ی ڕەفیق حلمی(1898-1960)،(سنتان فی کردستان)ی دبلیو: أر. هی،(خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقی)ی جەلال تەقی، (کورد تورك عەرەب)ی ئیدمۆندس،(طریق في کردستان)ی هاملتون، (بیرەوەریەکانی عەلی باویل ئاغا)ی عەلی باویل ئاغا (1904-1992) لەسەر کاسێت تۆمارکراو. هەروا کتێبی(تاریخ الوزارات العراقیة)ی مێژوونووسی دیاری عیراق عەبدورەزاق حەسەنیی، بەرگەکانی( یەکەم، دووەم، سێیەم) جێی بایەخ بوون، ئەگەرچیش ناوبراو لە زۆر شوێندا، بە ئینسافەوە خامەی لە خزمەت گەلی کوردا نەخستووەتە کار. بەرگی یەکەمو دووەمی (چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد)ی دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، دوو بەرگی(شێخ مەحمودی قارەمانو

دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان)ی محەمەد ڕەسول هاوارو بەرگی یەکەم‌و دووەمی (المجلس التأسيسي العراقي) دوکتۆر محەمەد موزەفەر ئەلئەدهەمی هیچی لە وانەیتر کەمتر نییە، لەبەر ئەوەی زانیارییەکانی نێو ئەو سەرچاوانە ئەکادیمین‌و بە بەڵگەو دیکۆمێنت دەوڵەمەندن. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە ژمارەیەك بەڵگەنامەی بڵاونەکراوەو بڵاوکراوە سوودیان لێوەرگیراوە کە سیانیان جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە لە پەراوێزی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی لۆزان(1923) دەسەڵاتدارانی تورکیاو بریتانیا گرنگییان بە ناوچەکە بە گشتی‌و ڕەواندز بە تایبەتی داوە، لەبەر ئەوەی زۆرێك گفتوگۆو مشت‌ومڕی خستۆتە نێوانیانەوەو هەر یەکەیان بەمافی ڕەوای خۆی زانیوە کە دەسەڵاتی لە ناوچەکەدا هەبێت. جگە لەوەش نابێت سوودمەندی(مێژووی میرانی سۆران)و(سەرجەمی بەرهەمی)ی حوسێن حوزنی موکریانی باس نەکەین، لەبەر ئەوەی کەڵکی باشیان لێوەرگیراوە. ئەوە سەرەڕای گۆڤاری زاری کرمانجی کە وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی مێژوویی ئەو سەردەمەی ڕووداوەکانی کوردستان بەگشتی‌و ڕەواندز بە تایبەتی بۆ تۆمارکردووین‌و بۆ ئێمە جێگای بایەخ بووە. ئیتر ئەمانەو ژمارەیەك سەرچاوەی دیکەو دیمانەی تایبەت یارمەتیدەری بەهێزکردنی زانیارییەکانی نێو ئەم توێژینەوە، کە لەڕیزبەندی سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کراوە.

دیارە ئەم توێژینەوەیە لەکەموکورتی بەدوورنییەو، کون‌و کەلێنی تیادان‌و تێبینی‌و ڕەخنان لە خۆ دەگرێت، لەبەر ئەوەی هەر کارێکی لەو جۆرە کاڵای کەماڵی بە باڵا نابڕدرێت‌و دەخوازم ڕەخنە ئاژەن بکرێت، بۆ ئەوەی هێزو پیزی زیاد بکات‌و بگات بە ئاستێکی باڵاترو لافی توێژینەوەیەکی خزمەتکار بۆ مێژووی میللەتەکەمان لێ بدات. سەرکەوتن‌و سەرفرازییش لە خواوەیە. توێژەر

هەواڵنامەی کتێب

## دەروازە:

## ڕەواندز لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەم

هەولنامەی کتێب

هەواڵنامەی کێتر

## تەوەری یەکەم:

## ڕەگ و ڕیشەی ناوی ڕەواندز و شوێنی جیۆگرافی

ڕەگ و ڕیشەی ناوی ڕەواندز لێکدانەوەو بیروڕای جیاواز لە خۆی دەگرێت، سەرەتا هەندێکیان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لە دوو وشەی(ڕەوەند+دز) پێکهاتووە، ئەمەش دەگێڕنەوە بۆ نێوی خێلی ڕەوەندی کە نیشتەجێی ناوچەکە بوون، دزیش بە مانای قەلا دێت، واتە قەلای خێلی ڕەوەندی بووەو بەتێپەربوونی کات سواوە بۆتە ڕەوەنددز- ڕەواندز[تر]. ئەوە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە هەندێکیتر سەرچاوەی ناوی ڕەواندز بۆ(ڕوبین دژ) دەگێڕنەوە کە بەمانای قەلای پۆلایین دێت، هەلگرانی ئەو بیروڕایەش ئەو دێرە هۆنراوەیە دەکەن بەبەلگەی بۆچوونەکەیان کە میر محەمەد پاشای ڕەواندزی(1813-1836)لەسەر یەکێك لەدەرگای کۆنگەرەکەی ڕەواندز نووسیویەتی **"دوکنگرم رانهام بردو پیکر(رواندز)شد(روین دژ)باردیگر"** واتا دووبرجم بیناکرد لەسەر دوو بنەما ڕەواندز دیسانەوە بووە بە قەلای پۆلایین(ڕوبین دژ)[یر].

---

[تر]شەرەفخانی بدلیسی، شەرەفنامە، وەرگێڕانی: هەژار، چاپخانەی نعمان، نەجەف، 1972، ل485؛ طه باقر و فواد سفر، المرشد إلى مواطن الآثار و الحضارة الرحلة الخامسة بغداد- اربيل، بغداد، 1966، ص24؛ جەمیل ڕۆژبەیانی،"ڕەوەنددز"ڕاستە، نەك"ڕوئین دز"، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە(67)، 1994، ل15.

[یر]حسین حزنی موکریانی، میژووی میرانی سۆران، چاپی دووەمیین، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، 1962، ل28؛ سەید عەبدوڵلای سەمەدی، وشەی ڕەواندز،

لەگەڵ ئەوانەدا هەن ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕەواندز لە دوو وشەی ڕەوان یان ڕەهوان+ دز پێك هاتووەو مانای شوێنی حەوانەوە دەبەخشێت، بە تایبەت ڕەوەندەکان لەکاتی هامۆشۆکردنیان لەگەرمیانو کوێستانەکان کردویانەتە وێستگەی حەسانەوەیان[تر]. هەروەها محەمەدی مەلا کەریمیش ئاماژە بۆ بیروڕایەکیتر دەکاتو دەڵێ:"**... سەرەڕای ئەمە ئەشکرێ ئەگەر(ڕوواندز) ڕاستر بێ لە(ڕەواندز)، بە واتای(قەڵای ڕووان) بێ واتە(قەڵای چەمان)، واتە ئەو قەڵایەی کەوتووەتە سەرچەم، چونکە(ڕۆ) لەکوردیا بە مەعنای چەم زۆر بە کاردێ...، ڕەواندزیش چۆمێکی گەورە بە نزیکیا ئــــەڕوا**"[یر].

ماوەبڵێین لەبیروڕایەکیتردا ئاماژە بۆ ئەوەشکراوە کە لەپێشتردا بە ڕەواندز وتراوە(گردڕەوەند)، لەبەرئەوەی خێلە کۆچەرییەکان هاوینان تێدا کۆدەبوونەوەو وەکو کوێستانێك تیایدا دەحەسانەوەو مەڕومالاتیان تێدا دەلەوەڕاند، بەڵام بەهۆی پەیدابوونی دزو جەردە لەناوچەکەو دزینی مەڕومالاتێکی زۆر لەڕەوەندەکان ناوەکە گۆڕاوە بۆ ڕەوەنددز دواتریش ڕەواندز[سم].

---

گۆڤاری سروە، ژمارە(81)، 1993، ل 19؛ محمدی مەلا کەریم، لە بارەی ریشەی ناوی"ڕەواندز"ەوە، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە(70)،1994، ل14.

[تر]جمال بابان، أصول أسماء المدن و المواقع العراقية، الجزء الأول، مطبعة المجمع العلمي الكردي، بغداد، 1976، ص186.

[یر]محمدی مەلا کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل15.

[سم] ئەمین چاوڕەش ڕەواندوزی، ناوی ڕەواندز لەچییەوە هاتووە..؟، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە(33)، ساڵی 1991، ل19.

لێرەشدا دەتوانرێ بوترێ، ئەو بۆچوونەی دوایی کە ناوی ڕەواندز بۆ گردڕەوەند دەباتەوە لە ڕاستییەوە دوورە، لەبەر ئەوەی ڕەواندز هێندە شوێنێکی کوێستانی نییە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ناوچە سنوورییەکانی ئێران‌و تورکیادا، تا ڕەوەندەکان هەوارگەی کوێستانیان لێدامەزراندبێت. هەروەها ئەوەش ناچێتە ئەقڵەوە کە دز ئەوەندە بە توانا بووبن وایان لە ڕەوەندەکان کردبێت تەنانەت نێوی گردڕەوەندیان پێ بگۆڕن بە ڕەواندز، چونکە خاوەن ئاژەڵدارەکان بەردەوام چەك‌و تفاقی خۆیان پێ بووە تا بەرەنگاری دزو جەردەکانی پێبکەن چ جا هەموو ساڵێك دووبارە بووبێتەوە، هەروەها بۆچوونەکەی محەمەدی مەلا کەریمیش ڕەت دەکەینەوە، لەبەر ئەوەی خۆشی بەگومانەوە باسی لێوە دەکات. سەبارەت بەو بیروڕایەی کە ڕەواندز بە شوێنی حەوانەوە یاخود وەك وێستگەیەك لێکدەداتەوە، ئەوە وادەگەینێت کە ڕەواندز تەنیا ماوەیەکی کاتی جێگای نیشتەجێبوون بووە، ئەگینا ماوەکانیتر بەردەوام چۆڵ بووە. ئەمەشیان ڕەت دەکرێتەوە ئەگەر بزانیین لە سەردەمانێکی زۆر زووەوە ئەو ناوچەیە مۆڵگەی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ بووە[تر].

شیاوی باسە، ئەوانەی ڕیشەی ناوی ڕەواندزیش بۆ(ڕوییندژ) دەگێڕنەوە ئەوانیش کەوتوونەتە هەڵەوە، لەبەر ئەوەی ڕۆیین دژ دەکەوێتە هەرێمی ئازەربیجان نزیك بە تەورێزەوە[یر]. بۆیە دەتوانرێ بوترێ ڕەواندز لە هەموویان

[تر]طه باقر و فواد سفر، المصدر السابق، ص24؛ زبير بلال إسماعيل، اربيل في أدوارها التاريخية دراسة تاريخية عامة لاربيل و أنحائها منذ اقدم العصور حتى حرب العالمية الاولى، مطبعة النعمان، النجف الأشراف، 1971، ص254؛
Thomas Bois, The Kurds, Translated by: Prof.W.M.Welland, Beirut, 1966, P9.

[یر]ياقوت الحموي( الشيخ الامام شهاب الدين ابي عبدالله ياقوت بن عبدالله الحموي الرومي البغدادي توفي 626هـ 1228م)، معجم البلدان، المجلد الثالث، دار

ڕاستره، چونکه شوێنی نیشتەجێبوونی خێڵی ڕەوەندەکانی دەورانی هۆزی هەزبانیو حەمێدیین که فەرمانڕەوایی هەرێمێکی فراوانیان لەژێر قەڵەمڕەودا بوو، هەروەها لەگەڵ ئەوەی کۆچەریش بوون بەردەوام خاوەن قەڵای تۆکمەو بەهێز بوونو سەربەخۆیی خۆیان پاراست بوو، تا عیمادەدین زەنگی(1146-1127) ئەتابەگی مووسڵ[تر] بەناوی برایەتیو موسڵمانییەتی، سەردارانی کوردی تەفرەداو هەموو قەڵاکانی داگیرکردن[یر].

سەبارەت بە هەڵکەوتەی شوێنی جیۆگرافی ڕەواندز ئەوا دەکەوێتە نزیك سێ گۆشەی سنووری عیراق ئێران تورکیاوە، لەسەر هێڵی پانی(37)و هێڵی درێژی(44) بە نزیکەی1005 مەتر بەرزی لەئاست ڕووی دەریاوە، که لەباشووری ڕۆژهەڵاتییەوە شاری ورمێو شنۆیەو لەڕۆژهەڵاتیشی شاری مەهابادەو، لەباکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێرەوەیە، که لەهەر چوار لایەوە بە شاخو زنجیرە چیا دەورەدراوە. لەباکوورییەوە زنجیرە چیای زۆزگو حەسەنبەگو برادۆست، لەڕۆژهەڵاتەوە چیای هندرێنو دۆڵی باڵەکیان، لە ڕۆژئاوادا گردێنەی باپشیانو گۆرەزو چیای باڵەکیانو لەباشووریشدا چیای کۆرەكو ئارموشەو بێجانییە. ئەو هەڵکەوتە جیۆگرافییەش وایکردووە بکەوێتە ژێر کارتێکردنی زۆر ئاووهەواوە بە تایبەت ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست، بۆیە ئەگەر بێتو سەیری ڕەواندز بکەین لەزستاندا بەفرێکی

---

بیروت صادر، بیروت، دون سنة الطبع، ص 105؛ ابن الأثير( عزالدين ابي الحسن بن عبدالكريم الجزري توفي630هـ/1232م)، الكامل في التاريخ، المجلد الثاني العشر، دار صادر للطباعة والنشر، بيروت، 1966،ص 493.

[تر]بۆ زانیاری زیاتر لەسەر عیمادەدین زەنگی بڕوانە: عمادالدين خليل، عمادالدين زنكي، مطبعة الحديث، الموصل، 1406هـ/1985م.

[یر]جەمیل ڕۆژبەیانی، لە بارەی ڕوئین دژ و دزدان ەوە ڕوونکردنەوە، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە(73)، 1994، ل6.

زۆری لێ دەبارێت‌و پلەی ساردی دێتە خوارەوەو، لەهاوینیشدا ئاووهەوایەکی فێنکی هەیە[تۆ].

شیاوی باسە ئەوەی زێتر جوانی بە ڕەواندز دەبەخشێت ئەوەیە کە دەکەوێتە نێوان دوو دۆڵی گەورەو قوڵ کە بە ڕاست‌و چەپی ڕەواندز تێپەر دەبێت‌و شارەکە دەخەنە نێوەڕاستیانەوە، ئەوەی ڕۆژهەڵاتی پێی دەوترێت خەرەندو هی ڕۆژئاواش گەلی[یۆ]. بەڵام دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین ڕەواندز بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی لە شوێنی کاولۆکانی[سۆ] ئێستاکە بووەو دوای کاولکردنی لە لایەن سوپای ڕووسەوە، هەڵکشاوە بۆ شوێنی ئێستاکەی[شۆ].

گەلێك لە گەڕیدەو گەشتیاران یاخود مێژوونووسان لە نووسینەکانیان باسی ڕەواندز یان کردووە. ئەوەتە نیبور(1766-1765)گەشتێکی بەناوچەکەدا کردووەو باسی ڕەواندز دەکات‌و دەڵێ:" **ڕەواندز لە سەر چیایەکی سەخت ڕۆنراوە بە هەردوو لای دۆڵی بچکۆڵە هەیەو تاکە**

---

[تۆ]عەقیلە ڕواندزی، وەبیرم دێنۆ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2001، ل9؛ محسن حەسەن، رواندز لە روانین دا، گۆڤاری روانین، ژمارە(1)، رانیە، 1998، 115.

[یۆ]بدره_ صلاح، شاری ڕەواندز، گۆڤاری هیوا، ژمارە( 9)، ساڵی1958، ل5؛ چەتۆ احمد باس، ڕواندز دوێنێ و ئەمرۆ، گۆڤاری ڕواندز، ژمارە(1)، نیسانی 1998، ل 30.

[سۆ]کاولۆکان دەکەوێتە لای باکووری ڕۆژهەڵاتی ڕەواندزی ئێستاکەو لە دۆڵاییەك دایە.

[شۆ]مەلا ئەسعەد خەیلانی، دەست نوسی مێژووی سۆران، ل 34؛ ممدوح مزوری، بنەماڵانی بەناوبانگی رواندز، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 1998،ل 130.

**ڕێگایەك هەیە هەڵدەكشێ بۆ ناو شارەكە...**[تر]. (كلۆدیۆس جێمس ڕیچ)یش(1820) لەباسی ڕەواندز نووسیویەتی:" **ڕەواندز قەڵای هۆزێكی سەربەخۆی كوردەو مستەفا بەگ فرماندەیە. ئەو قەڵایە كەوتۆتە سەر كێوی زۆر بەرزی گەلی(زاگرۆس)و(زێ) لایەكیانی كەل كردووە لایەكەی تریشی لە هەندێ گەلیی زیاتر ڕێگەی وانزیكی تێدانییەو بۆ بەرگری كردنیش زۆر چاك قایمكراوە...**"[یر]. هەروەها عەبدوڕەزاق حەسەنیی لە وەسفی ڕەواندزدا، دەڵێ: "**بەیەكێك لەمەڵبەندە گرنگەكانی بازرگانی دادەنرێتو بارەگای سەركردەكانی كوردە، بەسەر هەموو خانووە بەرزەكانی دەورووبەری خەرەندو دۆڵو سەختەنە سەیرە سروشتیەكاندا زاڵە، بەسەر كەرتە شاخێكدا پەرشو بڵاوبۆتەوە، كە لەچیای بەرزی كۆرەك دەبێتەوە تا دەگاتە لێوارێكی شاخی تەخت بەسەر ڕووباری ڕەواندزەوەو، بەتیژی بەرەو دۆڵەكەدا دەكشێو، لەنێوان دوو دیواری بەرزو بەسامی شاخدا دەڕوات، سەرچاوەی ڕووبارەكەی بۆ كانییەكانی چیاكانی دەوروبەرو كانییەكانی نزیك بە شار دەگەڕێتەوە...**"[سر].

بەم شێوە دەتوانرێ بوترێ، هەڵكەوتەی جیۆگرافییەكەی ڕەواندز، گرنگی زۆری پێ بەخشیوە لەڕووی مێژوویی‌و نیشتەجێ بوونی مرۆڤ لەلایەكو، لەلایەكی دیكەشەوە لە ڕووی ئابوورییەوە، بەهۆی بوونی

---

[تر]كارستن نیبور، رحلة نیبور إلى العراق في القرن الثامن عشر، ترجمة: محمود حسین الآمین، بغداد، 1965، ص ص 75-76.

[یر]كلودیوس جێمس ڕیچ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ كوردستان1820، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2003، ل 273.

[سر] عبدالرزاق الحسني، العراق قدیماً وحدیثاً، الطبعة الثالثة، مطبعة العرفان، صیدا، لبنان، 1958،ص 242.

بەرهەمهێنانی بەرووبوومی چاك تیادا، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە لەکۆنەوە بۆ بازرگانی ڕووی تێکراوەوو سوودی باشی بە خەڵکی ناوچەکە بەخشیوە، کە لەتەوەری داهاتوو باسی لێوە دەکەین.

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری دووەم:

## ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕەواندز

سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ڕەواندز بەدەرنییە لەسروشتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردەواری، کە لەسەردەمانی کۆنەوە لەسەر بناغەی پاشماوەی بەهێزی هۆزەکی دامەزرا بوو، ئەو پەیوەندییە هۆزەکییەش نەك تەنیا دەستی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی کۆچەرەکان‌و نیمچە کۆچەرەکان داگرتبوو، بەڵکو دەستی بەسەر ژیانی کۆمەڵگا نیشتەجێبووەکانیش گرتبوو[١٣].

سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بۆ ژمارەیەکی جیاواز لەو هۆزانە دەکەن کە لەڕەواندزو ناوچەکانی سەر بە ڕەواندز هەبووە[١٤]. بەڵام ڕۆلنسۆن هۆزی ڕەوادی بەگەورەترین هۆز لەهۆزەکانی ڕەواندز دەداتە قەڵەم، کە ئەمانیش دابەش دەکرێن بەسەر دوانزە بەرە:"ماگیر، مام سام، مام ساڵ، مام باڵ، مامەکاڵ، مام سیل، مام لیس، مام سەکی، مامەخاڵ، مامویی، پیربال‌و

هەواڵنامەی کتێب

[١٣] محمد امين زكى، خلاصة تاريخ الكرد و كردستان من اقدم العصور التاريخية حتى ألان، ترجمة: محمد على عوني، مطبعة السعادة، مصر، 1939، ص 290؛ د. شاكر خصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية و البشرية، الطبعة الاولى، مطبعة شفيق، بغداد، 1973، ص 150؛ جەليلى جەليل، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەرگێڕانی: د.کاوس قەفتان، بغداد، 1987، ل 27.

[١٤] عباس العزاوى، عشائر العراق، الجزء الثاني(عشائر الكردية)، مطبعة المعارف، بغداد، 1947، ص ص 142-150؛ نيكيتن، مادة رواندیز رويندیز، دائرة المعارف الإسلامية، المجلد العاشر، ص 200.

کەلو[تر]، هەروەها دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، جگە لەوەی کە دانیشتوانی ڕەواندز کوردن‌و موسڵمانن، بەڵکو لەتەك ئەمانیشدا هەندێ لەکەمایەتی مەسیحی‌و جولەکەش هەن[یر].

شیاوی باسە ئەو پەرەسەندنەی کە ڕەواندز بە خۆیەوەی بینی، بە تایبەت لەسەردەمی فەرمانڕەوایی میر محەمەد پاشای ڕەواندزی، لەدواتریشدا کاریگەری بە سەریەوە هەر دیاربوو، ڕەنگە بەشداریکردنی ژمارەیەکی بەر چاوی خەڵکی ڕەواندز لەڕۆژنامەی" زەورا"[سم] کە بەزمانی عەرەبی‌و تورکی لەبەغدا دەردەچوو لەساڵی 1877 بە یازدە کەس‌و ساڵی دواتریش بە بیست‌ونۆ کەس شایەتحاڵی ئەوەبن کە ئاستی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری ڕەواندز لەو سەردەمە بەرز بووە[شم]، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە بەستانەوەی هەرێمەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەدەسەڵاتی ناوەندی جا چ لەڕێگای پیاوەکانیانەوە بێت، یاخود لەڕێگای سەرۆك هۆزەکانەوە بێت

---

[تر]جەلیلی جەلیل، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ل 34.

[یر]موصل ولایتی سالنامە رسمیسدر، 1325ه، موصل، ( مطبعة سند طبع اولنشدر)، 217.

[سم]ڕۆژنامەی( الزوراء) ڕۆژنامەیەکی فەرمی بوو لە بەغدا ساڵی 1869 بە هەر دوو زمانی عەرەبی‌و ورکی دەردەچووو، بەردەوام بوو تا داگیرکردنی بەغدا لەلایەن بریتانییەکان. منیر بکر التکریتی، الصحافة العراقیة و اتجاهاتها السیاسیة والاجتماعیة والثقافیة من(1921􏰀1869م)، مطبعة الارشاد، بغدد، 1967، ص 52.

[شم]" زوراء" العدد( 763) ، 7جمادی الآخرة 1295هـ ، 8 حزیران، 1878. لە: د.کمال مظهر أحمد، راي للمناقشة- الإطار الزمني لتاریخ العراق الحدیث و المعاصر، مجلة الحکمة، العدد الخامس، بغداد، تشرین الثاني- کانون الاول، 1998، ص 36. وەرگیراوە.

کاریگەری کردۆتە سەر دواکەوتوویی باری کۆمەڵایەتیو ئابووری ڕەواندز لەڕێگای چەوساندنەوەو ساندنی باجو کاری بەزۆرە ملێ لێیان، چونکە بە گوێرەی قسەی شارەزایەکی کۆمەڵگای کوردەواری، لەسەر وەختی زاڵبوونی تورکان بەسەر ناوچەکانی میریدا، ئاغاکانیان کردە نێوەندی پەیوەندی گرتنی نێوان خۆیانو دانیشتووان. ئاکامی سروشتی ئەو کارەش خزمەتی بە سەقامگیرییو بەرزبوونەوەی پایەی ئاغاو خانەدانەکان کرد. ئیدی ئەو ئاغایە، دەسەڵاتی بەشێوەیەکی تایبەت وردە وردە بەسەر دانیشتووانی ناوچەکەیدا هەڵکشاوە. قسەی ئەو ڕەها بووە لەهەموو کاروبارێکی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیی دانیشتوواندا. مسکێنیش لە بەر گەلێك هۆی تایبەتیو گشتی نەیتوانیوە حسێب بۆ دەسەڵاتی ئاغاو پیاوەکانی نەکات[تر].

لەڕاستیدا، لەڕووی ئابوورییەوە هۆزە کوردییەکان پشتیان بەبەرهەم هێنانی بەروبوومی کشتوکاڵیو بەخێوکردنی ئاژەڵداری بەستووە، کە تاڕادەیەك پێداویستییە ناوخۆییەکانی پڕدەکردەوە، بەڵام لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەم بەهۆی سیاسەتی توندوتیژی دەوڵەتی عوسمانیو دەوڵەتی ئێرانی(قاجاری) لەلایەکو، لەلایەکی دیکەشەوە پێشکەوتنی بواری ئابووری جیهانی کاریگەری کردۆتە سەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی ئەو هۆزانە، بۆیە بەرە بەرە هەنگاوییان بەرەو نیشتەجێ بوون ناوە[یر]. ڕەواندزیش بەهۆی ئەوەی لەزووەوە بۆ بازرگانی ڕووی تێکراوە،

---

[تر] سیسل جۆن ئیدمۆندس، کورد تورك عەرەب، وەرگێڕانی: حامید گەوهەری، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەوەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2004، ل 274.

[یر] د. عبدالرحمن قاسملوا، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی: عبداللە حسن زادە، بێ شوێنی چاپ، 1973، ل 151؛ د. عەزیز شەمزینی، جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان، وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد، چاپی سێیەم،

بەروبوومی توتن‌و مێوەجاتی لێ بەرهەم هێنراوە گرنگی‌و بایەخی لە ڕووی ئابوورییەوە هەبووە[تر]. ئەوە سەرەڕای بوونی هەندێ کارو پیشەی دەستی کە بۆ دەست ڕەنگینی دانیشتوانی دەڤەرەکە دەگەڕایەوە، وەك دروست کردنی شان‌و شەپکی کوردەواری، هەروەها دروست کردنی چەك‌و تفاقی شەڕ کە سەرچاوەکەی بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی میر محەمەد دەگەڕایەوە[ير]. ئەوەتە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زۆربەی ئەو هەشتا تۆپەی کە والی

---

بڵاوکردنەوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوە ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، 1998، ل45.

[تر] فەیسەڵ دەبباغ، شارو شارۆچکەکانی پارێزگای هەولێر(لە قاموسی ئەعلامی)ی(شەمسەدین سامی)دا، گۆڤاری هەولێر، ژمارە( 1 )، هەولێر، 1998، ل99؛ لیژەك ژیگیل، گەڕیدە پۆلۆنییەکان لە ساڵانی 1800ەکاندا لە کوردستان، وەرگێرانی لە سویدییەوە: ئەمجەد شاکەلی، (WWW.DENGEKAN.COM) لە ئینتەرنێتەوە.

[ير] ا.م. مینتیشاشڤیلی، کورد کورتەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی- ئابووری ڕۆشنبیری و گوزەران، وەرگێڕانی، د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، سلێمانی، 1999، ل 57؛ عەلی باویل ئاغا، بیرەوەریەکانی عەلی باویل ئاغا، دیمانەیەکی تۆمارکراو لە سەر کاسێت لەگەڵ عەبدولڕەقیب یوسف بە مێژووی 29ی تەمموزی1982 ، ڕەواندز. تێبینی: عەلی باویل ئاغا خۆشی کاسێتێکی لەبیرەوەریەکانی تۆمارکردووە کە هەندێ زانیاری جیاوازی لەوەی عەبدولڕەقیب یوسف تیایەو ئێمە هەردووکمان بەکار هێناوە واتە هەرسێ کاسێت، جا لەمەودوا ئەگەر ئەوەی لەگەڵ عەبدولڕەقیب یوسف بەکار بهێنین بە بیرەوەریەکانی عەلی باویل ئاغا تۆمارکراو لەگەڵ عەبدولڕەقیب یوسف ناوی دەبەین و ئەوەی تریان تەنیا بە بیرەوەریەکانی عەلی باویل ئاغا.

مووسڵ هەیبوو لە دەستکردی کرێکارانی ڕەواندز بوون و، پێکهاتەی دروست کردنی ئەو تۆپانەش لە دەوروو پشتی ڕەواندز دەردەهێنران[تا].

ماوە بڵێین بوونی ژمارەیەکی بەر چاو لەخانوو، دوکان، مزگەوت، قاوەخانە، فڕن، حەمام و خان لەڕەواندز لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم ڕادەی پێشکەوتنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری پێشان دەدات[یا]. هەر بۆیە زاری کرمانجی لە وەسفی ڕەواندز نووسیوویەتی:"... **مەخلوق لە شەرق و غەربەوە بۆ کریارو تیجارەت دەهاتنە (ڕەواندزێ)... مەرکەزی عیلم و سنعەت و فەن و تیجارەت بوو ، مازو گلوان، سنجکە، تووتن، گەزۆ، روون، خوری، مێوژ، هەنگوین، لە مێوەجاتی ترێ، خۆخ شفتالو [مەبەستی خۆخە – توێژەر]، هەنجیر، هەنار، سێو، گێوژ، بەلالوك ، قەیسی و ئەنواعی میوەجاتی بە لەزەت و لەتیف و چاك و ئەرزان ئەوەند زۆربوون نە دەهاتە فروتن**"[سا].

ئەمانەی ئاماژەمان بۆ کرد ڕادەی گرنگی و پڕ بایەخی ڕەواندز لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری نیشاندەدات، کە ڕەوشی کارگێڕی و سیاسیش هیچی لەو کەمتر نەبوو، وەك لە تەوەری داهاتوودا بە تێرو تەسەلی لە بارەیان دەکۆڵینەوە.

---

[تا] أنور المائي، الاكراد في بهدينان، موصل، 1960، ص 3؛ د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چینی کرێکارانی عیراق دروست بوون و سەرەتای بزوتنەوەی، وەرگێڕانی: فوئاد مەجید میسری، چاپخانەی دار الشوون الثقافة العامة، بەغدا، 1985، ل ل 256-257.

[یا] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: سالنامة ولایت موصل، موصل ولایتی، 1312 ه ، ص 318؛ موصل ولایتی سالنامة رسمیسدر، 1325ه ، ص 217.

[سا] د. کوردستان موکریانی، زاری کرمانجی 25/5/1926-23/7/1932 یەکەمین گۆڤاری کوردی شاری رواندز،چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2002، زاری کرمانجی، ژمارە (2)، ساڵی، یەکەم، 1926، ل 2. تێبینی لەمەو دوا بە زاری کرمانجی و سەرچاوەی پێشوو ناوی دەبەین.

## تەوەری سێیەم:
## ڕەوشی کارگێڕی و سیاسیی ڕەواندز

دوا بە دوای کۆتایی هێنان بەفەرمانڕەوایی میر محەمەد پاشای ڕەواندزی لە ساڵی 1836، ڕەسووڵ پاشای برای دەسەڵاتی ناوچەکەی بەڕێوەدەبرد[٣١]، بەڵام هەر زوو دەسەڵاتدارانی عوسمانی ڕەسووڵ پاشایان لەڕەواندز لاداو موتەسەڕڕیفێکی تورکیان لە شوێن دامەزراند[٣٢]. لەپاشاندا بارودۆخەکە گۆڕانکاری تێکەوت دوای ئەوەی مووسڵ لەساڵێ 1879 بوو بەویلایەتێکی سەربەخۆو، ڕەواندزیش وەکو شارۆچکەیەك کەوتە سنووری بازنەی قەڵەمڕەوی ئەو ویلایەتەوە لەسەنجەقی شارەزوور کە مەڵبەندەکەی لە کەرکوك بوو[٣٣].

---

[٣١]بۆ زیاتر زانیاری لە مەڕ سەردەمی فەرمانڕەوایی ڕەسووڵ پاشا بڕوانە: حسین حزنی موکریانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل 92-93

[٣٢]مەلا ئەسعەد خەیلانی، سەرچاوەی پێشوو،ل 42؛ حسین حزنی موکریانی، سەرچاوەی پێشوو،ل 98. تێبینی لێرەدا کاتێك ئەو دوو سەرچاوەیە کە تایبەتن بە مێژووی سۆران‌و باس لە دانانی دەسەڵاتی موتەسەڕڕیفی تورك دەکەن لە ڕەواندز، دەبنە پاڵپشت بۆ ئەو مەزبەتەیەی کە سلێمان بەگی سیلاحشۆڕ(1936-1875) لە دوای دروست بوونی حکومەتی عیراقی داوای ئەوەی کردووە کە ڕەواندز بکرێتەوە بە لیوا، لەبەر ئەوەی ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ڕەواندز لە ساڵی 1260 کۆچی کە دەکاتە 1844 ی زایینی واتە دوای نەمانی میرنشینی سۆران لیوا بووە. بۆ زیاتر زانیاری لە مەڕ ناوەرۆکی مەزبەتەکە بروانە پاشکۆی ژمارە(1) .

[٣٣]د. فاضل حسێن، کێشەی ویلایەتی مووسڵ لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی دبلۆماسیەتی عیراق- بەریتانیا- تورکیاو رای گشتی، وەرگێڕانی: محەمەد شاکەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی،1999، ل 107؛ د.ئازاد نەقشبەندی، کێشەی ویلایەتی

شیاوی باسە، پاش ئەوەی ڕەواندز لەڕووی بەڕێوەبردەنەوە بوو بەقائیمقامنشین ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی دەهەزار کەس دەبوو، هەروەها هەریەك لەناحییەکانی دێرە(هەریر)،باڵەك، برادۆستو شێروانی لەخۆ گرتبوو، ئەمانیش هەر یەکەیان لە لایەن بەڕێوەبەری ناحییە بەڕێوەدەبردرانو ژمارەیەکیش گوندیان لە ڕووی کارگێڕییەوە لە ناو بازنەی دەسەڵات دابوو[تر].

سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەناوی ئەو قائیمقامانە دەکەن، کە فەرمانڕەوایی ڕەواندزیان کردووە، حوسێن حوزنی موکریانی، ناوی بیستو یەك قائیمقامی هێناوە[یر]، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ساڵنامەکانی ویلایەتی مووسڵ ئەوە زانیاری پێچەوانەو کەموکوڕی لێبەدی دەکرێ، لەوانە ئاماژە بۆ ناوی عارف حیکمەت بەگ ئالوسی دەکات گوایە لە ساڵی (1309□1308 )کۆچی کە دەکاتە(1891□1890)زایینی لەڕەواندز قائیمقام بووە، کەچی ساڵنامەی ویلایەتی مووسڵ لەو ساڵەدا

---

موسڵ یان کێشەی نەوت؟، گۆڤاری مەتین، ژمارە ( 57)، تشرینی یەکەم، 1996، ل5.

[تر]لە سەرەتا ڕەواندز کە بوو بە مەڵبەندی شارۆچکە هەر سێ ناحیەی دێرە، باڵەك، برادۆستی لە خۆ گرتبوو، بەڵام دواتر فراوان بوو شێروانیشی کەوتە سەر. فەیسەڵ دەباغ، کوردستان لەچاپکراوەکانی عوسمانلییەکاندا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2004، ل ل32، 37،39،82؛ عبدالرزاق الحسنی، رحلة في العراق او خاطرات الحسني، الطبعة الثالثة، المطبعة العصرية، بغداد، 1925،ص 148؛ فیصل محمد الارحیم، تطور العراق تحت حکم الاتحادیین 1908-1914، مطبعة الجمهور، موصل، 1975،ص47.

[یر]حسین حزنی موکریانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 110.

ئاماژە بۆ ناوی ئیبراهیم ئەفەندی دەکات لەڕەواندزێ قائیمقام بووە[تر]، بەڵام دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە ئەو عارف ناوەی حوزنی ناوی دەبات لە ساڵی 1892 لەڕەواندز لەو پلەیە دابووە[یز]. هەروەها حوزنی باس لە بوونی قائیمقامییەتی عەبدوڵڵا موخلێس بەگ[سم]و نیهاد بەگ ناکات، کە یەکەمیان لە ساڵی 1906و دووەمیان لە ساڵی 1912 لە ڕەواندز قائیمقام بووینە[شم]. بۆیە لێرەدا دەتوانرێ بوترێ، زانیارییەکانی نێو ساڵنامەکانی ویلایەتی مووسڵ زیاتر پشتی پێ دەبەسترێ، لەبەر ئەوەی هاوسەردەمن لەلایەکو، لەلایەکی دیکەشەوە تایبەتمەندن بە نووسینەوەی ڕەوشی کارگێڕی ویلایەتەکە.

---

[تر]سالنامەی ولایت موصل، 1308ھ،ص 128.

[یز]سالنامە ولایت موصل، 1310ھ، ص185.

[سم]عەبدوڵڵا موخلێس بەگ کوڕی ئەسعەد بەگ کوڕی ڕەسوڵ پاشایە لە ساڵی 1859 لە بەغدا لە دایك بووەو لای مامۆستای تایبەتی خوێندوویەتی. لە دوای کۆچی دوایی باوکی ماڵەکەی دەباتە کەرکوكو لە قەڵەمی تەحریرات دادەمەزرێت تا دەبێتە بەرێوەبەر. ساڵی 1889 بە ناو مەئمورییەتی لێکۆڵینەوە دەچێتە کۆیەو ڕەواندزو لە پاشانیش لە چەند شوێنێك دەبێتە قائیمقام، لەوانە 1906 لەڕەواندز. لەساڵی 1924 دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندنو لە1925 بە نوێنەری هەولێر لە ئەنجومەنی نوێنەران ئیتر ماڵەکەی دەباتەوە بەغدا تا لە ساڵی1941 لەوێدا کۆچی دوایی دەکات. ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی لە رۆژگاری پاشایەتیدا"1925-1958"، چاپی یەکەم، کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب، هەولێر، 2007، ل 66.

[شم]موصل ولایتی، سالنامە رسمیسدر موصل، 1325ھ، ص216؛ سالنامە ولایت موصل، 1330ھ، ص 252.

جێگای ئاماژە بۆکردنە گۆڕینی ئەو هەموو قائیمقامە لەڕەواندز سەرچاوەکەی بۆ خراپی مامەڵەکردنی قائیمقامەکانو بێزاری خەڵکی دەڤەرەکە دەگەڕایەوە، بە هۆی ئەو گەندەڵییە کارگێڕییە بوو کە سەرجەم دەزگا کارگێڕییەکانی دەوڵەتی عوسمانی تەنیبۆوە[٤٣]. هەربۆیە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەم جوڵانەوەیەك یا ڕاپەڕینێکی چەکداری لە ناوچە کوردییەکان لە دژی دەسەڵاتدارانی عوسمانی هەڵگیرسابایە، ڕەواندزو ناوچەکانی دەورووبەری دەکەوتنە ژێر کاریگەرییەوە، ئەوەتە کاتێك شێخ عوبەیدوڵلای نەهری(1880□1881) دەستی بە شۆڕش کرد دژی دەسەڵاتدارانی عوسمانی[٤٤]، ناوچەکانی ڕەواندزیشی لەخۆ گرتووە، بۆیە یەکێك لە بەڵگەنامەکانی فەرەنسی ئاماژەی بۆ دەکاتو دەڵێ:" **شاری ڕەواندز، کە ژمارەیێکی زۆری لایەنگیرەکانی سەرۆکی ڕاپەرییوەکانی تێدایە، بڕیاریدا یاخیبوونی خۆی ڕابگەیەنێ، وەختایێك شەعبان پاشا، ژەنەڕاڵی لیوا نێردرا بۆ ڕەواندز بە خۆیی و سێ بە تالیۆنەوە، یەحیا بەگ ناوێك کە سەر بەکۆنە فییۆدالیتەی ناوچەکە بوو**

---

[٤٣] جەلیلی جەلیل، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ل 54؛ کۆمەڵێك لە پسپۆران، کوردو کوردستان، وەرگێڕانی: حسێن عوسمان نێرگسەجاڕیو حسێن ئەحمەد جاف، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،2003، ل40.

[٤٤] بۆ زیاتر زانیاری لە بارەی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری بڕوانە: جەلیلی جەلیل، ڕاپەرینی کوردەکانی ساڵی 1880، وەرگێڕانی: د. کاوس قەفتان، چاپخانەی الزمان ، بەغدا، 1987.

**دەگرێ‌و، وەك پێیان ووتم ڕەوانەی بەغدای کردووە، لە سایەی شێلگیری ژەنەراڵەوە ئاشوبێکی نوێ لە ناو چوو"[تر].**

کاتێکیش ئیتتیحادییەکان[یر] لە ساڵی 1908 جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست ئەوەندەیتر کەوتنە گیانی نەتەوە ناتورکەکان بە گشتی‌و گەلی کورد بەتایبەتی. ئەوەتە یەکەمین کاری سلێمان نەزیف پاشا والی مووسڵ (1913-1915) گرتن‌و بەندکردنی سەعید بەگی کوڕی عەبدوڵڵا پاشای ڕەواندزی[سم] بوو[تر]. هەروەها بۆ لێدان‌و بنەبڕکردنی جولانەوەکەی

---

[تر]نەجاتی عەبدوڵڵا، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی فەرەنسیدا (1882–1879)، بڵاوکردنەوەی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك)، سلێمانی، 2004، ل 66.

[یر]کۆمەڵەی ئیتتیحادو تەرەقی کە لە سەرەتا ناوی کۆمەڵەی تەرەقی ئیتتحادی بوو لە ساڵی 1889 لە سەر دەستی ئیبراهیم تیمۆوو بەهاوکاری ئیسحاق سکوتی و عەبدوڵڵا جەودەت و محەمەد چەرکەسی هات دامەزراندن بە ئامانجی چاککردنی باری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی. دواتریش بە کودەتایەك لە ساڵی 1908 دەسەڵاتی گرتە دەست. بۆ زیاتر زانیاری لە مەڕ ئەو کۆمەڵە بڕوانە: E.E. Ramsour, The young Turks: Perlude to the Revolution of 1908, Russell & Russell, Newyouk, 1957.

[سم]سەعید بەگ کوڕی عەولا پاشا کوڕی بەکر بەگ کوڕی بایز بەگی باپشتییە، بایز بەگ مامی میر محەمەد پاشای ڕەواندزییە. ناوبراو پیاوێکی کار بەدەست‌و دەوڵەمەندی ناوچەکە بووە، بەڵام دواتر لە1918 بەر لەهاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە کوژراوە. دیمانەیەك لەگەڵ فەخری شەمسەدین بەگی سیلاحشۆڕ، هەولێر، لە 24ی حوزەیرانی 2005ز." فەخری شەمسەددین بەگ لە 10ی مایسی1954 لەڕەواندز لەدایك بووەو دەرچووی کۆلێژی پۆلیسی زانۆی بەغدایە ساڵی1968،

بارزان بە سەرکردایەتی شێخ عەبدولسەلام بارزانیی دووەم[یر] ڕەواندز دەکاتە یەکێك لەبنکەکان بۆ لێدانی جوولانەوەکە بەهاوکاریو هەماهەنگی هەندێك لەهۆزەکانی ناوچەکە[سە]. بەڵام دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کاتێك شێخ عەبدولسەلام بارزانی ئاوارە بوو، پەیوەندی بەڕووسەکانەوە کردو داوای هاوکاری لێکردن بۆ بەرپاکردنی ڕاپەڕینێك لەڕەواندز، کەچی ڕووسەکان داواکارییەکەیان ڕەت کردەوەو ڕێگایان نەدا بچێتە ڕەواندز[شە].

---

ئێستاکەش پۆلیسە بە پلەی عەمید لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر نیشتەجێیە).

[تر]صدیق الدملوجي، إمارة بهدینان الكردیة، مطبعة الاتحاد، الموصل، 1952،ص99 .

[یر]بۆ زیاتر لەسەر جولانەوەکەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی بڕوانە: مسعود بارزانی، بارزانیو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد 1931-1958، وەرگێڕانی: سەعید ناکام، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، دهۆك، 1998، ل17-21؛ د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی (لێکۆڵینەوەیەکە لە بورای مێژووی سیاسیدا)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، 2004، ل .241-236

[سە]بێ رەش، بارزانء حركة الوعي القومي الكردية1826-1914، دون مكان طبع، 1980، ص128؛ زبير بلال إسماعيل، ثورات بارزان 1907-1935، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل، 1998، ص ص 56-57.

[شە]م. س . لازاریڤ، کێشەی کورد1896-1917، بەشی یەکەم، وەرگێڕانی: د. کاوس قەفتان، مطبعة الجاحظ، بغداد، 1989، ل379؛ د. عبدالفتاح علي البوتاني،

هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە هاوینی1914و هاتنەناوەوەی دەوڵەتی عوسمانی لەتشرینی دووەمی هەمان ساڵدا لە تەك وڵاتانی تەوەر[تر]. کوردستانی بەگشتی تێوەگلاند، ئەویش لەڕێگای بەشداریکردنی کورد لەتەك سوپای عوسمانی لەژێر کارتێکردنی پروپاگەندەی جیهادو، بوونی ناوچە کوردییەکان بەمۆڵگەی شەڕو پێکدادانی لایەنە شەڕکەرەکان[یر]. ئەوەتە کاتێك سوپای عوسمانی لەبەرانبەر سوپای ڕووسی خۆی پێنەگیرا سوپای ڕووس بە سەرکردایەتی جەنەراڵ جیورنوزویوڤو بەهەماهەنگی ئەرمەنەکان لەبەهاری ساڵی1916 لەچوار قۆڵەوە دەستیان بە پێشڕەوی کرد: قۆڵی ڕایەت- گەلاڵە-دەرگەلە-ڕەواندز، قۆڵی شنۆ- کێلەشین- سیدەکان-ڕەواندز، مەرگەوەڕ-شەمزینان-ئاکرێ-ڕەواندزو قۆڵی دیزادیر- وان- بەرواری بالآ- ئامێدی- ڕەواندز، هەر زوو هێزەکانی ڕووس لەبەرەبەیانی 8ی مایسی 1916 دەستیان بەسەر ڕایەت گرتوو هێزەکانی عوسمانییان لێ وەدەرانا، لەبەر ئەوەی لەقۆڵی ڕایەت لەپێشڕەوی چاك دابوون توانیان دەست بەسەر گەلاڵەو دواتریش دەرگەلە دابگرن، سوپای عوسمانی لەتوانایدا نەبوو بەردەم ئەو لێشاوە بگرێت، بۆیە

الحركة القوميـة الكورديـة التحرريـة دراسـات ووثـائق، طبعـة الاولى، مطبعـة وزارة التربية، اربيل،2004،ص 39.

[تر]محمـد كمـال الدسـوقى، الدولـة العثمانيـة و المسـالة الشـرقية، القـاهرة، 1976، ص 371.

[یر] د. كمال مظهر احمد، كردسـتان في سـنوات الحـرب العالميـة الاولى، ترجمـة: محمـد المـلا عبدالكريم، الطبعة الثانية، بغداد، 1984، ص 130 و مابعدها.

ڕووسەکان بەردەوام بوون تا لە13ی مایسی1916 گەیشتنە جونديان[تی] و لەڕۆژی دواتریش لە ڕەواندز بوون[یی].

شیاوی باسە، لازاریڤ بە پشت بەستن بەسەرچاوە ڕووسییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ڕووسەکان لەسەرەتایی نیسانی 1916 دەستیان بەسەر ڕەواندز گرتووە[سی]. بەڵام سەرچاوەکانی دیکە کۆکن لەسەر ئەوەی کە لە13ی مایسی 1916 سوپای ڕووسی دەستی بە سەر ڕەواندز داگرتووە[شی]. ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت، سەرەڕای نەبوونی ڕێگاو بانی چاكو بوونی ڕووباری قوڵو زنجیرە چیای بەرزو کەم پردی لەناوچەکە سوپای ڕووس بە خێراییەکی زۆر توانی دەست بگرێت بە سەر ڕەواندز دا، کە ئەوەش لەسەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کوردەکان گوێیان بەداگیرکردنی ڕووسەکان نەداوە، بەڵکو لەهەندێ شوێندا چاوساغیشیان بۆ کردوونە[لە].

هەورامانی کتێب

---

[تی]هاوینە هەواری جونديان دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ڕەواندز.

[یی]عەلی باویل ئاغا، بیرەوەریەکانی عەلی باویل ئاغا؛ مصطفی جندیانی، چۆن؟ ڕووسەکان ڕەواندزیان داگیر کرد... ! 13⁄5⁄1916-18⁄7⁄1916، گۆڤاری ڕواندز، ژمارە(1)، نیسانی1998،ل 25.

[سی]لازاریڤ ، سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ل 614.

[شی]شكري محمود نديم، الجيش الروسي في الحرب العراق 1914-1917، بغداد، 1967، ص15؛ د. كمال مظهراحمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ص 219؛ دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، 2002، ل 225.

[لە]د. كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ص 170؛ کامەران ئەحمەد محەمەدئەمین، کوردستان لە نێوان ململانێی نێو دەوڵەتیی و ناوچەییدا 1890-1932، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2000، ل102.

بوونی سوپای ڕووس لەڕەواندز، جێگای مەترسیو دڵەڕاوکێی سوپای عوسمانییەکان بوو، هەر بۆیە زوو سوپای عوسمانی کەوتەخۆ ئامادەکردن بەهاوکاری هێزە خێڵەکییە کوردەکانو لە16ی تەمموزی1916 لەچەند قۆڵێکەوە دەستیان بە هێرش کردو لە 18ی تەمموز ڕووسەکانیان لەڕەواندز دەرپەڕاند[تر]. هەر چەندە بەڕووالەت ڕووسەکان ماوەیەکی کورت لە13ی مایس تا 18ی تەمموز واتە(67) ڕۆژ لەڕەواندزێ مانەوە، بەڵام زوڵمو زۆردارییەکی زۆریان بەرانبەر بە خەڵکی ناوچەکە ئەنجامدا، ئەوەتە عەبدوڵڵا پشدەری لەسەر زاری پیاوانی ڕەواندز دەگێڕێتەوەو دەڵێ:"**... من خۆم لە پیاوە کۆنەکانی ئەو ناوچەیەم بیستوە کە ئەیان ووت زۆر لە ژنانی ئەو شارە لەترسی(فەساد)کردنیان خۆیان خستۆتە ناو گەڵی(خەلەند)ومردون، چونکە دیتویانە کەوا سەربازەکانی ڕوس وەکو دڕندە جولانەوەلەگەڵ خەڵکی کوردستان دا**"[یر]. هەروەها سەرەڕای ئەوەی خانووەکانیشیان سووتاندنو ماڵەکانیان تالان کردن، ئەوەتە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ مانەوە چەند خانوێك دەکەن لە ڕەواندزێ ماوە کە ڕووسەکان کردوویانەتە بارەگای خۆیان[سم]. بەڵام دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە

---

[تر]شکری محمود ندیم ، المصدر السابق ، ص110؛ مەلا محەمەدی عەلیاوەیی، غـــــەم ڕەوێن، دەســـــت نووس، ل100.

[یر]عبدالله احمد رسولّ پشدرەی، یادداشتەکانم، بەشی یەکەم، دار الحرية للطبعة، بەغدا، 1992، ل42.

[سم]د. كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ص 219؛ د. عزيز الحاج، القضية الكردية في العشرينات، طبعة الانتصار، بغداد، 1985، ص91؛ جرجيس فتح الله ، يقظة الكرد تاريخ سياسي 1900-1925 ومما يتناول على

ئەرمەنەكانیش لە تەك سوپای ڕووسەكان ڕۆڵی خراپیان گێراوە لە هەتككردنو كوشتن برینی خەڵكی ناوچەكە ئەگەر بزانیین خۆیان لەسەر یەكێك لەكۆڵكەدارەكانی ڕەواندز ئەوەیان نووسیوە: "**ئێمەی لاوانی ئەرمەن لەگەڵ سوپای ڕووس هاتووین بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆمان لە كوردەكان بكەینەوە**"[تر].

ماوەبڵێین لەگەڵ ئەوەی ڕووسەكان لەڕەواندز دەركران، كەچی بەداگیركرنەوەی سوپای عوسمانیش هەر لەبارێكی خراپ دامایەوە خەڵكەكەی تووشی ئاوارەیيو دەربەردەری هاتنەوە[یر]، بەڵام بەكۆتایی هاتنی جەنگی یەكەمی جیهانی لەساڵی1918و داگیركردنی ڕەواندز لەلایەن ئینگلیزەكان ناوچەكە پێنایە قۆناغێكی نوێوە كە لەبەشی داهاتوودا باسی لێوە دەكەین.

هەواڵنامەی كتێب

---

جنوب كردستان أمام عصبة الأمم مع الوثائق و المذكرات المتعلقة بـه، دار ئـاراس للطباعة و النشر، اربیل، 2002، ص 86.

[تر]ئەحمەد حەویز ئەحمەد مەلا، بە سەركردنەوەی مامۆستا پێشـەنگەكانی كوردسـتان، گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، ژمارە (9)، تەمموزی 2001، ل 38.

[یر]حسین حزنی موكریانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 14؛ احمـد خواجـە، چـیم دی، بـەرگی یەكەم، چاپخانەی شفیق، بەغدا، 1968، ل 12.

# بەشی یەکەم

## ڕەوشی سیاسیی ڕەواندز (1918–1923)

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری یەکەم:

## داگیرکردنی ڕەواندز لە لایەن ئینگلیزەکان و سەرهەڵدانی ڕاپەڕین لەدژیاندا

ئاگربری مۆدرۆس لە30ی تشرینی یەکەمی 1918 کۆتایی بەجەنگی یەکەمی جیهانی هێنا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام ئینگلیزەکان تا ئەوکاتەش دەسەڵاتیان نەگەیشتبووە هەندێ لەناوچەکانی ویلایەتی مووسڵ کە خۆیان مەرامیان بوو[٦٣].

پاش ئەوەی شاری سلێمانی کەوتە نێو بازنەی داگیرکاری ئینگلیزەوەو شێخ مەحموود بەحوکمداری دەست نیشان کرا[٦٤]، مێجەر نۆئێڵ[٦٥](حاکمی سیاسیی ئینگلیز لە کوردستاندا)، بە مەبەستی دانانی حاکمێکی سیاسیی

---

[٦٣] ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل 54.

[٦٤] بۆ زانیاری زیاتر لە مەڕ ڕاگەیاندنی حوکمداریەتی شێخ مەحموود بڕوانە: ڕفیق حلمی، یادداشت کوردستانی عراق و شورشەکانی شێخ محمود، بەرگی یەکەم، بەغدا، 1956، ل 62.

[٦٥] مێجەر نۆئێڵ کە لەپێشتر کاپتن نۆئێڵ بوو: ئەفسەرێکی بریتانی چالاك و هێمن بووو شارەزایی باشی لەزمانی فارسیدا هەبوو، هەروەها زانیاری باشی لەسەر هۆزەکانی ڕۆژهەڵات هەبووو چاکیش لەسەرکردەکانیان دەگەیشت. لەسەرەتا لەناو بەختیارییەکان کاری دەکرد، کەچی دواتر لە ساڵانی کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی توانی پەیوەندی باش لەگەڵ سەرۆك هۆزە کوردەکان پەیدابکات و زمانی کوردی بە باشی فێر ببێت. هەرچەندە مێجەر نۆئێڵ ماوەیەکی کورت لەکوردستاندا مایەوە، بەڵام سەرنجی زۆر خەڵکی بەلای خۆیدا ڕاکێشا تا نازناوی(لۆرانسی کوردی)یان پێبەخشی. د. کمال مظهر احمد، کردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ص ص 186-187.

ئینگلیز لەلایەكو، لە لایەكی دیكەشەوە، بۆ پەلكێشكردنی ناوچەكانی كۆیەو ڕانیەو ڕەواندز، بۆ نێو قەڵەمڕەوی حوكمداریەتی سلێمانی لەكانوونی یەكەمی 1918، سەری لەو ناوچانەدا[تر]. لەبەرانبەر ئەوەشدا دانیشتوانی ئەو هەرێمانە ڕەزامەندنیان نیشاندا بۆ دەسەڵاتداریەتی شێخ مەحموود بەسەریاندا، هەر بۆیە كاتێك شێخ مەحموود یاداشتێك بۆ كۆنگرەی ئاشتی لەپاریس ڕەوانە دەكات شێخ عەبدولسەمەد زادە عەبدوڵڵا كە لەشێخانی سەرانە بەناوی خەڵكی ڕەواندزەوە دەنگی خەڵكی ناوچەكە دەخاتە پاڵ دەنگو داواكاری شێخ مەحموود[یر].

مێجەر نۆئێڵ لەماوەی مانەوەی لەڕەواندز دەستی كرد بەڕێكخستنی كاروباری ناوچەكەو ڕاكێشانی سەرۆك هۆزەكان، لەڕێگای بڕینەوەی مووچەی مانگانەو دانی قەرزی كشتوكاڵی پێیان، تا بتوانن باری لەنگی خۆیانی پێ ڕاست كەنو، خەڵكی ڕەواندزیش لەو بارە نا ئارامیو نا ئاساییە ڕزگار بكەن، كە بە هۆی ئەنجامەكانی جەنگی یەكەمی جیهانی بەگشتیو

---

[تر] السر أرنولد ويلسن، الثورة العراقية، ترجمة: جعفر الخياط، مطبعة دار الكتب، بيروت ، لبنان، 1971، ص 184؛ لوسيان رامبو، الكرد والحق، ترجمة: عزيز عبدالاحد عوديش، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل، 1998، ص 75؛ جرجيس فتح الله، المصدر السابق، ص ص209-210.

[یر] كەمال نوری مەعرووف، یادداشتەكانی شێخ( لەتیف)ی حەفید لەسەر شۆڕشەكانی شێخ مەحموودی حەفید، چاپی یەكەم، لە بڵاوكردنەوەی مەكتەبی ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموكراتی كوردستان، بێ شوێنی چاپ، 1995، ل ل 40-42.

هێرشی ڕووسەکان بەتایبەتی ناچاری کرد بوون گژوگیاو گۆشتی پشیلەو سەگو بگرە مرۆڤیش بخۆن[تر].

حوسێن حوزنی موکریانی ئاماژە بە هاتنی مێجەر نۆئێلْ دەکات بۆ ڕەواندزو دەلْێ:" **کانونی یەکەم سالْی هەزارو نۆ سەدو هەژدەی میلادی میجر نویل بۆ ادارکردنی قضای رەواندز کرا بە معاونی حاکمی سیاسی، لەدوای داگیرکردنی انگلیز ئەو پیاوە یکەمین حاکمیکی انگلیزە کە لەسەر قچای رەواندز داندراوە**" [یر]. لێرەشدا دەتوانرێ بوترێ، حوزنی بە هەلْەدا چووە، ئەگەر بزانیین مێجەر نوئێلْ خۆی یاریدەدەری حاکمی سیاسیی لە ڕەواندز دامەزراندوە[سم]. هەروەها جگە لەوە هەر ئەوە بە تەنیا ئاماژە بۆ سێ حاکمیتر دەکات کە دوای نۆئێلْ هاتوونەتە ڕەواندزێ بە پلەی یاریدەدەری حاکمی سیاسیی( ASSISTANT POLITICAL OFFICER )وە[شم].

شیاوی باسە دوای ئەوەی کاپتن بێلْ بە سیفەتی یاریدەدەری حاکمی سیاسیی لەڕەواندز دامەزرا، هێندەی پێ نەچوو شۆڕشی شێخ مەحموود لەسلێمانی هەلْگیرسا[له]، دایسانی شۆڕش لە سلێمانی، کاریگەری کردە سەر ناوچەکانی ڕەواندزو دەروبەری. ئەوەتە ڕەفیق حلمی وەکو شایەتحالێك

---

[تر]المس بيل، فصول من تاريخ العراق القريب كتاب يبحث عن العراق في عهد الاحتلال البريطاني بين سنتي 1914و 1920، ترجمة: جعفر الخياط، 1971، ص 192.

[یر]حسین حزنی موکریانی، سەرچاوەی پێشوو ، ل 114.

[سم]سير أرنولد ويلسن، المصدر السابق، ص 184.

[شم]حسین حزنی موکریانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 114.

[له]بڕوانە: م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەولْەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، لەندەن، 1991، ل494و بەدواوە ؛ ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، شاری سلێمانی 1918-1932 لێکۆلْینەوەیەکی مێژوویی/ سیاسییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی، 2002، ل 115.

لەڕەوشی ئەو سەردەمەی ڕەواندز دەڵێ:**"کە دەنگی شۆڕشی(( شێخ مەحمود)) لەڕەواندزو لەناو عەشایرا بڵاو بوەوە، گەلێ کەس پێی خۆش بوو، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەئینگلیزەکان ناڕەزا بوونو لەکردەوەی دەسو پێوەندەکانیان وەڕز بوو بوون، ئیتر هەر چیت ئەبینی چەکی لەخۆی ئەداو لەڕودا خۆی بۆ شەڕ ئامادەکرد، خۆ دێهاتیو عەشایرەکە باسی هەر ناکرێت ئەوەی دوو پیاوی هەبوو ئەیکرد بەچوار چەکی پێ هەڵ ئەگرتنو شانازی پێوە ئەکردن  زۆر لەمانە ئۆقرەیان لێ هەڵ گیرا بوو بە تەمابوون شۆڕشەکەی((شێخ مەحمود)) پەرەبسێنێت، بتەنێتەوە، بگاتە ئەم دیوی((زێ))[مەبەستی ئەودیوی زێ کۆیە- توێژەر]. چاوەڕێ بوون کە لەشکری شێخ مەحمود نزیك بکەوێتەوەو بەری((کۆیێ)) بگرێتەوە تاوەکو ئەمانیش لەعاستی خۆیانەوە ڕاست بنەوە، دەس بدەنە چەكو شۆڕشی بگێررن..."**[تر]. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە شۆڕشەکەی شێخ مەحموود کاریگەری زۆری کردۆتە سەر خەڵکی ناوچەی ڕەواندزو تەنانەت بۆی کەوتوونەتە پروپاگەندە کردنیش. هەر بۆیە ڕەفیق حلمی بەدەم گێڕانەوەی ڕەوشەکە بەردەوام دەبێتو دەڵێ:**"...هەر لەبەر ئەم مەبەسەش زۆریان لە مانە باسی سەیر سەیریان هەڵ ئەبەستو بڵاویان ئەکردەوە شتی ئەو تۆیان ڕێك ئەخست کە ئینسان سەری تیا سوور ئەما. هەچی کارەساتو ڕووداوی ڕاستو درۆ هەیە وە یا بیسراوە ئەوەندەی تریشیان لە خۆیانەوە ئەنایە سەرو ئەیانگێرایەوە..."** [یر]. بۆیە دەتوانرێ بوترێ، ئەو هەموو کاریگەرو هەڵوێستە جگە لەهاندەری نیشتمانی هاندەری مادیشی بەبەرەوە بوو، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا کۆگاکانی حکومەت لەڕەواندز زەخیرەییەکی زۆری

---

[تر]ڕفیق حلمی، سەرچاوەی پێشوو ل 129.

[یر]ڕفیق حلمی، سەرچاوەی پێشوو، ل 129.

تیایدا بووو، تالآنکردنی لەلایەن هێزە عەشائیرییەکان لەڕۆژێکی وادا شتێکی کەم نەبوو.

ئەنجامی گردبوونەوەی ژمارەیەکی بەر چاو لەسەرۆك هۆزەکانی دەرووبەری ڕەواندز بەخۆیانو چەند چەکدارێکەوە، مەترسی بۆ یاریدەدەری حاکمی سیاسیی ئینگلیزو هاریکارەکەی دروست کرد بوو، چونکە لەو ڕۆژانەدا کاپتن بێلْ هەر بەتەنیا لەگەڵ هاوکارەکەی لەڕەواندز بوو، هاوکارەکەشی مەشقی سەربازی بەو هێزە چەکدارە بەکرێ گیراوە دەکرد کە لەژێر سەرکردایەتی نووری باویل ئاغا[تر] دابوونو ژمارەیان نزیکەی(150–200)چەکدارێك دەبوو[یر]. بۆیە کاپتن بێلْ کەوتەخۆو دەستی کرد بەبەخشینی پارە بەسەر ئەو سەرۆك هۆزانە. سەبارەت بەو ڕەوشە شایەدحالێك دەڵێ:"**...لەسەر دەسی(خۆم)دا ئەم لێشاوە ڕوپیەیەی بە سەر ئەوانەدا بڵاوکردەوە کە لە (ڕەواندز) چاوەڕوانی تالآن**

هەوالنامەی کتێب

---

[تر]نووری باویل ئاغا کوڕی باویل ئاغا کوڕی مەلا عەزیزەو ساڵی 1892 لەڕەواندز لەدایك بووە، بە منداڵی لەحوجرە خوێندویەتیو دواتریش لەقوتابخانەی ڕوشدیە لەڕەواندز. دوای ئەوەی کە ئینگلیزەکان ڕەواندزیان داگیرکرد کردیانە بەڕێوەبەری پۆلیسی ڕەواندز، بەڵام زۆری پێ ناچێت نێوانی لەگەڵ حاکمی ئینگلیزەکان تێك دەچێتو بەرویاندا هەڵدەگەڕێتەوە(کە دواتر باسی لێوە دەکەین) . نووری ئاغا بەشداری شۆڕشی( 1943–1945 ) بارزانی کردووە لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول تا لە ساڵی 1963 بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کردووو لە گۆڕستانی گەردە گەرد لە ڕەواندز نێژراوە. عەلی باویل ئاغا، بیرەوەریەکانی عەلی باویل ئاغا.

[یر]أي، ام، هاملتون، طريق في كردستان، ترجمة: جرجيس فتح الله، الطبعة الثانية، دار ئاراس للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية ، اربيل، 1999، ص 220.

**بوون[مەبەستی سەرۆك هۆزەكانە – توێژەر]، بەمە تاڵانی لەبیر بردنەوەو چاو بەرەو ژێری كردن"**[تر].

جێگای ئاماژە بۆكردنە كاپتن بیڵ دوای دەست بەتاڵ بوونی لەسەرۆك هۆزەكان بایدایەوە بە لای گەورە پیاوانی ڕەواندزو كۆبوونەوەیەكی لەگەڵ ساز كردن، بۆ ئەوەی لەبیروڕای ئەوانیش بگات سەبارەت بە شێخ مەحموودو شۆڕشەكەی، ڕەفیق حملی كە یەكێك بووە لەبەشدار بووانی كۆبوونەوەكە دەڵێ: **" بیل پیاوە ناسراوەكانی( ڕەواندز)ی لەماڵی خۆیا كۆكردەوەو ویستی لەلایەن بیروباوەڕیانەوە بەرامبەر بە«شێخ مەحمود»و شۆڕشەكەی گفتوگۆیان لەگەڵ بكا مەبەسی ئەوە بوو بزانێت كە ئەگەر هاتوو دەستەیەك لەهێزەكانی شێخ مەحمود لە زێی كوێی بپەڕێتەوەو یا بێتو« شێخ مەحمود» جواب بۆ عەشایری دیوی كۆیێو ڕەواندز بنێرێتو داوای یارمەتی یا تێكەڵ بوون بەشۆڕشەكەیان لێ بكا بە قسەی ئەكەنو شوێنی ئەكەون یان نە؟. جگە لەمەش لێی پرسین كە ئاخۆ بە لای ئەوانەوە ئەم كارەی شێخ مەحمود یاخی بوونی لەئینگلیز كارێكی ڕاستو باشو بەجێیە یان نە؟ و لەوە گەیشتون كە مەبەستی تەماعەو كەڵكی تایبەتی خۆیو بەس..."**[یر].

ئەڵبەتە كۆبوونەوەو دانیشتنی لەو جۆرە بیروڕای جیاواز لەخۆی دەگرێتو دەمە قاڵێو مشتومڕی تێدەكەوێت، لێرەشدا كاتێك باویل ئاغای[سم] گەورە ناوداری ڕەواندز دێتە وەڵامو لەدژی شێخ مەحموودو

---

[تر]رفیق حلمی، سەرچاوەی پێشوو، ل130.

[یر]رفیق حلمی، سەرچاوەی پێشوو، ل 131-132.

[سم]باویل ئاغا، ناوی تەواوی ئەبوبەكر كوڕی مەلا عەزیز كوڕی مەلا عەبدوڵڵایەو لەڕەواندز لەدایك بووە، دایكی میمەخان كچی حوسێن بەگی داسنییە. ناوبراو

شۆڕشەکەی دەدوێت، دەبێتە هۆی توڕەبوونی ڕەفیق حلمیو کاپتن بێل لەلایەكو، ڕەفیق حلمیو باویل ئاغا لە لایەکی دیکەوە، لەبەر ئەوەی ڕەفیق حلمی دەڵێ:"... **داخەکەم باویل ئاغا ئازایی‌و جوامێری خۆی لەسووکی((شێخ محمودا)) ئەبینی...**"[تر]. بۆیە دەتوانرێ بوترێ، باویل ئاغا بۆ مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیو چاك ڕاگرتنی پەیوەندی نێوان بنەماڵەکەیو دەسەلاتی ئینگلیز لەڕەواندز قسەی بەشێخ مەحموودو شۆڕشەکەی وتووە، بەڵام کاتێك ئەو بەرژەوەندییە پێچەوانە بۆتەوە ئەویش بە چەشنی شێخ مەحموود لەئینگلیزەکان هەڵگەڕاوەتەوە. کە دواتر باسی لێوە دەکەین.

سەرچاوە مێژووییەکان بێدەنگن لەباس کردنی ڕەوشی سیاسیی ڕەواندزو دەورووبەری تا ئەو کاتەی هەولێر دەبێتە لیوا لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی1919 و کاپتن هێی دەبێتە حاکمی سیاسیی تیایدا[يز]. ئیتر لێرەوە ڕەواندز وەکو شارۆچکەیەك دەکەوێتە ناو بازنەی ئەو دەسەڵاتەوەو نەقیب کێرك دەبێت بە یاریدەدەری حاکمی سیاسیی ئینگلیز لەوێدا، بەڵام هەر زوو ناکۆکیو ململانێ دەکەوێتە نێوان یاریدەدەری حاکمی سیاسیی ئینگلیزو

---

بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی کردووەو بەرگری لەشاری ڕەواندز کردووە لەدژی سوپای ڕووسەکان. دواتریش لەگەڵ هاتنی ئینگلیزەکان( دەکرێتە حاکمی ڕەواندز)و پەیوەندی باشی لەگەڵ یاریدەدەری حاکمی سیاسیی ئینگلیز دادەبێت، بەڵام بە هۆی کێشەیەك لەنێوان نووری کوڕیو حاکمی ئینگلیزەکان ئەو پەیوەندییە تێك دەچێتو نامێنێت. کە دواتر باسی لێوە دەکەین. عەلی باویل ئاغا، بیرەوەریەکانی عەلی باویل ئاغا.

[تر]سەرچاوەی پێشوو، ل 133.

[يز]دبليو. أ . هي، سنتان في كردستان 1918-1920، ترجمة: فواد جميل، الجزء الاول ، طبعة الاولى، مطبعة الجاحظ، بغداد ، 1973،ص 219.

نووری باویل ئاغا[تر]، لەبەر ئەوەی نووری باویل ئاغا سەرپێچی فەرمانی نەقیب کێرك دەكاتو، ئەنجام دەستگیر دەكرێت، بەڵام نووری دەتوانێت لەڕێگادا، خۆی لەدەست پاسەوانەکان ڕزگار بکات، بەمەش بە هۆی نەبوونی هێزێکی سەربازی لەناوچەکە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە دەسەڵاتی یاریدەدەری حاکمی سیاسیی بکات نەقیب کێرك ناچار دەكات بارەگاکەی لەڕەواندز بگوازێتەوە بۆ باتاس[یر]. بۆیە بۆشاییەکی کارگێڕی لەڕەواندز دروست دەبێتو، خەڵکی ڕەواندز ناچار دەكات بە پیل داواکارییەوە بچن بۆ گێڕانەوەی دەسەڵات. هەر بۆیە هێی ئاماژە دەكاتو دەڵێ: لە ژێر داواکاری

---

[تر]کێشەی نێوان حاکمی ئینگلیزەکان لەڕەواندز لەگەڵ نووری باویل ئاغا لەسەر پۆلیسێکی لاوی خەڵکی دەرگەڵە بوو، لەبەر ئەوەی ئەو پۆلیسە بە غەدرو بە دەستی ئەنقەست لەڕێگای نێوان ڕەواندزو دەرگەڵە کابرایەکی عەرەبی مووسڵاوی بازرگان دەکوژێتو هەڵدێتە گوندی ڕۆستێ. یاردەدەری حاکمی سیاسیی بریتانیش نووری باویل ئاغا بەکاری دەستگیرکردنی ئەو تاوانبارە ڕادەسپێرێتو نووریش دەستگیری دەكات. بەڵام دوای هێنانەوەی بەندییەکە بۆ ڕەواندز دێنێو فەرمانی لەسێدارەدانی لە لایەن کاپتن کێرکەوە بۆ دەردەچێت، نووری لەسەر فەرمانی باوکی سەرپێچی لەو فەرمانە دەكات، لەبەر ئەوەی ناوبراو ئەو لاوەی دەستگیری کردووە نەکا لەدوا ڕۆژ دوژمنداری بۆ بنەماڵەکەی لەگەڵ میرانی دەرگەڵە دروست بکات. ئیتر سەرکێشی کردن لەو بڕیارە دەبێتە سەرەتای ناکۆکی نێوان نووری باویل ئاغاو ئینگلیزەکان. عەلی باویل ئاغا، بیرەوەریەکانی عەلی باویل ئاغا.

[یر]ستیفن همسلي لونگريك، العراق الحديث من سنة 1900 الى سنة 1950 تاريخ سياسي، اجتماعي، واقتصادي، ترجمة: سليم طه التكريتي، الجزء الاول، الطبعة الاولى، بغداد، 1988، ص 170؛ المس بيل، المصدر السابق، ص215.

**زۆری ئەوان ناچار بووین حاجی نەورۆز ئەفەندی[تز] لە ڕەواندز دابمەزرێنین[یو].**

**هێی حاکمی سیاسیی هەولێر بەمەبەستی سەردانو تێگەیشتن** لەڕەوشی ڕەواندز لە10ی کانوونی یەکەمی 1919 دەچێتە ئەوێو لەگەڵ گەورە پیاوانی ناوچەکە کۆبوونەوە ساز دەکا، کاتێکیش حاجی نەورۆز ئەفەندی دەست لەکار کێشاوەنەوەی خۆی ڕادەگەیەنێت، بڕیاری ئەوە دەدرێت ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی[سم] بکرێت بە حاکمی ڕەواندز. سەبارەت بەمە حاکمی سیاسیی هەولێر دەڵێ:" **دوای نیوەڕۆی 15ی مانگ هەموو گەورە پیاوانمان بانگێشت کرد، هەروەها گەورەی هۆزی(شێروان)و(برادۆست)یش ئامادەبوون، دڵنیگەرانی خۆمم ڕاگەیاند بەدەست لەکار کێشانەوە حاجی نەورۆز لەکارەکەی، بەیانمان کرد کەوا ئیسماعیل بەگ لەشوێنی ئەوە،...،**

---

[تز]حاجی نەورۆز لە نەوەی وەستا ڕەجەب دروست کەری تۆپەکانی سەردەمی میر محەمەد پاشای ڕەواندزە، ئێستاش بنەماڵەیەکی بەناوبانگن لە ڕەواندز، بە داخەوە زۆرم هەوڵدا شتێك دەبارەی مێژووی ژیان و مردنی بزانم لەگەڵ کارەکانی، بەڵام دەستم نەکەوت.

[یو]المصدر السابق، الجزو الاول، ص 237.

[سم]ئیسماعیل بەگ کوڕی سەعید بەگ کوڕی عەولا پاشا کوڕی بەکر بەگ کوڕی بایز بەگی باپشتییە، بەکر بەگ مامی میر محەمەد پاشای ڕەواندزییە. ئیسماعیل بەگ ساڵی 1895 لە ڕەواندز لە دایك بووە، لە تەمەنی نۆزدە ساڵی بۆتە حاکمی ڕەواندز و دواتریش بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی حکومەتی عیراقی کە ڕۆڵی کاری تیایدا لەو ماوەیەدا بنیوە( کە دواتر باسی لێوە دەکەین) ، ناوبراو گەلێك بە پەرۆشی خزمەتکردنی کوردستان بە گشتیو ناوچەکەی بە تایبەتی بووە تا لە 8ی حوزەیرانی 1933 لە دۆڵی نیشاوی لە لایەن بنەماڵەی باویل ئاغا کە دوژمنداری یەکتر بوون دەکوژرێت. ئەحمەد حەمەد ئەمین ئۆمەر، سەر چاوەی پێشوو، ل 27.

**هەموو ئامادەبووان بەکۆمەڵ ڕازی بوون لەسەر هەڵبژاردنیو هەر یەکە لەمحەمەد ئاغا و ئەحمەد ئاغا[ مەبەستی محەمەد ئاغای باڵەکیانو ئەحمەد ئاغای سەرۆکی هۆزی شێروانە- توێژەر] وتارێکیان پێشکەش کردو داوایان کرد کەوا هەموویان لەتەك ئیسماعیل بەگ هاوکاری بکەن لەچاککردنەوەی ڕەوشی خراپی ڕەواندز، لەجێگەی ئەوەی کاری خراپو ململانێی شەخصیو نانەوەی ئاژاوە ئەنجام بدەن،...، باویل ئاغا ئەوەی وت(من لە پەیوەندیم لەگەڵ ئیسماعیل بەگ چاك دەبم مادام چاکە بەچاکە بگۆڕدرێتەوە)"**[تر]. لێرەشدا دەتوانرێ بوترێ، ئەگەرچی باویل ئاغا دڵسافیو دڵپاکی خۆی بۆ ئیسماعیل بەگ دووپات کردۆتەوە، بەڵام ئەوە نەبۆتە هۆی کۆتایی هێنان بەململانێو دوژمنداری ئەو دوو بنەماڵەیە، ئەگەر بزانیین لەدواتر هەڵکردنی ئاگری نێوانیان ئینگلیز ڕۆڵی تیایدا بینیوە.

بەردەوامی سەرکێشی نووری باویل ئاغا لەدەسەڵاتی ئینگلیز ئەوەندەیتر ڕكوکینەی ئینگلیزەکان بەگشتیو هێی بەتایبەتی ئەستور ترکرد، بۆیە لەکاتی گەڕانەوەکەی لەڕەواندز فەرمانی بەنەقیب لیتلدیل یاریدەدەری حاکمی سیاسییدا کەوا بەهەر شێوازێك بێت دەبێ نووری دەستگیر بکرێت، دوای گەڕانەوەی هێی، نووری دەگەڕێتەوە ڕەواندز بێ ئەوەی چەند ڕۆژێك قسەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام دواتر نەقیب لیتلدیل یاریدەدەری حاکمی سیاسیی توانی فریوی بداو دەستگیری کاتو ڕەوانەی هەولێری بکات[یر].

---

[تر]هي، المصدر السابق، الجزء الثاني، ص 25.

[یر]عەلی باویل ئاغا، بیرەوەریەکانی عەلی باویل ئاغا؛ مستەفا جندیانی، چەند لاپەرەیەکی پشنگدار لە مێژووی شۆرشی گەلی کورد لە ڕواندز 1918-1922، بەشی یەکەم ، گۆڤاری رواندز، ژمارە(2) ، ساڵی 1998، ل 40.

ئەنجام نووری باویل ئاغا لە29ی حوزەیرانی1920 لەهەولێر لەلایەن هێیەوە دادگایی دەکرێتو، حوکمی پێنج ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێنرێت. بەڵام لێرەدا دەبێت لەلایەك ئاماژە بۆ ئازایی‌و چاونەترسی نووری بکەین کە جوامێرانە توانیویەتی لەبەردەم دادگا پارێزگاری لەخۆی بکات لەبەرانبەر ئەو تاوانانەی کە خرابوونە ئەستۆی، لە لایەکی دیکەشەوە پێشانی ئەوە بدەین کە ترس‌و دڵە ڕاوکێی ئینگلیزەکان لەنووری گەیشتۆتە ئەو پەڕی، ئەگەر بزانیین بەبەندکردنی حاکمی گشتی مەلەکی بریتانی لەبەغدا بروسکەی دەست خۆشی بۆ حاکمی سیاسیی هەولێر ڕەوانە کردووەو، ڕەوشی ئارامی‌و هێمنی ڕەواندزی بە بەندکردنی نووری باویل ئاغا بەستاوەتەوە[تر].

حاکمی سیاسیی هەولێر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەخافلەتی بڕیاری گواستنەوەی نووری یان داوە لەهەولێرەوە بۆ کەرکوك لەجێگای ئەوەی ڕەوانەی مووسڵی بکەن، لەبەر ئەوەی نەکا نووری لەڕێگای هاوڕێکانییەوە لەمووسڵ بتوانێت ڕابکا، ئەوە لەلایەك‌و، لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر تەماشا بکەین ئەو کاتە مووسڵ بنکەی پروپاگەندە بووە لەنێوان کوردەکانی ئاکرێ‌و ڕەواندز کە ئینگلیز لێ ترساون[یر]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نووری باویل ئاغا دوای ڕەوانەکردنی بۆ کەرکوك لەوێشەوە بۆ بەغدا توانی لەدەست پاسەوانەکان خۆی ڕزگار بکا. ئەڵبەتە بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگ‌و باسە ئینگلیزەکانی هەراسان کرد، بۆیە نەقیب دیکینسن هەڵسا بەبەند کردنی باویل ئاغاو، هێیش بەتەلەفۆن فەرمانی بەئیسماعیل بەگ کرد کە براکانی نووری دەستگیر بکا، بۆ ئەومەبەستەش

---

[تر] هي، المصدر السابق، الجزء الثاني، ص ص 73،79.

[یر] هي، نفس المصدر ، ص 79.

ئیسماعیل بەگ لە29ی تەمموزی1920 پیاوەکانی ڕەوانەی سەر ماڵی باویل ئاغا کرد تا کوڕەکانی دەستگیر بکا، ئەنجام لەنێوان پیاوەکانی ئیسماعیل بەگو براکانی نووری بووە شەڕو دوو برای بەناوی کەریمو مستەفا لەگەڵ کوڕێکی کوژرانو دوو براکەی دیکەشی ڕایان کردە چیا. سەبارەت بەو ڕووداوە لەسەرچاوەکاندا بیروڕای جیاواز هەن، هەندێك ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەوا کوشتنی دوو کوڕەکەی باویل ئاغا بەدەستی پیاوەکانی ئیسماعیل بەگ دەستی ئەنقەستی تیادا بووەو مەبەستیان تۆڵە سەندنەوە بووە، کەچی هەندێکی دیکە دەڵێن نەخێر کوڕەکانی باویل ئاغا سەرکێشیان کردووەو خۆیان بەدەستەوە نەداوە، بۆیە پیاوەکانی ئیسماعیل بەگ تەقەیان لێکردوونو کوژراون[٦٣]. لێرەدا دەتوانرێ بوترێ، کوشتنی دوو کوڕەکەی باویل ئاغا بە هەر پاساوێك بووبێ، ئەوەندەی دی ڕکوکینەی نووری بەرانبەر ئینگلیزەکان ئەستووتر کردووەو کێشەو دوژمنداری نێوان هەر دوو بنەماڵەی ئیسماعیل بەگو باویل ئاغایشی جارێکی دی هێناوەتەوە گۆڕێو ململانێیەکەی نێوانیانی گەرمتر کردووە.

نووری دوای گەڕانەوەی بۆ ناوچەکە دەستی کرد بەپەیوەندی کردن بەنەیارانی ئینگلیز، لەوانە حارس ئاغای بیاوێو شێخانی بارزانو شێخەکانی سورچی کە هەموویان بەڕووی ئینگلیزەکاندا هەڵگەڕابوونەوە، چونکە پشێوی ناوچەکانی زاخۆ، ئامێدی، بارزانو ئاکرێ گرتبۆوەو، ئینگلیزەکان بێ پسانەوە ڕووبەرووی گرفت هاتبوونو گەلێك لەو ئەفسەرانەی کە بە مەبەستی ڕاوێژو سەپاندنی دەسەڵات ڕەوانەی ناوچەکان

---

[٦٣]هاملتون، المصدر السابق، ص 222.

کرابوون کوژران[تا]. بێ گومان ئەو پشێویە ڕەواندزیشی گرتەوەو، شەڕوهەرای ناوەخۆش ئەوەندیتر خەڵکی تووشی نائۆمیدی کرد. هەر بۆیە لە12ی ئابی1920 لەڕێگای گەڕانەوەی لەگەروی گەلی عەلی بەگدا هێیی‌و خێزانەکەی کەوتنە بەردەست ڕێژی تەقەو پەرجووانە ڕزگاریان بوو[یا].

بەردەوامی گەڕان‌و سوڕان بە ناو هۆزەکانی ناوچەکە، ئەنجام زیادبوونی ژمارەی هەوادارانی نووری لێکەوتەوە، بەتایبەت کاتێك هۆزی گەورەی هەروتی هاتنە پاڵییەوە، بەمەش مەترسی خستە سەر دەسەڵاتدارانی ئینگلیز بەگشتی‌و حاکمی سیاسیی هەولێر بەتایبەتی، هەر لەبەر ئەوە بیری لەچوڵکردنی ڕەواندز کردەوە، بەڵام نەقیب لیتلدیل یاریدەدەری حاکمی سیاسیی ئینگلیز ئەو مەترسییە لەڕەواندز ئەوە ڕەت دەکاتەوەو دەڵێ: **"پێویستە ئەوە نەوترێ کە ترسی نووری بریتانییەکانی ناچار کرد بە خێراییی‌و بەبێ بەرگری ڕەواندزییان چۆڵکرد"**[سا].

هەولێرنامەی کتێب

---

[تا]جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێڕانی: کوردۆ، بێ شوێنی چاپ 1985، ل146؛ د. کمال مظهر أحمد، دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية، مطبعة الحوادث، بغداد، 1978، ص 87-88؛ د.عەبدوڵلا ئەبریشەمی، نەتەوەخوازی، وەرگێڕانی: سەلاحەدین ئاشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، بێ ساڵی چاپ، ل159.

[یا]السر أرنولد ويلسن، المصدر السابق، ص 116؛ د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، 1985، ل 168.

[سا]هي، المصدر السابق ، الجزء الثاني، ص 115.

دوای پەڕینەوەی هۆزی سورچی[تر] لە بەری بادینان بەسەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵڵاو شێخ ڕەقیبو شێخ مازۆ لەزێوە بۆ ئەم دیوو تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ هێزەکەی نووری باویل ئاغا، ئەنجام هێرشیان کردە سەر بنکەی ئینگلیزەکان لە گوندی بەردین[ير]، هەروەها لە ڕۆژی27ی ئاب1920 توانیان هێڵی پەیوەندنی نێوان باتاسو هەولێر ببڕنو بۆ ڕۆژی دواتریش دەست بەسەریدا دابگرن، بەمەش مەترسیان خستە سەر هەریرو هەڵیان کوتایە سەریو توانیان ئینگلیزەکانی لێوەدەرنێن، لێرەشدا سەرچاوەکان ئاماژە بۆ زیانێکی زۆری ئینگلیزەکان دەکەن لەگەڵ دەسکەوتێکی چاك بۆ ڕاپەڕیوان لەکاتی دەست گرتیان بە سەر ناوچەکان[سم].

جێگای ئاماژە بۆ کردنە دابەش بوونی هێزی ڕاپەڕیوان بەسەر سێ قۆڵدا کە پێك هاتبوون لە: شێخانی بجێل کە ئەرکی پاراستنی هەریرو باتاسیان لەئەستۆدا بوو، هەروەها باویل ئاغا گرتنی بەری شەقلاوەی پێسپێردرابوو، نووریش هێزە سەرکییەکەی سەرپەرشتی دەکردو کاری ئەو

---

[تر]هۆزی سورچی: هۆزێکی گەورەن و بە شێکی زۆریان لەناو سنووری ئێران دانو بەشەکەیتریش لەعیراق لە ناوچەکانی ڕەواندزو ئاکرێ هەن. عباس العزاوی، المصدر السابق، ص 137.

[ير]گوندی بەردین. دەکەوێتە بەرانبەر گوندی بێخەمە – قەندیل سەر بە ناحیەی هەریرە.

[سم]عبدالمنعم الغلامي، ثورتنا في شمال العراق 1337-1338هـ 1919-1920م، الجزء الاول ، مطبعة شفيق، بغداد، 1966، ص 89؛ د. حامد محمود عسى، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، مكتبة مدبولى، مطبعة اطلس، القاهرة، 1992، ص 131؛ عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل، هەولێر و شۆرشی (1920)ی عیراقی، گۆڤاری هەولێر، ژمارە(16)، هەولێر ، پاییزی 2002، ل 113.

گرتنی خەلیفان[تر] وکانی وەتمان[یر] و ڕەواندز بوو. نووری هێرشی کردەسەر بنکەی ئینگلیزەکان لە کانی وەتمان کە ئامانجی دەستگرتن بەسەریدا نەهێشتنی بنکە سەربازییەکەو دەستگرتن بەسەر ئەو چەكو تفاقو خۆراکە زۆرەی ئەوێ بوو، ئەوە سەرەڕای ئەوەی دەستگرتن بەسەر کانی وەتمان کۆنترۆڵکردنی ڕێگای نێوان ڕەواندز هەولێرو نیمچە گەمارۆدانێکی ڕەواندز بوو. بۆیە لە29ی ئابی1920 دەستیان گرت بە سەر کانی وەتمانو ئینگـیزیان لێ وەدەرنا[سم].

هەواڵی دەستگرتن بەسەر کانی وەتمان کاریگەری کردەسەر گیانی ئەو هێزەی لەڕەواندز بوو کەپێك هاتبوو لە: نەقیب دیکینسنو هێزەکەی، ئیسماعیل بەگ، شێخ محەمەد ئاغای والآش[شم]، محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی[لھ]، میر محەمەد بەگی دەرگەڵەییو ئاغاکانی برادۆست، بۆیە کەوتنەخۆ ئامادەکردن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاپەڕیوان، بەڵام ئەمانیش خۆیان نەگرتوو لەڕێگای والآشو دەربەندی ڕانیە بۆ کۆیەو لەوێشەوە بۆ

---

[تر]خەلیفان: بە دووری نەوەت کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی هەولێرەوەیە.

[یر]کانی وەتمان: ئێستا گوندێکە دەکەوێتە پشتی خەلیفان.

[سم] عەلی باویل ئاغا، بیرەوەریەکانی عـەلی باویـل ئاغـا؛ مسـتەفا جونـدیانی، چـەند لاپەرەیەك لە مێژووی شۆرشی کورد لە رواندز، بەشـــــی دووەم، گۆڤاری روانـدز، ژمـــارە( 3 -4)، ساڵی 1999، ل 30.

[شم]والآش دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی قەسرێ ئێستاکە.

[لھ]محەمەد عەلی ئاغا جوندیانی، یەکێکە لە پیاوە ناودارەکـانی ناوچـەی ڕەوانـدز، کـە دواتر کراوەتە سەرۆکی شارەوانی ڕەوانـدز، هـەروەها بۆتـە ئەنـدامی ئەنجوومـەنی نوێنەرانی عیراق، ناوبراو لە ساڵی1953 کۆچی دوایی کردووەو لە ڕەواندز نێژراوە. ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، سەرچاوەی پێشوو، ل 82.

هەولێر هەڵاتن[تر]. ئیتر لەئەیلولی1920 ئینگلیز دەسەڵاتی لەڕەواندز نەما، بەڵام جارێکیتر ڕەواندز کەوتە بەرتاڵانو بڕینو کاولکردن لەسەر دەستی سورچییەکانا، بۆیە حوسێن حوزنی موکریانی دەڵێ:"**... بەم جۆرە ئەوەی لەدەس رووسو ارمنیو أسوری رزگاربون ئەم جارە لەدەست سورچیەکان دا تووشی ئەزیەتو نەبوونی بوون**"[یر]. ئەنجام ڕەواندز جارێکیتریش ئاوەدانی کەمی تیایدا مایەوەو، ئەوەی مابوونەوەش تەنیا چەکدارو هەوادارانی بنەماڵەی باویل ئاغا بوون، بۆیە هاملتۆن لەسەر زاری خەڵکی دەڤەرەکە دەگێڕێتەوەو دەڵێ:"**...باویل ئاغاو کوڕەکەی نووری لەڕەواندز حوکمڕانیان دەکرد، بەڵام بەبێ ڕەعییەت چونکە خەڵکی شارۆچکەکە کۆچیان کردبوو**"[سم]. لێرەشدا دەتوانرێ بوترێ، خراپی مامەڵە کردنی هێزی ڕاپەڕیوان بەگشتیو سورچییەکان بەتایبەتی لەڕەواندزدا، خەڵکی ناچارکردووە کەوا کۆچ بکەنو ڕەواندز بەجێ بهێڵن، لەبەر ئەوەی ڕاپەڕینەکە ئامانجی سەربەخۆییو ئازادییو بەرنامەیەکی ئەو تۆی بەدەستەوە نەبوو، بەڵکو لەچەند لایەك پێکهاتبوون کەوا لەرکوکینەیان بەرانبەر ئینگلیزو پیاوەکانیان ڕاپەڕیبوون، لەوانە شێخانی بجێل خۆیان لەناوچەکانی ئاکرێ لەسەر داواکاری زێبارییەکانو شێخانی بارزان ڕاپەڕی بوون بەرانبەر بەئینگلیزەکانو شکابوونو هەڵاتبوونە ئەو ناوچانە[شم].

---

[تر] هي، المصدر السابق، الجزء الثاني، ص 166؛ د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، ل 169.

[یر] سەرچاوەی پێشوو، ل 119.

[سم] المصدر السابق، ص 224.

[شم] عبدالمنعم الغلامي، المصدر السابق، ص 84 و مابعدها؛ د. حامد محمود عسى، المصدر السابق، ص ص129-130؛ د.عزيز الحاج، القضية الكردية في العشرينات، الطبعة الثانية، مطبعة الانتشار، بغداد، 1985، ص ص 115-117.

لەولاشەوە براکانی یوسف بەگی بگۆك براکەیان لەسەر دەستی ئینگلیزەکان کوژرابوو هەولّی تۆلّە سەندنەوەیان دەدا[تر]. هەروەها بنەمالّەی باویل ئاغاش دوژمنو قین لەدلّی ئینگلیزەکانو ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی بوون بەتایبەت دوای کوشتنی دوو کوڕەکەی. کەواتە ڕاپەڕینەکە تەنیا دژە کرداریّك بووە.

ئەلّبەتە بوونی ڕەواندز بە شوێنگەی حەوانەوەی ئەو کەسانەی لە دەسەلاّتی ئینگلیز یاخی ببوون، پیّویستی بەهیّزیك هەبوو بۆ ئەوەی پشتی پیّ ببەستنو هاریکارییان بکات، بۆیە کاتیّك ئەحمەد تەقی[یر] بەمەبەستی تیّگەیشتن لەڕەوشی سیاسیی سەردانی ناوچەکانی قەلاّدزەو پشدەر دەکات، بەبیستنی دەنگوباسی ڕەواندز دەچیّتە ئەویّو دەلّیّ:"**...بۆ سبەینی گەیشتمە ڕەواندزو چوومە لای غفورخان [مەبەستی غفور خانی ناودەشتە-تویّژەر] تیّم گەیاند کە هەموو لایەك[ مەبەستی ناوچەکانی قەلاّدزەو**

---

[تر]یوسف بەگ: زاوای حاجی نەورۆز ئەفەندی بوو کاتیّك میّجەر نوئیّلّ هاتە ناوچەکە کردی بەسەرداری هەندیّ لە ناوچەکانی دەوروبەری ڕەواندز، بەلاّم بە هۆی سەر کیّشی کردنی لەدەسەلاّتی ئینگلیزەکان لەدواتردا هەولّی ئەوەیاندا لەناوی ببەن، ئەنجام دوای گیرانی لەسەر مەسەلەکی کەسیّتی لە شەویّکدا خنکیّنرا. هي، المصدر السابق، الجزء الثاني، ص ص 9-10، 15-22.

[یر]ئەحمەد تەقی کەسایەتییەکی نشتیمانپەروەری خەلّکی سلّیمانی بوو. وە بەیەکیّك لەکەسایەتییە نزیکەکانی شیّخ مەحموود دەژمیّردریّت، ناوبراو ڕۆلّی کاریگەری هەبوو لەهیّنانەوەی هیّزی تورکەکان بۆ باشووری کوردستان بەگشتیو ڕەواندز بەتایبەتی کەدواتر باسی لیّوە دەکەین. ناوبراو لە 13ی کانوونی دووەمی 1960 کۆچی دوایی کردووە. جەلال تەقی، خەباتی گەلی کورد لە یادداشتەکانی ئەحمەد تەقی دا لاپەرەیەك لە شۆرشەکانی شیّخ مەحمود، سمکۆ، "هەستانەکەی رەواندز و پەیوەندی بە وولاّتانەوە"، چاپخانەی سلمان الاعظمی، بەغدا، 1970.

پشدەرە- توێژەر] ئامادەن پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ شۆڕشی ڕەواندز ببەستن، پاش کەمێك لەگەڵ غفور خان چووینە لای شورشگێرەکانو لەگەڵیاندا کۆبووینەوە، لەم کۆبوونەوەیدا باویل ئاغاو نوری کوڕیو حمەشینی سەر چیاو خدری کوڕیو شێخانی بجێلو شێخ کاکە ئەمینو ئەحمەد بەگی بگۆك شورشگێرەکانیتر ئامادە بوون...هەموویان هاتبوونە سەر ئەوەی کە پێویستە هێزێکی وا هەبێ کورد پشتی پێ ببەستێ گومانیش نەبوو کە مەبەستیان لەم هێزە تورك بوو کە دژی ئینگلیز پشتی پێ ببەستن، وە دەریشیان خست کە لەئینگلیز تەواو مەئیوس بوونو هیچ هیوایەکیان پێ نەماوە... هەر کردەوە ناڕەواکانی ئینگلیزیش بوو کە هێنا بووینە سەر بیوڕایەك کە بە تێکرایی هەموویان بریار بدەن لەشکری تورك بهێنە ڕەواندز بۆ رزگار بوون لەدەسەڵاتی ئینگلیز بە رادەیەکی وا کەوتبوونە پەیوەندی بەستن لەگەڵ والی (وان)دا وتیان کە وەرامی پشتگیریشیان لێ وەرگرتۆتەوەو نامەکەی والیان پیشان دام کە پڕ بوو لە هاندانو پشتگیری"[تا].

ماوە بلێین ڕاپەڕیوانی ڕەواندز پێشتر پەیوەندییان بە سمکۆی شکاك[یا] کردبووو داوای هاوکارییان لێ کردبوو، بەڵام سمکۆ وەڵامی دابوونەوە کە

---

[تا]جەلال تەقی، هەمان سەرچاوە، ل ل 44-45.

[یا]ئیسماعیل ئاغا ناسراو بە سمکۆ کوڕی محەمەد ئاغای سەرۆکی هۆزی شکاکە لە ساڵی 1895 لە دایك بووە، دوای مردنی باوکیو کوشتنی جەعفەر ئاغا برای دەسەڵات دەگرێت دەستو سەرکردایەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتە ئەستۆ، ناوبراو گەلێك جار بەر رووی دەسەڵاتدارانی ئێرانی و تورکی شۆڕشی هەڵگیرساند هەر ئەوەش بوو مەترسی بۆ ئەوان دروست کرد، بۆیە بەردەوام هەوڵی لەناو بردنیاندا تا بۆسەیان بۆنایەوە لە شنۆ ساڵی 1930کوشتایان. بۆ زیاتر زانیاری بروانە: کریس کۆچێرا، کورد لە سەردەی نۆزدە و

سەرەتا ڕاپەڕینەکە لە ناوچەکانی ئێران ئەنجام بدەنو دواتر بگەڕێنەوە ئەو ناوچەیە، بۆیە ئەوانیش بەو داواکارییەکەی سمکۆ ڕازی نابن[تڕ]. کەچی نووسەرێك لەو بارەیەوە دەڵێ:" **ئەمانە ویستیان کە اسماعیل ئاغا سمکۆشیان لەگەڵ بێت نوسراوێکیان بۆ نارد داوای یارمەیتان لێ کرد، ئەویش کە زانی ئەمانە جولانەوەکەیان بێ سەرییەو ئامانجێکی نیشتمانی نیە یارمەتی نەدانو وەڵامی نەدانەوە...**"[یڕ]، بەڵام لەڕاستیدا سمکۆ لەو ڕۆژانەدا نەیدەویست دڵی ئینگلیزەکان لە خۆی برەنجێنێتو بە هیوای ئەوە بوو هاوکاری بکەن بۆ ئەنجام دانی ڕاپەڕینێك لە دژی ئێرانییەکاندا[سڕ].

ئیتر لێرەدا تاکە هیواو ئاواتو پشتیوانی ڕاپەڕیوانی ڕەواندز هێنانی هێزێکی تورك بوو، تا پارێزگاری خۆیانی پێ بکەن. بۆیە ئەحمەد تەقی دەڵێ:"**... کەلێکم دایەوە بیروڕای عەشایرو ئەهالی قەزای پشدەرو ڕانیەش هەمان شتە، لەبەر ئەوە بەداواکاری شۆرشگێڕەکان ڕازی بووم کە بەنوێنەرو ناوی ئەوانەوە بچمە وانو لەبارەی هێنانی سوپاو هێزی تورکەوە بۆ ڕەواندز لەگەڵ قەدری بەگی والیدا گفتوگۆ بکەم**"[شڕ].

---

بیست دا، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، چاپخانە و ئۆفسێتی شڤان، سلێمانی،2003، ل51 بەدواوە.

[تڕ]جەلال تەقی، سەرچاوەی پێشوو، ل 45.

[یڕ]ڕەمزی قەزاز، بزووتنەوەی سیاسی و روشن بیری کورد لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، چاپخانەی ژین، 1971، 136.

[سڕ]محمد رسول هاوار، سمکۆ( ئیسماعیل ئاغای شوکاك)و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، چاپخانەی ئاپێك، سوید، ستۆکهوڵم، 1995، ل 333؛ حەسەن ئەرفەع، کوردەکان، وەرگێڕانی: سەردار محەمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2001، ل 166,

[شڕ]جەلال تەقی، سەرچاوەی پێشوو، ل 45.

بەم شێوەیە کوردەکانی ناوچەکە خۆیان جارێکیتر چوون بە پیل داواکاریو هێنانەوەی هێزی داگیرکەری تورك بۆ نێو خاکی کوردستان، ئەو تورکانەی کە بەدرێژایی چەند سەدە بوو دەیان چەوساندنەوەو هیچ مافێکیان پێ ڕەوا نەدەدیتن. تورکەکانیش لەبەرانبەر ئەو داواکارییە بێ سێو دووی لێ کردن، دوای ماوەیەك توانیان هێزێك ڕەوانەی ڕەواندز بکەن، کە لە تەوەری داهاتوو بە چڕی باس لە هاتنی ئەو هێزەو چالاکییەکانی لە ناوچەکەدا دەکەین.

هەوالنامەی کتێب

## تەوەری دووەم:

## هاتنەوەی تورك بۆ ڕەواندز و ڕۆڵی ئۆزدەمیر پاشا[] لە ناوچەکەدا

دوای ئەوەی ڕاپەڕیوانی ڕەواندز کەوتنە بیری ئەوەی هاوکاریو هەماهەنگی لەتورکەکان وەرگرنو، ئەحمەد تەقییش ڕازی بوو ببێت بەنومایندەی ئەوان. لەتشرینی یەکەمی1920 ئەحمەد تەقی بەهاوڕێیەتی لەگەڵ فەتاحی شانەگەرو حەمیدی پیاوی شێخ ئەمینی سندۆڵان لەڕەواندزەوە بەرەو نەهری[یر] بەڕێکەوتن[سم].

ئەحمەد تەقی لەنەهری چاوی بەمەحموود فازڵی وەکیلی قائیمقام کەوتو، لەگفتوگۆی نێوانیان مەحموود فازڵ ئاماژەی بەباشی پەیوەندی کەمالییەکان لەگەڵ کوردەکانی باکوورو سمکۆی شکاك دەکات. هەر بۆیە ئەحمەد تەقی ئەو هەلە دەقۆزێتەوەو لەڕێگای گەوەرەوە[شم] دەچێتە چاری[تر]

هەواڵنامەی کتێب

---

[تر]عەلی شەفیق ناسراو بە ئۆزدەمیر ئەفسەرێکی لێهاتووی تورك‌و لایەنگیری مستەفا کەمال بوو، بەڕەگەز لەچەرکەسییەکانی میسر بوو، لەحوزەیرانی 1922 هاتە ڕەواندزو ڕۆڵی کاریگەری بینی(کە دواتر باسی لێوە دەکەین). د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەرەیەك لەمێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، ل120.

[یر]نەهری: مەرکەزی ناوچەی شەمدینانە لەهەرێمی هەکاری کە دەکەوێتە سنووری کۆماری تورکیای ئێستاوە. محمد امین زکی، المصدر السابق، ص 73.

[سم]جەلال تەقی، سەرچاوەی پێشوو، ل 46.

[شم]گەوەر: دەکەوێتە هەرێمی هەکارییەوە لەدیوی سنووری کۆماری ئێرانی ئێستاوە. محمد امین زکی، المصدر السابق، ص 339.

لای سمکۆی شکاك تا لەڕەوشی ڕەواندز ئاگاداری بکات، بەڵام سمکۆ لەوتەکانیدا بە ئەحمەد تەقی دەڵێ:" **ئێستا ئینگلیز زۆر بە هێزەو بە ڕەنگاری کردنی لەشکرەکانیان زۆر گرانە. لەو بروایە شدانیم کە تورك بە هێزەوە بەشداری بزوتنەوەکەی ڕەواندز بکات، من وا بە باشتر ئەزانم کە هەوڵ بدەین لەئێراندا بزووتنەوەکەمان بەهێز بکەین‌و لێرە بتوانین کورد یەك خەین‌و پارێزگاری بکەین ئەمە بۆ وەزعی ئەمرۆمان زۆر باشترە**"[یر].

شیاوی باسە لەدەمی مێوانداری ئەحمەد تەقی لای سمکۆی شکاك تەلەگرافێك لەقەدری بەگی والی وانەوە بۆ سمکۆ دێت‌و داوای ئەوەی لێ دەکات کە بەزووترین کات نوماینەدەی ڕاپەڕیوانی ڕەواندز ڕەوانە بکات، کاتێکیش ئەحمەد تەقی دەچێتە وان بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك گفتوگۆو ڕاوێژ لەتەك والییدا دەکات سەبارەت بە ڕەوانەکردنی هێزێکی تورك بۆ ڕەواندز، قەدری بەگیش حکومەتی ئەنقەرەی لێ ئاگاردار دەکات، ئەنجام بڕیاری هەناردنی هێزێکی تورك بە سەرکردایەتی محێیەددین بەگ بۆ ڕەواندز دەدرێت[سم]، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە کەمالییەکان دەمێك بوو لەدەرفەتێکی وا دەگەڕان تاسوود لەڕقی هەڵچووی کوردەکان وەربگرن لەدژی ئینگلیزەکان‌و، شوێن پێگەیەك بۆ خۆیان لەناوچەکەدا دامەزرێنن‌و،

---

[تر]چاری(چەهریق) مەڵبەندو شوێنی سەرەکی سمکۆی شکاك بوو کە دەکەوێتە نزیك سنووری تورکیاوە لەو پەری باکووری دەریاچەی ورمێیەوە. محمد رسول هاوار، سمکۆ(ئیسماعیل ئاغای شوکاك)، ل 264.

[یر]جەلال تەقی، سەرچاوەی پێشوو،ل 47.

[سم]هەمان سەرچاوە، ل 49.

لەڕێگای ئەوەوە پڕوپاگەندە بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتیان بۆ ویلایەتی مووسڵ بکەن[تر].

ئەحمەد تەقی لەسەر فەرمانی قەدری بەگی والی، فەتاحی شانەگەر بۆ ڕەواندز ڕەوانە دەکاتەوە تا لەهەواڵی ناردنی هێزی تورك ئاگادارییان بکاتەوە، ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەشەوە قەدری بەگ، حەمیدی پیاوی شێخ ئەمین‌و قوماندانێکی خۆی ڕەوانەی لای عەباسی مەحموود ئاغای پشدەری دەکات بۆ دڵنیابوون لەهەڵوێستی ئەوانەوە. کاتێکیش هەر یەك لە فەتاحی شانەگەرو حەمیدی پیاوی شێخ ئەمین بەجیا دەگەڕێنەوەو هەواڵی پەلەکردن لەچوونی هێزی تورك بۆ ئەو ناوچانە دەهێننەوە وەرزی بەهار دادێت‌و هێزەکەی تورك بەرەو نەهری دەکەوێتە ڕێوە[یر].

سەرچاوە مێژووییەکان سەبارەت بەمێژووی هاتنی هێزەکەی تورك بۆ ڕەواندز زانیاری جیاواز دەدەن بەدەستەوە، ئەحمەد تەقی لەیادداشتەکانیدا دەڵێ:"**... لە نیسانی1922دا لەگەڵ محیالدین بەگی یوزباشیدا حەرەکەتمان کرد**"[سم]. کەچی ڕەفیق حلمی لەسەر زاری ئەحمەد تەقی دەیگێڕێتەوە گوایە هێزەکە لە مایسی1921 هاتۆتە ڕەواندز[شم]. جگە

---

[تر]ئەحمەد باوەر، ئۆزدەمیرو کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفسێتی بابان، سلێمانی،2000، ل26؛ سیامەند قادر عەلی، هاتنەوەی تورك بۆ کوردستانی خواروو 1921-1923، گۆڤاری بیری نوێ، ژمارە( 23) ، تشرینی یەکەم - تشرینی دووەم 1999، ل 65.

[یر]جەلال تەقی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل 49-50.

[سم]هەمان سەرچاوە، ل 51.

[شم]رفیق حلمی، سەرچاوەی پێشوو، ل 549.

لەوەش هەیانە ئاماژە بۆ حوزەیرانی1921دەکەن[٣٨]، بەڵام جیا لەوانە لەتەلەگرافێکی کۆمیسیاری باڵا بریتانی لە بەغدا کە بۆ وەزیری موستەعمەراتی بریتانی لە لەندەن ڕەوانەی کردووە، سەبارەت بەگەیشتنی هێزی تورك بۆ ڕەواندز دەڵێ:" **ئیمرۆ ناوەڕۆکی نامەیەکمان دەسگیر بوو کە بۆ غفورخانی ناودەشتو نوری باویل ئاغا نێرابوون کە لە لایەن محیالدین بەگەوە کە سەرکردەی هێزی تورکە لە( وان) کە بە مێژووی 1921/4/13 بۆ هەر دووکیانی ناردووە دەڵێ:[ مەبەستی محێیەددین بەگە-توێژەر] بەرامبەر بەو شەڕەی لەگەڵ ئینگلیزەکان کردبووتان [ مەبەستی شەڕەکانی هەریرو باتاسە- توێژەر] پیرۆزبایتان لێ دەکەم، بەم زووانە ئومێدەوارم تفەنگو ڕەشاشتان بۆ بنێرم کە ئێستە گەیشتوونەتە (نەهری)، من خۆشم لە دوای5-6 ڕۆژی تر دێمە ڕەواندزو لەگەڵ ئەحمەد ئەفەندیدا کە خەڵکی سلێمانییە استکشافێك دەکەین وە لەدوای ئەوە هێز دەهێنمە ڕەواندزو هەرچیتان پێویست بێ جێ بەجێ دەکەمو ئێستە(10) صندوق فیشەك ئامادەیە بەڵام وڵاغ دەس ناکەوێ، پێویستە خۆتان وڵاغ بنێرن بۆ ئەو صندوقانە بۆ ئەوەی بیان گوێزنەوە لای خۆتان، کە خۆشم هاتم جبەخانەی تریش دەهێنم. هەروەها وا نامەیەکی والیی( وان)تان بۆ دەنێرمو هەرچی پێویست بێ تیایا باس کراوەو روون کراوەتەوە پێویستە هەمووی جێ بەجێ بکرێو(5) ئێستر بنێرن بۆ گواستنەوەی فیشەکەکان"**[٣٩]. ئەنجامی ئەو بیروڕا جیاوازانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن سەبارەت بە مێژووی

---

[٣٨] ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل 298؛ کریس کۆچیرا، سەرچاوەی پێشوو، ل 73؛ دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم، ل 291.

[٣٩] م . ر . هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، لەندەن، 1991، ل 180.

هاتنەوەی تورکەکان، بەپشت بەستن بەناوەرۆکی تەلەگرافەکەی کۆمیسیاری باڵای بریتانی لەبەغدا ڕەنگە هێزەکەی تورك لەبیستەکانی نیسانی1921 هاتبێتەوە ڕەواندز.

هێزەکەی تورك دوای تێکەڵ بوونی لەگەڵ هێزێکیتر لەنەهری ژمارەیان بوو بەسەد سەربازو چوار پێنج ئەفسەر کە هەر هەموویان یەك تۆپو دوو ڕەشاشو چەند تفەنگو جبەخانەیەکیان پێ بوو[تز]. بەڵام نەبوونی متمانەی تەواو بەڕاپەڕیوان مجێیەددین بەگی هێنایە سەر ئەو بڕیارەی کە سەرەتا خۆیو چواردە سەرباز لەگەڵ ئەحمەد تەقی بچێتە ڕەواندز تا بەتەواوەتی لەهەڵوێستی ناوچەکە تێبگەن. کاتێکیش مجێیەددین بەگ لەهاتنی بۆ ڕەواندز چاوی بەو ئاپۆرە جەماوەرییە دەکەوێت، بەناوی خۆیو کەمالییەکانەوە سوپاسیان دەکاتو دەڵێ:"**... زۆر جێی داخی ئێمەی تورکەکان بوو کە بۆ ماوەك لەیەکتری جیا بوو بووینەوە ئێستە وا سوپاس بۆ خوا دووبارەیەکمان گرتەوە... لەبەر ئەمە تکام وایە کە دووای ماندوو حەسانەوە ئیزنم بدەن بگەرێمەوە(شەمدینان)و عەسکەرەکانی لەوێ بەجێم هێشتوون بیانهێنمە ڕەواندز...**"[یز]. کاتێکیش ڕاپەڕیوانی ڕەواندز گوێ بیستی ئەو بڕیارە دەبن بە مجێیەددین بەگ دەڵێن هەر لێرەوە دەنگ لەهاتنی هێزەکە بگێڕێتەوە، بەڵام دوای گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر ئەوە ڕێك دەکەون کە چواردە سەربازەکە لەژێر سەرکردایەتی نووری باویل ئاغا لەڕەواندز بمێنێتەوەو، مجێیەددین بەگو ئەحمەد تەقیش بۆ نەهری بگەڕێنەوە. ئەحمەد تەقی سەبارەت بەو هەڵوێستو جەخت کردنە لەهێنانی هێزی تورك دەڵێ:"**... ئینجا بزانن بێ مەعنایيو کردەوەی حاکمە سیاسیەکانی ئینگلیز لەگەڵ دوستو هاوکارەکانی خۆیاندا گەیشتووە چی رادەیەك کە وای لەو**

---

[تز]جەلال تەقی ، سەرچاوەی پێشوو، ل 51؛ رفیق حلمی، سەرچاوەی پێشوو، ل 551.

[یز]رفیق حلمی، هەمان سەرچاوە و لاپەرە.

**کوردانەی کوردستانی جنوبی کرد بیّ بەزۆر وا لەتورك بکەن لەشکری خۆیان بنێرن بۆ یارمەتی دانیان لەدەرپەراندنی ئینگلیزدا، بە رادەیەکی وا کە سەربازەکانی( محی الدین) بەگ وەك بارمتە گل بدەنەوە بۆ ئەوەی ناردنی مەفرەزەکە مسۆگەر بکەنو منیش بکەن بە(مباشر) کە هەوڵی ئەوە بدەم مەفرەزەکە زوو بگات دیارە مەفرەزەیەکی سەد کەسی نرخێکی جەنگی ئەو تۆی نیەو گومانی تێدا نیە کە هەموو زەحمەتی جەنگو بە خێوکردنی شەڕ کەران هەر لەسەر ئەهالیەکە خۆی ئەبێ ئەمەیان هەر بۆ ئەو کرد کە خەڵك بزانن گوایا حوکومەتی تورکیان لەپشتەو بەمە هانیان بدەنو مەعنەویەتیان بەرز بکەنەوە..."**[تز]. لێرەدا دەتوانرێ بوترێ، جگە لەخراپی مامەڵەکردنی حاکمەکانی ئینگلیز، سۆزی ئایینیش ڕۆڵی خۆی هەبووە کە کەمالییەکان پروپاگەندەیان بۆ دەکرد، لەگەڵ لایەنگیری هەندێ لە کوردەکانی خواروو بۆ کەمالییەکان کە ئارەزووی هێنانەوەی دەسەڵاتی ئەوانییان دەکردو، لەدواتر بە جلخوار یان تورکخوا ناویان دەرکرد.

ئەگەرچی محیّیەددین بەگو ئەحمەد تەقی بە نیازی هێنانی پاشماوەی هێزەکە گەڕانەوە نەهری، بەڵام گۆڕانکاری نێو سوپای تورکو، ڕاسپاردنی محیّیەددین بەگ بە ئەرکێکی سەربازی تازە، ماوەیەکی دیکەشی لەهێنانی هێزەکە بۆ ڕەواندز دواخست، تا ئەوکاتەی بڕیاری ئەوە درا هێزەکە بخرێتە ژێر سەرکردایەتی مەحموود فازڵەوە. کاتێکیش مەحموود فازڵ بەخۆیو هێزەکەیەوە ڕووی کردە ڕەواندز، ئینگلیزەکان شێخ محەمەدی ئاغای باڵەك[یز] و محەمەد عەلی ئاغای جوندیانیان لێ هاندان تا ڕێگایان لێ بگرن،

---

[تز]جەلال تەقی، سەر چاوەی پێشوو، ل ل 52-53.

[یز]شێخ محەمەد ئاغای باڵەك، ناوی تەواوی محەمەد ئاغا کوڕی سلێمان ئاغا کوڕی محموود ئاغایە، ساڵی 1875 لە دێی وەلاش لە دایك بووەو لە حوجرە خوێندوویەتی، ناوبراو پەیوەندی باشی لەگەڵ هەر یەك لە شێخ مەحموود، قازی محەمەد، مستەفا بارزانیو کەسایەتییە عیراقییەکانی وەکو مەلیك غازیو نووری

بەڵام بەهاوێشتنی یەك تۆپ لەلایەن هێزەکەی تورك خۆیان نەگرت‌و بڵاوەیان لێکرد و خۆیان دا بەدەستەوە[تر].

به هاتنی دەسەڵاتی تورك‌و بەپێی دەستووری ئەو کاتەی کەمالییەکان ئەنجومەنێکی میللی بۆ بەڕێوەبردنی ڕەواندز دامەزرا کە پێك هاتبوو لە:

- شێخ ڕەقیبی سورچی، سەرۆك
- ئەحمەد تەقی، جێگری سەرۆك
- ئەندامیەتی هەریەك لەشێخ ئەمینی سەران، شێخ جەواد سەران، غفورخانی ناودەشت‌و خدری ئاغای سەرچیا.
- ئەحمەد بەگی بگۆك، قائیمقامی ڕەواندز
- نووری باویل ئاغا، قوماندانی جەندرمە
- شەوکەت ئەفەندی، سەرۆکی شارەوانی(2).

ئەنجومەنی میللی لە ڕەواندز دوای ڕێکخستنی کارەکانی لەیەکەمین کاریدا لەتەمموزی1921 هێرشی کردە سەر ناوچەکانی هەریرو باتاس‌و

هەواڵنامەی کتێب

---

سەعید هەبووە، هەر ئەمەش وای کردووە لە دواتر ببێتە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق.. شێخ محەمەد لە ساڵی 1951 کۆچی دوایی کردووە لەدێی وەڵاش بە خاکسپێردراوە. ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، سەرچاوەی پێشوو، ل78.

[تر] م. ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان، بەرگی دووەم، ل 173.

[یر] جەلال تەقی، سەرچاوەی پێشوو، ل 55. تێبینی: لێرەدا جیاوازیەك بەدی دەکرێت لەبەر ئەوەی ڕەفیق حلمی ئاماژە بۆ ئەندامییەتی باویل ئاغا، سەعید بەگ و ساڵح بەگ دەکات، بەڵام ئاماژە بۆ ئەندامێتی خدر ئاغای سەرچیا ناکات. سەرچاوە پێشوو، ل552. هەروەها ڕەمزی قەزاز ئاماژە بۆ ئەندامییەتی باویل ئاغا دەکات، بەڵام بۆ سەعید بەگ‌و ساڵح بەگ ناکات. سەرچاوەی پێشوو، ل 142.

توانیان دەسەڵاتی ئینگلیزەكانی تیایدا بكەنە دەرەوە[تر]. بەبیستنی ئەو هەواڵە كاریگەری كردە سەر ناوچەكانی دەورووبەری، ئەوەتە میرانی قادر بەگ[یر] حاكمی ئینگلیزەكان لەشەقلاوە بە نهێنی دەكەوێتە پەیوەندییەوە لەگەڵ هێزی ڕاپەڕینەكە لە ڕەواندز، فارس ئاغای زێباریش بۆ مەبەستی پیرۆزبایی لە شێخ ڕەقیب دێتە هەریرەوەو، شێخ ئەحمەدی بارزانییش سەردانی ڕەواندز دەكاتو بیست لەچەكدارانی خۆی لەژێر سەركردایەتی شەریف ناوێك جێ دەهێڵیو خۆی بەرەو بارزان دەگەڕێتەوە[سم]، ئەوە لەلایەك، لەلایەكی دیكەشەوە ناوچەكانی ڕانیەو دەورووبەری پشێوی تێدەكەوێتو شەڕو پێكدادان لەنێوان هێزەكانی ئینگلیزو بابەكر ئاغا لەگەڵ هێزی هۆزەكانی ناوچەكە بەپاڵپشتی هێزی میللی ڕەواندز ڕوودەدات[شم].

---

[تر]عەلی باویل ئاغا، بیرەوەریەكانی عەلی باویل ئاغا؛ د. ولید حمدی، كوردو كوردستان لەبەڵگەنامەكانی بەریتانیادا، وەرگێڕانی: موحەمەد نوری تۆفیق، چاپی دووەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 1999، ل 112.

[یر]میرانی قادر بەگ، ناوی تەواوی قادر بەگ كوڕی مستەفا بەگ، كوڕی حەمەد بەگی سەرۆكی هۆزی خۆشناوە، ساڵی 1865 لەدایك بووە، میران كەسایەتییەكی بەرچاوی ناوچەكەی بووە، بۆیە لەدوایی دامەزراندنی ئەنجوومەنی دامەزراندن لە عیراق دەبێتە ئەندام تیایدا، هەروەها دواتریش بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران، تا ئەوەی لەمایسی 1939 بە نەخۆشی كۆچی دوایی كردووەو لەنێو مزگەوتی شەقلاوە نێژراوە. ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، سەرچاوەی پێشوو، ل75.

[سم]جەلال تەقی، سەرچاوەی پێشوو، ل 57.

[شم]عەلی ناجی كاكەحەمە ئەمین عەتتارو سیروان بكر سامی، ڕۆژنامەی پێشكەوتن، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 1998،ل 318، پیشكوتن، ژمارە(69) سالی دووەم ، 18 ئۆگستی 1921 ل 4.

ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردنەە، ئەو پشێوییە هاوکاتبوو لەگەڵ مەسەلەی دەنگدان بۆ دەست نیشانکردنی فەیسەڵی کوڕی حوسێن(1885–1933) بەشای عیراق، بەڵام لەسۆنگەی ئامادەیی هێزی تورك لە ڕەواندزدا، ئاکنجێیانی ناوچەکە نەیانتوانی لەو بارەوە هیچ هەڵوێستێك وەرگرن[٣٣]. بۆیە ئینگلیزەکانیش لەبەرانبەر ئەو پێشرەوییەی هێزەکانی تورك‌و بۆ بەدەست هێنانی مەرامەکانیان دەستە وەستان ناوەستن، بەڵکو لەسەرەتا بەهێزی ئاسمانی دەکەونە بووردوومان کردنی ڕەواندزو ناوچەکانی دەورووبەری، ئینجا لەپاشان دەست بەهێرش دەکەن، لێرەشدا لەبروسکەیەکی کۆمیسیاری باڵا لەعیراق کە بۆ وەزیری موستەعمەرات ڕەوانەی کردوە دەڵێ:"**... هێرشێکمان بەهاوکاری هێزە ئاسمانیەکان کرد لەرۆژی 27ی کانوونی یەکەم، هێزەکانمان لەدوو فەوج‌و دوو پەلی پیادە، لە هێزەکانی(لیڤی)[٣٤]و هیزێکی پۆلیس لەهەولێر، کە هەموویان هەزار تفەنگێك دەبوون، ئەمرۆ برووسکەیەکمان پێگەیشت تیایدا ئاگادارمان دەکاتەوە لەکشانەوەی هێزەکانی تورك‌و عەشایەری**

---

[٣٣]د. محمد مظفر الادهمي، المجلس التاسيسي العراقي، الجزء الاول، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الثانية، بغداد، 1989، ص 160؛ السيد عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الاول، الطبعة السابعة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1988، ص 59.

[٣٤]هێزی لیڤی، هێزێکی سەربازی بوون کە دەسەڵاتدارانی بریتانی لەشوێنی هێزی بەکارهاتوویان لەعیراق دایان مەزراند بوو بەمەبەستی کەمکردنەوە تێچوونی سەربازی خۆیان. ئەو هێزە کە لەبەشێك لەخەڵکی عیراق‌و ئاشوورییە ئاوارەکان پێکهاتبوون فەرمانیان لە ئەفسەرە ئینگلیزەکان وەردەگرت. د. کمال مظهر احمد، دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية، ص 37.

**سوورچی لەباتاسو حەریرەوە بۆ ڕەواندز000"**[تر]. واتە بەم شێوەیە بریتانییەکان توانیان دەست بەسەر ئەو ناوچانە دا بگرنەوە.

بەهاتنەوەی محێیەددین بەگ بۆ ڕەواندزو هێنانی هەندێ هێزو جبەخانەیتر هێزەکەی ڕەواندز گڕوتنیی زیاتری تێکەوت، لەولاوەش کەمالییەکان کەوتنە زیاتر خۆ تەیارکردن بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتیان بۆ ویلایەتی مووسڵ، هەر بۆیە مستەفا کەمال لە1ی شوباتی1922 لە تەلەگرافێکیدا کە بۆ وەزیری بەرگری ڕەوانەی کردوە دەڵێ:" **ئێستا لەپێشڤە چوونە سیاسیەکاندا دەفامرێتەوە کە فەیسەڵ خەریکە حکومەتێك لەعیراق دامەزرێنێ، ئینگلیزەکانیش لەخۆ ئامادەکردن دایە بۆ ئەوەی موسڵ لەژێر ماندێتی خۆی دابێ، ئیدی بۆ ئەوەی موسڵ رزگار بکەن، کە بەشێکە لە میثاقی نیشتمانیمان**[یر] **دەبێ سوپا بەرەو ناوچەی ڕەواندز بنێرین"**[سم]. لەبەر ئەوە لە17ی مارتی 1922 ڕەمزی بەگیان وەکو

---

[تر] د. ولید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل 127-128.

[یر] میساقی نشتیمانی، دوای بەستنی کۆنگرەی سیواس لە4-11ی ئەیلولی 1919 بەسەرۆکایەتی مستەفا کەمال، کۆنگرەکە بڕیارێکی دەرکرد کە لەشەش خاڵ پێك هاتبوو ئەمە لەدوایی بوو بە میساقی نشتیمانی بزاڤی ڕزگاریخوازی توركی. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: حنا عزو بهنان، التطورات السیاسیة في ترکیا 1919-1923، رسالة ماجستیر، کلیة الاداب، جامعة بغداد، 1990، ص 60.

[2] پرۆفیسۆر د.میم کەمال ئۆقە، کرنۆلۆژیای مەسەلەی ویلایەتی موسل 1918-1926، وەرگێڕانی: سەلام ناوخۆش، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، دهۆك، 2000، ل35.

قائیمقام لەڕەواندز دامەزراند[تر]. کاتێکیش ڕەمزی بەگ لەکۆتایی مایسی 1922 گەیشتە ڕەواندز جەختی لەسەر هاتنەوەی هێزەکانی تورك بۆ ناوچەکانی هەولێرو کەرکوكو سلێمانی لەماوەیەکی کورتدا کرد[یر].

هەروەها کەمالییەکان بە مەبەستی گەیشتن بەمەرامەکانیان کەوتنە پەیوەندی کردن بەسەرۆك عەشیرەتو پیاوانی ئاینی ناوچەکەو لەڕێگای پروپاگەندەی ئایینەوە توانییان سەرنجی زۆربەیان بەلای خۆیان ڕابکێشن، ئەوەتە لەوەڵامی نامەیەکیدا والی دیاربەکر کە بۆ شێخ عەبدولسەمەد زادەو شێخ عەبدوڕڕەحمانی سەران[سم] ڕەوانە کردووە دەڵێ:"...**بزانن بەزانینێکی(یەقین) کە سەرکەوتنی کۆتایی هەر بۆ موسڵمانان دەبێ وە ڕزگار دەبن لەصەلیبیەکانو بەکرێ گیراوە تێکشاوەکانیان. وە لەپێناوی ئەوەدا( ئۆزدەمیر بەگ)ی قائیمقامو ئەوانەی لەگەڵی دان دەنێرین بۆ لاتانو**

هەواڵنامەی کتێب

---

[تر]دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم، ل295؛ کریس کۆچیرا، سەرچاوەی پێشوو، ل73.

[یر]أ. م. منتشاشفيليي، العراق في سنوات الانتداب البريطاني، ترجمة: د. هاشم صالح التكريتي، مطبعة جامعة بغداد، 1978، ص 318.

[سم]شێخ عەبدوڕڕەحمانی سەران، ساڵی 1880 لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگ لە دۆڵی ئاکۆیان لەدایك بووەو بەشداری بەرگریکردنی ناوچەکەی کردووە لەدژی سوپای ڕووسەکان لەجەنگی یەکەمی جیهانی، هەروەها بەشداری زۆری شەڕەکانی دژ بەئینگلیزی کردووە، دواتریش ڕۆڵێ کاریگەری بینیوە تا لە ساڵێ 1960 کۆچی دوایی کردووە. طالب سەرانی، نامەی والی دیاربەکر بۆ (شێخ عبدالرحمنی سەران)، گۆڤاری رواندز، ژمارە(2) ، ڕەواندز، هاوینی 1998، ل55.

**لەدواییدا هێزیتر ڕەوانە دەکەین بۆ ئەوەی بەشداریتان بکەنو تەنسیقی لەگەڵ دا بکەن لەخودای بەرز دەپاڕێمەوە سەرتان بخات"**[ت].

کاتێکیش ئۆزدەمیر لە ناوەڕاستی حوزەیرانی1922 گەیشتە ڕەواندز دەبوو لەپلەیەکی نانەوەی کێشەو ئاژاوەی تەواو دابێتو نەخشەیەکی گرنگ بۆ هاندانی خەڵك لەناوچەکەدا بگێڕێت، هەر بۆیە ڕای گەیاند کە ئەرکی گرتنەوەی سەر لەنوێی ویلایەتی مووسڵی لەئەستۆ دایە[ێ]. کەچی لەنامەیەکیدا بۆ مستەفا کەمال دەڵێ:" **هەر وەکو من تەماشا دەکەمو لێی وورد دەبمەوە، کوردی ئەو جێگایانە وەکو پێشوو نەماون، هەموو چاویان کردۆتەوە بۆنی ئازادیان کەوتۆتە دەماغەوە هەوای حکومەتیان لەمێشکدا دەجوولێتەوە، ئەگەر ئێمە بۆ ئەمانە ئیداریەکی سیاسی تەشکیل نەکەین، زۆر دووری دەبینم بتوانین وەکو پێشان بیانخەینەوە ژێر حوکمەوە، دەبینرێت کە لەهەموو لایەکەوە دەکۆشن بۆ ئەمە خۆیان لەژێر حوکمی ئەوو ئەم ڕزگار کەن"**[س]. بەڵام لەپەیوەندیکردنو نامەگۆڕینەوەیدا ئۆزدەمیر لەگەڵ سەرۆك هۆزە کوردییەکاندا بە شێوازێکیتر گوزارشت دەکاتو دەکەوێتە هاندانیان لەدژی ئینگلیزەکاندا. ئەوەتە لە نامەیەکیا کە لە26ی حوزەیرانی1922 بۆ ڕەسوول ئاغای سەرۆکی هۆزی دزەیی ڕەوانەی کردووە دەڵێ:"**... سوپاس بۆ خواوەند کە ئێمە هاتووینەتە ئەم ناوچەیە تا پێی هێزە دەرەکییەکان کە لێرە حوکم دەگێڕن، کورت بکەینەوەو وڵاتە**

---

[ت]طارق جامباز، وثيقة عمرها 75عاماً تنشر لاول مرة رسالة جوابية من والي ديابةكر الى الشيخ عبدالرحمن سترانى عام 1922، صحيفة خەبات، العدد(846) ، 17/ تشرين الاول/1997؛ طالب سەرانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 56.

[ێ]ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل 299.

[س]مەلا ئەسعەد خەیلانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 40.

**پیرۆزەکەمان رزگار بکەین بەیارمەتی خوا بە زوویی دەست بە ڕێکخستنی خەڵك بۆ بەشداری لەڕاپەرینێکی گشتی دەکەین"**[تز]. ئۆزدەمیر بەزیرەکی‌و لیێهاتووی خۆی ڕۆڵی کاریگەری گێڕا لەڕاکێشانی سەرۆك هۆزەکان‌و خەڵکی ناوچەکە بۆ لای خۆی، هەر بۆیە ئەحمەد تەقی لەو بارەیەوە دەڵێ:" **ئۆزدەمیر کە بەڕەگەز لەچەرکەسەکانی (میسر) بوو، پیاوێکی چالاك‌و زیرەك‌و خوێندەوارێکی باش بوو، شارەزاییەکی تەواوی لەڕەوشت‌و خووی کوردەکاندا هەبووو، لەدەستووری عەشایرا چاك ئەزانی قسەخۆش‌و قسەزان‌و وریا بوو، زۆر ئاقڵتر لەگەڵ سەرەك هۆزە کوردەکاندا ئەجوولایەوە، بۆیە بەپێچەوانەی حاکمە ئینگلیزەکان هەموویانی کردبوو بە ئەموستیلەو کرد بووینە پەنجەی خۆی"**[یز]. هەروەها کەمال مەزهەریش لەبارەیەوە دەڵێ:"... **ئۆزدەمیر توانی لە نزیکەوە پێوەندی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری سەردارانی کورد دابمەزرێنێ، هەزارو یەك گفتی شیرینی درۆی دانێ..."**[سم]. بۆیە دەتوانرێ بوترێ، ئۆزدەمیر یەکێك بوو لەوکەسایەتییە سیاسییانەی کە زیرەکانە ناخی کۆمەڵگای کوردەواری خوێندبۆوەو دەیزانی خاڵی دەستەبەرکردنیان لەکوێیە، هەروەها ئاگاداری ئەوەش بوو کە سۆزی ئاینی چەند کاریگەرە بەسەر ئەو نەتەوە موسڵمانەوە. بۆیە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕۆژانە پێنج فەرزە قامەتی دەبەست‌و نوێژی دەکرد بە بەرچاوی خەڵکەوە[شم].

---

[تز]رۆبەرت ئۆڵسن، راپەرینی شێخ سەعیدی پیران1880-1925، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 1999، ل ل 282-284.

[یز]جەلال تەقی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل 62-63.

[سم]د. کمال مەزهەر، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، ل 120.

[شم]احمد خواجە، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم، ل 83.

شپرزەیی باری ئینگلیزەکان بەگشتی‌و بوونی ڕەواندز بەپەناگای نەیارانیان بەتایبەتی، ئینگلیزەکانی هەراسانکرد، بۆیە لە10و11ی‌تەموزی1922 فڕۆکەکانیان بۆردوومانی ڕەواندزیانکرد[تر]، بەڵام کاتێك کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند کاپتن بۆندو کاپتن ماکنتی لەڕۆژێکدا کوشت لەگەڵ سەید محەمەدی جەباری ڕووی لەڕەواندز کرد، ئەوەندەیتر ئینگلیزەکانی ترساند[یر]. چونکە لەڕاستیدا هاتنی هێزێکی وا بەسەرۆکایەتی ڕێبەرێکی فیداکاری لەخۆ بوردوو بۆ ئۆزدەمیر سەرکەوتنێك بوو کە ئاواتی بۆ دەخواست‌و بەختی ئەوی بۆ هاندان‌و بەهێزکردن‌و ڕاپەڕاندنی هۆزەکان دەجوولاند[سم]. هەروەها کاتێکیش پشدەرییەکان پاڵپشتی خۆیان بۆ ئۆزدەمیر ڕەوانە کرد، ئۆزدەمیری هێنایە سەربیری ئەوەی هێرش بکاتە سەر ناوچەکانی ڕانیەو دەورووبەری، ئەنجام لەکۆتایی ئابی1922 لەقۆلی شاور[شم] بۆسەر دەربەندی ڕانیە بەسەرۆکایەتی ئاغاکانی پشدەرو، قۆلی ناودەشت[لھ] بۆسەر شەهیدان[تر] بەسەرۆکایەتی

---

[تر]ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل 303؛ م. ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان، بەرگی دووەم، ل213.

[یر]دارا ئەحمەد کەریم بەگ، کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەنـد بەشـێك لـە مێـژووی رزگاریخوازی گەلی کورد، چاپی یەکـەم، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، هـەولێر، 2001، ل 144.

[سم]ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو،ل 305؛ د. عثمان علی، دراسات في الحركة الكوردیـة المعاصرة 1833-1946 دراسة تاریخیة وثائقیـة، الطبعـة الاولی، مطبعـة الثقافـة، اربیل،2003، ص390.

[شم]دۆڵی شاور: دەکەوێتە باکووری خۆرئاوایی شارۆچکەی ڕانیەی ئێستاکە.

[لھ]دۆڵـی ناودەشـت: دەکەوێتـە بـاکوورو بـاکووری خۆرهـەڵاتی شارۆچـەکەی ڕانیـەی ئێستاکە.

هەواڵنامەی کتێب

ئۆزدەمیر دەستیان بەپێشرەوی کردو لەگەڵ ئینگلیزەکان کەوتنە شەڕەوەو لەناوچەکانیان دەرکردن[یر].

سەرکەوتنی ئۆزدەمیر لەناوچەکانی پشدەر کاریگەری کردە سەر تورکخواکانی کۆیە، هەر بۆیە هاتن بەپیل داواکاری ئەوەوە کە ئۆزدەمیر هێزێك ڕەوانەی ئەوێ بکا، بەڵام لەگەڵ چوونی هێزەکە بۆ ڕۆژی دواتر فرۆکەکانی ئینگلیز بووردوومانی کۆیەیان کردو خەڵکی شارەکەی هێنایە سەر ئەوەی داوا لە تورکەکان بکەن هێزەکانیان لە کۆیە بکەنە دەرەوە[سم]. ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو سەرکەوتنەی ئۆزدەمیر زەنگی مەترسی بۆ ئینگلیزەکان لەسلێمانی لێداو لەئەیلولی 1922 چۆلیان کردو ڕەوشی شارەکەیان بە شێخ قادری برای شێخ مەحموود سپارد[شم]. بۆیە ئۆزدەمیر لەنامەیەکیدا بۆ شێخ قادر دەڵێ:**"ئەبێ باش بزانن...بستێ جێ لەو خاکانەی کە لە(میثاقی میللی) مانا دانراوە لەژێر چنگی بێگانەدا**

هەوالنامەی کتێب

---

[تر]دۆڵی شەهیدان: بە درێژایی دۆڵی ناودەشت دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شارۆچکەی ڕانیەی ئێستاکە.

[یر]جلال طالباني، كردستان و الحركة القومية الكردية، الطبعة الاولى، دار الطليعة، بيروت، 1969، ص 216؛ میرزا محمد ئەمین مەنگوڕی، حقائقی بەسەرهاتی شێخ مەحمود لە پەنای ئیستقلالی کورددا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2003،ل16.

[سم]طاهر احمد حويزى، مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، مطبعة نمیر، بغداد، 1984، ل149-150؛ مەسعود محەمەد، گەشتی ژیانم، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، سوید، 1992، ل36.

[شم]رفیق حلمی، سەرچاوەی پێشوو، ل 558؛ کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل 74-75.

**نابێ بمێنێتەوە. ئینجا من بۆ ئەوە هاتمە کوردستان کە ئەم(حەقیقەت)ە لەبرا خۆشەویستەکانی سەر بەئێمەو هاوپەیمانەکانمان تێ بگەیێنم، تاوەك کوردەکانی برای دینو دۆستی دێرینمان نەبنە قوربانی سیاسەتی ئینگلیزە خائینەکانو بەهاندانی ئەوان کۆسپو تەگرە نەهێنە ڕێگەمان ... لەبەر ئەوە کە سەرپاکی وولاتی(موصل) خراوەتە میثاقی میللی تورکەوە، هێزێکی خائینی وا بە بیرنایەت کە بتوانێو لەناو سنوورەکانی میللی ئێمەدا فەرمان ڕەوائی بکا..."**[تر].

ئینگلیزەکان لەئاکامی ئەو تێکشکانە گورچوبڕەی کە دووچاری هێزەکانیان هاتبۆوە، بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك کەوتنە بۆردوومان کردنی دێیەکانی مەرگە، پشدەرو دۆڵی شاور، کە سەرەڕێگای هاموشۆی تورکخواکان بوو بۆ ڕەواندز، بەمەش زەرەرو زیانێکی زۆری گیانیو ماڵی بەخەڵکی بێ سووچو تاوانی ناوچەکە گەیاند[ير]. هەر بۆیە کەمال مەزهەر لەو بارەیەوە دەڵێ:"...**بڕواناکەم ئەو ڕۆژگارە لەهیچ قۆژبنێکی ولاتە ژێر دەستە فراوانەکانیان ئینگلیز بەرادەی کوردستان چەکی هەم جۆرو، بەتایبەتی فڕۆکەیان بەکار هێنابێت...**"[سم].

ئەڵبەتە ڕێگا چارەی ئینگلیزەکان بۆ لێدانو دەرکردنی تورکەکان لە ڕەواندزو ناوچەکە دۆزینەوەی کەسێك بوو تا بتوانن سوودی لێ وەربگرن، ئیتر لەژێر پاڵەپەستۆی بوونی هێزی تورکو داواکاری زۆر هێنانەوەی شێخ مەحموود، لەکۆتایی ئەیلولی1922 شێخ مەحموودیان هێنایەوە لە

---

[تر]رفیق حلمی، سەرچاوەی پێشوو، ج6، ل 595.

[ير]حوسێنی مەدەنی، کوردستان لە ئیستراتیژی دەوڵـەتان، بـەرگی یەکـەم، چـاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2000، ل 336.

[سم]چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، ل 120.

سلێمانی كردیانەوە بەحوكمدار[١٣١]. هەرچەندە شێخ مەحموود لەبەغدا بەڵێنی دەركردنی توركەكانی بەكۆمیسیاری باڵا دابوو، بەڵام نەچووە ژێر باری جێبەجێ كردنی ئەو بەڵێنەوە، لەبەر ئەوەی وای خرابووە مێشكیەوە كە توركەكان ویلایەتی مووسڵ وەردەگرنەوە یان بە زۆری چەك دەیگێڕنەوە، ئەوە لەلایەكو، لەلایەكی دیكەشەوە لەڕۆژنامەكانی ئەورووپا بەگشتیو بریتانییەكان بەتایبەتی گەلی بریتانی داوای دەكرد هێزەكانی لەعیراقو كوردستان بكشێنێتەوەو خۆیان نەخەنە ژێر باری دارایی جەنگەوە[١٣٢]. ئیتر لەژێر ئەو كاریگەرییەو ناڕاستی ئینگلیزەكان لەگەڵی، شێخ مەحموود هەوڵی نزیك بوونەوەیدا لە ئۆزدەمیر، ئۆزدەمیریش ڕاستەوخۆو ناراستەوخۆ هەوڵی ڕاكێشانی شێخ مەحموودی دەدا، ئەگەر بزانیین لە كاتی هاتنەوەیدا بۆ سلێمانی لەنامەیەكیدا بۆ شێخ مەحموود وتوویەتی:" **لەوە كە(مەفرەزەیەكی تورك)م ناردوەتە دەوری سلیمانی، زۆر تكام هەیە، خەیال نەفەرموون شتێكی خراپم بە دڵا هاتبێ لەلایەن كردەوەیەك كە خوا نەخواستە لەوانە بێ لەئێوەوە روویدا، ئێمە هەر لەدەمێكەوە باسی راستیو یەك ڕەنگیو پاكیی ویژدانی ئێوەمان بیستوەو تێ گەیشتووین كە بەرامبەر بە دەوڵەتو میللەت(دەوڵەتو میللەتی توركی مەبەستە) پەیوەستەییەكی بە هێزو خۆشەویستییەكی بێڕیاتان هەیە. لەبەر ئەوە ناوی ئێوە(واتە شێخ مەحمود) لەدڵو گیانی ئێمەدا جێگەیەكی بەرزو**

---

[١٣١]جرجیس فتح الله، المصدر السابق،ص 259؛ جەعفەر عەلی رەسول، ناسیۆزلیزم و ناسیۆنالیزمی كوردی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، 2004،ل 204؛ فواد عارف، مذكرات فواد عارف، تقدیم و تعلیق، د.كمال مظهر احمد، الجزء الاول، طبعة الاولی، مطبعة خەبات، دهۆك، 2000، ص 31.

[١٣٢]رفیق حلمی، سەرچاوەی پێشوو، ل 562.

**بەریزی داگیرکردوە..."**[تر]. لێرەدا دەتوانرێ بوترێ، ئۆزدەمیر زیرەکانە هەوڵی داوە شێخ مەحموود بەلای خۆیدا ڕابکێشتو لەدلْپاکیو دڵسافی خۆیو تورکەکان دڵنیای بکاتەوە، ئەگەرچی تا ئەوکاتەش هەڵوێستو سیاسەتی شێخ مەحموودی لاڕوون نەبووە، لەبەر ئەوەی لەبەشێکیتری نامەکەیدا دەڵێ:" **ئێمە ئیتر بەلامانەوە ئەوەندە مەبەس نیە کە( مەفرەزە) کەمان بێتە ناو شاری سلێمانی یەوە یان نە؟ چونکە هاتنی ئێوە(واتا شێخ مەحمود) بۆ سەرکار لەرووی مەسڵەحەتی دەوڵەتو غایەی نیشتمانی‌یەوە، ئێمە(واتا بۆ تورك) بەسە ئینجا تانامەتان ئەگاو ئەو سیاسەتە کە بەتەمان لەسەری برۆن بۆمان روون ئەکەنەوە مەفرەزەکەمان لەو جێگەیەدا ئەوستێنین کە ئێستە لێیەتی ئەگەر بێتو ئێوە بە مەسڵەحەتی بزانن تادەوری(رانیە)ش ئەیکێشینەوە"**[یر].

جێگای ئاماژە بۆ کردنە هاتنی لەناکاوی سمکۆی شکاك بۆ خوارووی کوردستان دوای تێك شکانی لەدەست تورکەکان وەرچەخانێکی نوێی لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا پێك هێنا[سم]، لەبەر ئەوەی لە لایەك مێجەر نۆئێلی خستە سەر بیری ئەوەی کە لەگەڵ سەید تەهای نەهری[شم]و شێخ مەحموود

---

[تر]ڕەفیق حلمی، هەمان سەرچاوە، ل 565.

[یر]ڕەفیق حلمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل 565-566.

[سم]د. عثمان علی، المصدر السابق، ص 412؛ عەلا ئەدین سەجادی، مێژووی ڕاپەرینی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئیران، سەقز، 1996، ل 171.

[شم]سەید تەهای نەهری کوڕی شێخ محەمەد سەدیق کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییەو لەساڵی 1892 لەدایك بووە، بەهۆی ئەوەی لەبنەماڵەیەکی شۆڕشگێر چاوی هەڵهێناوە ڕۆڵێکی کاریگەری لەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا بینیوە بەر لەجەنگی یەکەمی جیهانی. دوای جەنگیش بەهۆی خزمایەتیانەوەی لەگەڵ سمکۆی شکاك بەیەکەوە هەوڵی خۆیان خستۆتەکارو شۆڕشیان بەرووی حکومەتی ئێران

یەکیان خاتو بیانکا بەگژ ئۆزدمیرا[21]، لەلایەکی دیکەشەوە سەید تەها بێ هاوکاری سمکۆ کەوتە ڕێکەوتن لەگەڵ ئینگلیزەکانو بەهێزێکی150 کەسی لەناوەڕاستی تشرینی دووەمی1922 هێرشی کردەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئۆزدەمیر، ئەگەرچی سەید تەها لەشەڕەکاندا سەرکەوتنی تەواوی بەدەست نەهێنا بە هۆی باران بارینێکی زۆر لەناوچەکەدا، بەڵام توانرا دەست بگرنەوە بەسەر ناوچەکانی ڕانیەو دەورووبەریدا لەژێر کاریگەری هێزی ئاسمانی ئینگلیزکاندا[22]. لێرەشدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئەو هێرشانە هاوکات بوو لەگەڵ دانیشتنی نوماینەدەی ئینگلیزەکانو کەمالییەکان لە لۆزان، هەر بۆیە وەزارەتی کۆلۆنیای بریتانی فەرمانیدا بەکۆمیسیاری باڵا کە ئیتر هێرش نەکرێتە سەر

---

ڕاگەیاندووە تا ئەو کاتەی دەشکێنو پەنا دەهێنە بەر باشووری کوردستان. سەید تەها پەیوەندی بە ئینگلیزەکانەوە دەکات بە ئومێدی ئەوەی یارمەتییان لێوەربگرێت بۆ دروست کردنی دەسەڵاتێکی هاوشێوەی شێخ مەحموود لەناوچەکانی ڕەواندز کە ئەنجام لە 9ی مایسی 1923 بە قائیقامیەتی ڕەواندز ڕازی دەبێتو خزمەتێکی زۆری لایەنی ئاوەدانکردنەوەو ڕۆشنبیریو سیاسیی ناوچەکە دەکات تا 13ی تشرینی دووەمی 1928 لەسەر بانگێشتی ڕەزا شا دەچێتە تارانو لە ژێر پاڵەپەستۆی ئەوان لە 29ی کانوونی دووەمی 1929 دەست لە کارکێشانەوەی بۆ حکومەتی عیراقی ڕەوانە دەکاتەوەو لەوێدا دەمێنێتەوە تا لە ساڵی 1936 دەرمانخوارد دەکرێت. د. عزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل 150-156؛ حسین جاف، سەی تەهای شەمزینانی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ( 135) ئابی 1995، ل 62؛ ___________، بەڵگەنامەی بزووتنەوەی کورد، وەرگێڕانی: نەزەند بەگی خانی، گۆڤاری هیوا، ژمارە، (7)، پایزی 1990، ل 32،

[21] ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، 375؛ کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل 80.

[2] ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل 372؛ کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل 80؛ لونگریك، المصدر السابق، ص 293.

سەنگەرەکانی تورك هەتا ئەگەر لەناو خاکی عیراقیش دابێت، بەڵام کۆمیسیاری باڵا دەڵێت: خۆش بەخاتانە ئەو فەرمانە درەنگ گەیشت[تا].

بەهاتنی سمکۆ تورکەکان بەگشتیو ئۆزدەمیر بەتایبەتی ترسی ئەوەیان لێنیشت، نەکا بداتە تەك ئینگلیزەکانو هاوکارییان بکات. لەبەر ئەوەی بەسری بەگی قوماندانی جەبهە نامەیەك ئاراستەی ئۆزدەمیر دەکاتو دەڵێ: **"سمکۆ کابرایەکی فێلبازە بەهۆی زرنگی خۆیەوە ئەو خەنجەرە کە هەلیگرتووە بۆ کاتی خۆی ئەشارێتەوە... دەرکەوتنی سمکۆو لەناو عەشایری کوردا بەم جۆرە گەورە بوونیو دەسەڵات پەیا کردنی بۆ(حکومەتی میللی) ئێمە(واتا بۆ حکومەتی تورك)دەس نادا..."**[یێ]. هەروەها کاتێکیش سمکۆ بەرەو سلێمانی بۆ لای شێخ مەحموود دەکەوێتە ڕێ، ئۆزدەمیر دەکەوێتە ئەندێشەیەکی گەورەوە، بۆیە لەلایەك فەوزی بەگ، ڕەمزی بەگو ئەحمەد تەقی ڕەوانەی سلێمانی دەکات [سێ]و، لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ کۆمەڵەی(کرکوك مدافعه حقوق جمعیتی)[شێ]دا دەکەوێتە نامە گۆڕینەوەو دەڵێ:" **ئەو نامانەی کە( سمکۆ) بۆ سەرەك عەشیرەتەکانی کوردی نارد بوو، لەرێگە کەوتە دەس ئێمە. بەڕاستی( خیانەتو جنایەت) هەر ئەمەندە ئەبێ( سمکۆ) لەم نامانەدا ئەڵێ: بەو هێزانەوە کە لە هەولێرو سلێمانی پێکیەوە ئەنیم پەلاماری تورکەکانی( رەواندز) ئەدەم. ئێوەش بەخۆتانو عەشایرتانەوە بەرووالّەت بۆ کۆمەکی تورکەکانیو**

---

[1] دیڤید ماکداول ، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم، ل 298.

[یێ] رفیق حلمی، سەرچاوەی پێشوو،ل 583.

[سێ] احمد خواجە، سەرچاوەی پێشوو، ل146.

[شێ] ئەو کۆمەلەیە لە کەرکوك لەلایەن ئەو کەسانەوە دامەزرابوو کە خۆیان بە تورك دەزانی. رفیق حلمی، سەرچاوەی پێشوو، ل 608.

**یارمەتی دانی ئەوانن بچنە لای ئۆزدمیر بۆ ڕەواندزو بیگرن. دواى ئێوە منیش بەهێزەکەی خۆمەوە هەڵ ئەکوتمە سەر(ڕەواندز)و هەر زابتو عەسکەرێکی کە لەوێ بێ ئەیانکوژینو شارەکە لەتورك پاك ئەکەینەوە..."**[تر]. لێرەدا بەدیاردەکەوێت کە سمکۆ بۆ مەبەستی ئەوە چۆتە سلێمانی تا هاوکاریو هەماهەنگی لەشێخ مەحموود وەربگرێتو لەهێزەکەی ئۆزدەمیر بدات هەر بۆیە لەنامەکەیدا بەردەوام دەبێتو دەڵێ:"**... من لەو باوەڕەدام کە تا سمکۆ لە سلێمانی بێ هەرچی ئەکریو یا بمانەوێ بیکەین، لەوانەیە سەر نەگرێو یا بەپێچەوانەی مەبەسی ئێمە، بێتە دی000"**[یر]. لێرەدا ڕای خۆمان دەخەینە تەك ئەو لێکۆڵەرەوەیەی کە دەڵێ:" **دوور نیە ئینگلیزەکان هەر خۆیان ئەو نامانەیان بەناوی سمکۆوە نوسیبێو وێنەیەکیشیان بۆ ئۆزدەمیر ڕەوانە کردبێ تا نێوانی بەتەواوەتی لەگەڵ تورکەکان تێك بچێتو لەکاتی چوونیشی بۆ سلێمانی سمکۆو شێخ مەحمود لەتورکەکان دوور بخەنەوە"** [سم]. چونکە ئینگلیزەکان لەو بارەیەوە دەستێکی باڵایان هەبووە.

سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە سمکۆ لەدوای گەیشتنی بۆ سلێمانی بەپێچەوانەی ویستی ئینگلیزەکانو لەژێر کاریگەری تورکخواکان دەکەوێتە ڕێکەوتنو لەڕێگای سنووری دەسەڵاتی ئۆزدەمیرەوە دەگەڕێتەوە ناوچەکانی سەر سنوور[شم]. بەڵام دەتوانرێ بوترێ، کە سمکۆ لەژێر گوشاری

---

[تر]رفیق حلمی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 613.

[یر]رفیق حلمی، هەمان سەرچاوە، ل 615.

[سم]محمد رسول هاوار، سمکۆ... ، ل 591.

[شم]عبدالرقیب یوسف و سدیق سالح، بیرەوەریەکانی ئەحمەدی حەماغای پشدەری، چاپخانەی ئازاد، سلێمانی، 2001، ل 98.

جگەر گۆشەکەی(خەسرەو) کە دیل بوو لای تورکەکان، لەلایەکو، لەلایەکی دیکەشەوە بۆدەست کەوتنەوەی خەزینە دەست بەسەر گیراوەکەی، کەوتە ژێر کاریگەری تورکخواکانو لەگەڵ تورکان کەوتە ڕێکەوتن.

ئەنجامی گفتوگۆی نێوان نوماییندەی ئۆزدەمیرو شێخ مەحموود لەسلێمانی هەر دوولا دێنە ڕێکەوتن لەسەر ڕەوانە کردنی وەفدێك بۆ ڕەواندزو لەوێشەوە بۆ ئەنقەرە، هەر بۆیە شێخ مەحموودی حەفید، فایەق تاپۆ، فەتاحی ژن برای، ئەحمەد تەقیو ڕەفیق حلمی ڕەوانە کرد[تر]. بەڵام لەکاتی چوونی نومایندەی شێخ مەحموود بۆ ڕەواندز ڕەوشی ناوخۆی ئەوێ گرژی تێکەوتبوو بەهۆی ململانێی نێوان حاجی نەورۆز ئەفەندی، محەمەدعەلی ئاغای جوندیانیو شێخ محەمەد ئاغای وەلاش لەگەڵ نووری باویل ئاغاو شێخ ڕەقیب،کە ئۆزدەمیر ڕۆڵی کاریگەری تیادا دەگێڕا[یر].

ئیتر بەبیستنی ڕێکەوتنی شێخ مەحموودو تورکەکانو بێ هیواییان لەهاوکاری کردنیان، ئینگلیزەکان بەدوو قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر ڕەواندز، قۆڵی کۆیە بەسەرکردایەتی سەرهەنگ ڤنست کە مەبەستی دابڕانو دوورخستنەوەی شێخ مەحموود بوو لەتورکەکان، لەگەڵ قۆڵی سنوور بەسەرکردایەتی سەرهەنگ دوبس، بەهاوکاری لەگەڵ هێزی ئاسمانی چوونە پێشەوەو، ئۆزدەمیر بەبێ بەرگری لەڕێگای سنووری ئێرانەوە هەڵاتو لە22ی نیسانی 1923 ئینگلیزەکان ڕەواندزییان داگیرکردەوە[سم]. ئەنجام

---

[تر]جەلال تەقی، سەرچاوەی پێشوو،ل 70؛ ڕەمزی قەزاز، سەرچاوەی پێشوو، ل 153.

[یر]ڕەمزی قەزاز، هەمان سەرچاوە، ل ل 153-154.

[سم]د. محمد مظفر الادهمي، المصدر السابق، الجزء الثاني،ص 41؛ حەسەن ئەرفەع، سەرچاوەی پێشوو، ل 168؛ عەلی سەیدۆ گەورانی، لە "عەممان"ەوە بۆ" ئامێدی" گەشتێك بەکوردستانی باشووردا، وەرگێڕانی: تالیب بەرزنجی، چاپی یەکەم، دەزگای

ئینگلیزەکان بەهاوکاری لەگەڵ حکومەتی عیراقی کە بەپرسو ڕای ئەوان بەڕێوەدەچوو کەوتنە بەڕێوەبردنی ئەوناوچانەوە[تر]. بەمەش ڕەوشی سیاسیی ڕەواندز پێنایە قۆناغێکی نوێوە کە لەبەشی داهاتوو باسی لێوەدەکەین.

---

چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2000، ل 202؛ حوسێنی مەدەنی، سەرچاوەی پێشوو،ل 358-359.

[تر] ئەحمەد باوەر، ئۆزدەمیر و کورد، ل 35.

هەوالنامەی کتێب

# بەشی دووەم:

# ڕەوشی سیاسیی ڕەواندز لە ساڵانی ئینتیدابی بریتانیو قۆناغی یەکەمی سەربەخۆیی عیراقیدا

# (1939-1923)

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کێبڕ

## تەوەری یەکەم:

## دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی لە ڕەواندز (1932–1923)

کۆنگرەی سان ڕیمۆ[١] لە25ی نیسانی1920 عیراقی خستە ژێر ئینتیدابی بریتانیاوە، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی ڕاپەڕین لەڕەواندزو نەمانی دەسەڵاتی ئینگلیزو هاتنی سوپای تورك كە لەپێشتر ئاماژەمان بۆ كرد، ڕەواندزی لەو ڕژێمە دابڕیوە تاداگیر كردنەوە لەلایەن هێزەكانی بریتانی لە22ی نیسانی 1923 وە.

دەست گرتنەوە بەسەر ڕەواندز لەلایەن هێزەكانی بریتانیا لەڕۆژێك بەر لەدانیشتی دووەمین كۆنگرەی لۆزاندا، مشتومڕو گلەیی‌و گازاندەی زۆری خستە نێوان نوێنەری بریتانی‌و توركی لەكۆنگرەكەدا، چونكە توركەكان داگیركردنەوەی ڕەواندزییان بەمایەی بێزاری كوردو تورك لەقەڵەم دەداو بەدەرچوون لە ئاگربڕی مودرۆسیان دەزانی[٢]، لەبەرانبەریشدا ئینگلیزەكان داگیركردنەوەكەیان بەمافێكی ڕەوا لێكدەدایەوەو دژی هاتنەوەی دەسەڵاتی توركی بوون بۆ ئەوێ[٣]. هەر بۆیە بێ گوێدانە ئەو گلەیی‌و گازاندانە دەسەڵاتدارانی بریتانی لەعیراق بەهاوكاری لەگەڵ حكومەتدا كەوتنەخۆ بۆ دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی لەڕەواندزدا، بۆ ئەومەبەستەش لە29ی نیسانی 1923 نوێنەری كۆمیسیاری باڵا لەگەڵ ڕاوێژكاری وەزارەتی ناوخۆی عیراقی سەردانی ڕەواندزیان كردووو لەگەڵ ناودارانو سەرۆك

---

[١] كۆنگرەی سان ڕیمۆ ناوەكەی بۆ شاری سان ڕیمۆی ئیتالی دەگەڕێتەوە.

[2] FOREGN OFFICE 371/9005, E4474, From Sir.H.Rumbold (Lausanne), 4May1923, P86 .

[3] FOREGN OFFICE, 371/9005, Lord Curzon to Sir H.Rumbold (Lausanne), 5 May1923, P162.

هۆزەکانی ناوچەکەدا کۆبوونەوەو بڕیاری ئەویاندا که ڕەواندز لەرووی کارگێڕییەوە بەلیوای هەولێر ببەسترێتەوەو قائیمقامی تیایدا دابمەزرێ[٣٢].

ڕەواندز لای بریتانییەکان گرنگیو بایەخی خۆی هەبوو بەهۆی شوێنە جیۆگرافییەکەی کە کۆنترۆلی ڕێگای سنووری باکووری ڕۆژهەلاتی دەکرد، چونکەکۆنترۆلکردنی دەبووە بەربەستێك لەبەردەم جموجۆلو پروپاگەندەی تورکەکان[٣٣]. ئەگەر بزانیین تا ئەو کاتەش تورکەکان پروپاگەندەیان بۆ ئەوە دەکرد کە دەسەلاتیان بۆ ولایەتی مووسلّ دەگەڕێتەوە. هەر بۆیە دەبوو ئینگلیزەکان لەناوچەکەدا دەسەلاتێك دابمەزرێننو کەسێکیش تیایدا بکەن بەفەرمانڕەوا لەخۆیان نزیك بێتو جێگای متمانەی ئەوان بێت، لێرەشدا سەید تەهای نەهری چاکترینو شیاوترین کەس بوو بۆ فەرمانڕەوایی ناوچەکە لەبەر ئەوەی دەسەلاتێکی فراوانی لەناوچەکەدا هەبووو جێگای ڕێزی خەلّکی دەڤەرەکە بوو، جگە لەوەش دوژمنی سەرسەختی کەمالییەکان بوو، یتر ئەوە وای کرد کە ئینگلیزەکان دوای پرسکردن بەسەرۆك وەزیرانی حکومەتی عیراقی، سەید تەهای نەهری لە4ی مایسی1923 بەقائیمقام لەسەر ڕەواندز دابمەزرێنن[٣٤].

بریتانییەکان بەمەبەستی پاراستنی ڕەوشی ئاسایشی ڕەواندز جگە لەهێزی سەید تەهاو سەردارانی ناوچەکە هێزێکی سەربازی ئاشوورییەکانیان لەدەڤەرەکەدا جێ هێشت بۆ ئەوەی هاوکاریو

---

[٣٢] د.محمد مظفر الادهمي، المصدر السابق، ص 52.

[٣٣] أ . م. مينتشاشيفيلى، المصدر السابق، ص ص 326-327.

[٣٤] د. وليد حمدى، سەرچاوەی پێشوو، ل143؛ د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا زەنگەنە، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2001، ل482.

هەماهەنگی سەید تەها بکەن لەڕێکخستنو دابینکردنی ئاسایش تیایدا[١٣]، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە حکومەتی عیراقیدا کەوتنە ڕاوێژ کردن تا دەسەڵاتی سەید تەها جێگیر تر بکەن. چونکە لەنامەیەکیدا پشکنەری کارگێڕی بریتانی لە 9ی مایسی 1923 کە بەزمانی عەرەبی بۆ سەید تەهای ڕەوانە کردووە دەڵێ:" **بە پێی ئەو ڕاگەیاندنەی کە لەوەزارەتی ناوخۆوە لەبەغدا پێمان ڕاگەندراوە ئێوە کراون بەقائیمقامی شارۆچکەی ڕەواندز کە سەر بەلیوای هەولێرە. بۆ ئەوە پێویستە کاربەدەستانی دادگاو دارایی‌و کارگێڕی‌و پۆلیس دامەزرێنن بەپێی ئەو بودجەی کە ڕەزامەندی لەسەر کراوە، وە دەسەڵاتی ئەوەتان پێدراوە کە تا شەش هەزار ڕوپیە لەمانگێکدا خەرج بکەن بۆ مەبەستی دامەزراندنی دەزگاکانی حکومەتی عیراقی بڕیاردرا کە سێ هەزار ڕوپیەتان بۆ تەرخان بکرێت، دەربارەی دەسەڵاتی دادگایتان لەژێر گفتوگۆ دایە هیواداریین بەو زووانە لەمەش ئاگادارتان بکەین لەگەڵ هەندێ زانیاریتر کە پەیوەندی بەوەزیفەکەتانەوە هەیە**"[١٤].

لەڕاستیدا مانەوەی کێشەی مووسڵ بەهەڵواسراوی لەدوای واژۆکردنی پەیماننامەی لۆزان لە24ی تەمموزی 1923 و چارەسەرنەکردنی لەکۆنگرەی

[3]FORIGN OFFICE 371/9005,Telegram From the Acting High Commissioner for Iraq to the secretary of State for the Colonies,11may 1923,P.66;

قسطنطين بيتر وفيج ماتفيف بارمتى، الاشوريون و المسالة الاشورية في العصر الحديث، الطبعة الاولى، دمشق، 1968، ص 130؛ کرێکار عبداللە حسین، کورد و ئاشوری، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی گەلاوێژ، ئۆفسێتی داناز، سلێمانی، 1998، ل 138.

[١٤] بڕوانە پاشکۆی ژمارە ( 3 ) .

قوستەنتینیە لەمایسی-حوزەیرانی1924[تر]، کێشەکەی خستەبەردەم کۆمەڵەی گەلان لە 6ی ئابی 1924 دا، هەر بۆیە کۆمەڵەی گەلانیش بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکیدا لە30ی ئەیلولی 1924 تا ڕەوانەی ناوچەکەی بکا، ئەنجام لیژنەکە لە16ی کانوونی دووەمی1925 گەیشتە بەغداو دواتریش سەری لەمووسڵو شارو شارۆچکەکانی دیکەدا. فازڵ حوسێن لەبارەی هەڵوێستی ڕەواندزەوە دەڵێ:" **لەمەرکەزی ڕەواندز کە دانیشتوانێکی دواکەوتووی تێدا بوو زۆربەی ئەوانەی پرسیاریان لێکرا مەیلیان بەلای عیراق دابوو**"[یر]. هەروەها ڕۆژنامەی(ئەل ئیستقلال)یش لە دوو ژمارەی خۆیدا بیروڕای خەڵکی ڕەواندز بڵاودەکاتەوە کە وتویانە:"**مووسڵ بەشێکە لە عیراقو جیاناکرێتەوە ناشێ عیراق بەبێ ئەوبژی**"و" **ئێمە فەیسەڵی یەکەمان هەڵبژارد کە لەنەوەی پێغەمبەرمانە، وە خۆمان بەعیراق بەستایەوەی بەشێوەیەکی وا هێزێك نەبێت لێکمان بکاتەوە، ئەگەر تورك ویستی دەست بگرێت بەسەر شارۆچکەکەمان ئێمە**

[تر]کۆنگرەی قوستەنتینییە لە19ی مایسی 1924 لەباڵەخانەی کۆنی عوسمانی بە ناوی قاسم پاشا لەئەستەنبۆل لەنێوان نوماینەدەی بریتانی بەسەرۆکایەتی سێر برسی کۆکس کۆمیسیاری باڵای بریتانی لە عیراق و نوماینەدەی تورکی بەسەرۆکایەتی فەتحی پاشا سەرۆکی ئەنجوومەنی نشتیمانی تورکی گەورە بەسترا بۆ مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەی ویلایەتی مووسڵ. ئەگەرچی کۆنگرەکە بەردەوام بوو لەکارەکانی تا 24 ی تەمموزی 1924 بەڵام چارەسەری کێشەکەی پێنەکراو خستیە بەردەم کۆمەڵەی گەلان. بۆ زیاتر زانیاری لە مەڕ ناوەرۆکی کۆنگرە کە بڕوانە: بیار مصطفى سيف الدين، السياسة البريطانية تجاه تركيا واثرها في كوردستان 1923-1926، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل، 2004، ص 161 ومابعدها.

[یر]د. فاضل حسين، سەرچاوەی پێشوو، ل 162.

**ئامادەیین کە پارێزگاری بکەین هەتا دوا توانامان..."**[تر]. سەرباری **ئەمانەش مەعروف چیاووک**[یر] **وەکو کەسایەتییەکی ناوچەکە دەنگی خۆی**

---

[تر]جریدة الاستقلال( الموصل)، العددان( 9 ⁄2⁄ 1925،27 ⁄2⁄1925). لە: د. عبدالامیر هادي العکام، الحرکة الوطنیة في العراق1921-1933، مطبعة الاداب، النجف الاشرف، 1975، ص ص 197-198. وةرطيراوة .

[یر]مەعروف چیاووک ، ناوی تەواوی مەعروف کوڕی عەلی ئەسغەر ئەفەندی کوڕی حاجی مەولوود ئەفەندی یە، دایکی ئامینە خان لە بنەماڵەی بابانەکانە، بە ئەسڵ خەڵکی دێی سرێشمەی سەر بە ناوچەی ڕەواندزە و لە دایك بووی ساڵی 1885 ە ، خوێندنی سەرەتایی‌و ڕوشدیەی لەبەغدا تەواو کردووە دواتر بۆ مەبەستی خوێندن ڕووی کردۆتە ئەستەنبۆڵو بروانامەی بەکالۆریۆسی لەکۆلیژی ماف بەدەست دەهێناوە. لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەستوری عوسمانی1908 دەچێتە ڕیزی حزبی ئازادیخوازی عوسمانی و گەلێك گوتار لەڕۆژنامەکانی ئەو کاتە دەنووسێ، دوای گەڕانەوەشی بۆ بەغدا لە1912 ڕۆژنامەیەك بە ناوی(ئەلحقوق) لەبەغدا بەزمانی عەرەبی دەردەکات. ئینجا لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی بەشداردەبێت و ئەنجام دیل دەکرێت و ڕەوانەی وڵاتی بۆرما دەکرێت. لەپاش جەنگیش کە دەگەڕێتەوە ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت‌و دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران و دواتریش ژمارەیەك پلەوپایەی کارگێڕی وەردەگرێت تا خانەنشین دەکرێت. چیاووك لە21ی کانوونی دووەمی 1958 لە بەغدا کۆچی دوایی دەکات و لەسەر وەسیەتی خۆی لاشەکەی دەهێنەوە هەولێر بە خاکی دەسپێرن. بۆ زیاتر زانیاری لە چالاکییەکانی بڕوانە: د. ئیسماعیل شوکر ڕەسول، مەعروف چیاووك 1885-1958 لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویە، گۆڤاری زانکۆ، ژمارە (22) ، ئابی 2004، ل ل5 – 26؛ کەریم شارەزا، لە کەسایەتییە ناودارەکانی هەولێر ماڤپەروەرو کارگێڕی‌ونووسەرو کوردپەروەر مەعروف جیاووك 1885-1958، گۆڤاری هەولێر، ژمارە ( 2)، بەهار 1999، ل ل183-191؛ احمد جمال جیاووك، معروف جیاووك في دائرة الضوء، مجلة زاگروس، العدد(14)، 27 کانون الثاني 1999، ل 72.

خستۆتە پاڵ دەنگی ئەوانەی کە مووسڵ یان بەبەشێکی جیانەکراوە لە عێراق داناوە[ت].

کاتێکیش لێژنەکە گەڕایەوە بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی کۆتایی‌و دوا بڕیاری کۆمەڵەی گەلان، حکومەتی عێراقی لە20ی ئابی1925 بۆ مەبەستی بەدواداچوونی چارەسەرکردنی کێشەکە بڕیاریدا کەوا وەفدێك ڕەوانەی کۆمەڵەی گەلان بکا بەسەرۆکایەتی ناجی سویدی(1882-1942) وەزیری دادو ئەندامییەتی هەریەك لە جەعفەر عەسکەری(1885–1936) نوێنەری سیاسیی عێراق لە لەندەن‌و بەتریك یوسف عەمانۆئیل ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران‌و ئەرشەد عومەری نوێنەری مووسڵ‌و ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی نوێنەری هەولێر، بەڵام نەئەنجومەنی نوێنەران‌و نەباوەڕپێکراوی کۆمیسیاری بریتانی لە عێراق بەو بڕیارەی حکومەت ڕازی نەبوون. چونکە باوەڕپێکراوی کۆمیسیاری بریتانی لە نامەیەکیدا کە ئاراستەی مەلیك فەیسەڵی کردووە وتوویەتی:"**... من ڕازی نەبووم لەسەر دانانی ئەرشەد عومەری‌و ئیسماعیل ڕەواندزی ، ئەرشەد من لێی بەگومان بووم کە نوێنەری تورکی لە جنێف بەلای خۆیانی کێش بکەن‌و، ئیسماعیلیش گەنجەو بۆ ئەوکارە دەست نادا ...**"[ی].

وێڕای دانانی سنوورو بەستنی پەیمانی عێراقی تورکی بریتانی لە5ی حوزەیرانی 1926[س]و یەکخستنی هەوڵی دەوڵەتە هاوسێیەکان کە یەکێك

---

[ت] معروف جیاووك، القضية الكردية، مطبعة الاستقلال، بغداد، 1925، ص 22.

[ی] عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارت العراقية، الجزء الثاني، الطبعة السابعة، دار الشؤون الثقافية العامة(( أفاق عربية)) بغداد، 1988 ص ص 79-80.

[س] بۆ زیاتر زانیاری لە مەڕ ناوەڕۆکی پەیماننامەکە بڕوانە: د. فاروق صالح العمر، المعاهدات العراقية – البريطانية و اثرها في السياسة الداخلية 1922-1948، دار

لەئامانجەکانیان بنەبڕکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بوو. بەڵام ئەمجارەیان شۆڕشگێران هەوڵیاندا بە شێوازێکی تۆکمەتر بێنەوە مەیدان. هەر بۆیە ئەو سەرکردە کوردانەی باکووری کوردستان کە لەئەنجامی سەرنەکەوتنیان لەشۆڕشی 1925[تر] ئاوارەی پارچەکانی دیکەی کوردستان ببوون، دەکەونە پەیوەندییەوە لەگەڵ هەندێ لەئەفسەرو پلەداری کورد لەناو حکومەتی عیراقیدا وەك سەید تەهای نەهری لەڕەواندزو محەمەد ئەمین ڕەواندزی[یر]، ئیسماعیل حەققی شاوەیس[تر] و مەعروف چیاووك لە

---

الحرية للطباعة، بغداد، 1977،ص139 ومابعدها؛ بيار مصطفى سيف الدين، المصدر السابق، ص 261وما بعدها.

[تر]بۆ زیاتر زانیاری لە مەڕ شۆڕشی 1925 بڕوانە: ڕۆبەت ئۆڵسن، سەرچاوەی پێشوو.

[یر]محەمەد ئەمین ڕەواندزی کوڕی مەلا حەسەنی ڕەواندزییە و ناسراوە بە ئەمین ڕەواندزی، لەساڵی 1898 لە ڕەواندز لەدایك بووەو هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، ئینجا کۆلێژی سەربازی تا لەساڵی 1922 لەوسوپای عیراقی پلەی مولازمی دووەمی وەرگرتووەو هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی دیکە بەشداری لەحکومەتی شێخ مەحموود کردووە وانەی مەشقی سەربازی لەیەکێك لەقوتابخانەکانی سلێمانی وتۆتەوە، ئەمین ڕەواندزی ڕۆڵی کاریگەری دیوە لەبزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا تا لەساڵی 1946 خانەنشین کراوە. لە 7ی تشرینی دووەمی 1955 بە نەخۆشیەکی گران کۆچی دوایی کردووە و لەگۆرستانی(باب المعظم) لە بەغدا نێژراوە. بەڵام وسییەتەکەی نەهاتۆتە جێ کە داوای کردبوو لەسەر یەکێك لەچیایەکانی ڕەواندز بیشارنەوە. عەبدوڵڵا زەنگەنە، ژیانەوەو شوێنی لەڕۆژنامەنووسی کوردیدا1924-1926، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2001، ل ل 48-49؛ کەمال ڕەئوف محەمەد، پەرەیێکی وونی رۆژنامەنووسی کوردی یەکەم ڕۆژنامەی هەولێر، گۆڤاری کاروان، ژمارە (48)، ئەیلولی 1981، ل ل 74-95؛ ئەمین چاوڕەش رەواندزی، مرۆڤی نیشتمان پەروەرو ڕۆژنامەنووس ئەمین ڕەواندزی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (675) لە 3 ی ئایاری 1994.

مووسڵدا، تا بەیەکەوە نەخشەو پلانی ئەوە دابڕێژن‌و تۆڵەی قوربانییانی شۆڕشی 1925ی باکووری کوردستان بکەنەوە[یب]. هەر بۆیە شێخ مەهدی برای شێخ سەعیدی پیران لەنامەیەکیدا لە19ی حوزەیرانی1926 کە بۆ ئەمین ڕەواندزی‌و مەعروف چیاووك ڕەوانەی کردووە داوای هاوکاری چەك‌و تفاق‌و پێداویستی جەنگی‌و چەند ئەفسەرێکییان لێدەکات،  بەڵام لەبەر ئامادەنەبوونی ئەمین ڕەواندزی یەکێکی دیکە هەڵدەستێ بەکارەکەو لەوەڵامدا لە22ی تەمموز هەندێ لەداواکاریەکانی بۆ ڕەوانە دەکات[یج]. کە

---

[یا]ئیسماعیل حەققی شاوەیس، ناوی تەواوی ئیسماعیل حەققی عەلی ڕەسوولێ ئەحمەد ئاغایەو لە ساڵی1894 لە مووسڵ لەدایك بووە، سەرەتا لەحوجرە خوێندوویەتی و لەدواتریش چۆتە قوتابخانەی ڕوشدیەی عەسکەری لە سلێمانی کە لەساڵی 1904 خوێندنی تیایدا تەواو کردووە، ئینجا بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە بەغدا لە وێشەوە بۆ ئەستەمبۆل تا قوتابخانەی جەنگیی تەواو دەکات‌و دەبێتە ئەفسەری سوپاو پلەی مولازمی دووەمی وەرگرتووە. ئەو کەڵە پیاوە ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕاوە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان تا لە 12ی مایسی 1976 لە نەخۆشخانەی سلێمانی کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ خەباتی بڕوانە: دڵشاد مەحموود عەبدوڕڕەحمان، ئیسماعیل حەققی شاوەیس ( 1894-1976 ) توێژینەوەکی مێژووییە ((لە بارەی چالاکییە رامیاری و ڕۆشنبیرییەکانەوە))، چاپی یەکەم، بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر، 2004.

[یب] د. عبدالفتاح علی یحیى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية ملاحظات تاريخية و دراسات اولية، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل، 2001، ص669؛ ڕەفیق سالح، گۆڤاری دیاری کورستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2001، ل 91.

[یج]د. عبدالفتاح علی یحیى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، ص ص 671-675.

ئەمەش جەخت لەسەر یەکرێزیو گیانی هاوکاری نێوان شۆڕشگێرانی کوردستان دەکات کە هەموویان یەك ئامانجیان هەبووە. ئەوە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە ئەوەی لێرەدا جێ سەرنجە ئەوەیە کە ئەمین ڕەواندزی لەم مانگەدا بەسەردانێك دەچێتەوە ڕەواندزو هاوکاتیش هەریەك لەشێخ عەلی کوڕی شێخ سەعیدی پیران، سەید عەبدوڵلای کوڕی شێخ عەبدولقادری نەهری، ئیسماعیل بەگی ڕەواندزیو شێخ سەدیقی برای شێخ ئەحمەدی بارزانی هاتوونە ئەوێ[تر]. بۆیە دەتوانرێ بوترێ، کە هاتنی ئەوانە لەیەك کاتدا بۆ ڕەواندز دوورنییە بۆ ئەوە بووبێت تا بیروڕای خۆیان سەبارەت بەهاوکاریو هەماهەنگی شۆڕشگێرانی باکووری کوردستان لەگەڵ سەید تەها تاووتۆ بکەن. چونکە شێخ مەهدی لەدوابەشی نامەکەیدا داوای ئەوە لەئەمین ڕەواندزی دەکات کە زانیاری دەربارەی کوڕەکانی شێخ سەعیدو سەید تەهاو شێخی بارزانی بۆ ڕەوان بکات[یە].

جێگای ئاماژە بۆ کردنە پەناهێنانی سمکۆی شکاك لەتشرینی یەکەمی 1926 بۆ ڕەواندز جارێکی دیکەش دەسەڵاتی ناوەندی لەناوچەکە کردە دەرەوە، چونکە بەهاوکاریو هەماهەنگی سەید تەهای نەهریو خەڵکی ڕەواندز توانی دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرێو دەسەڵاتی ناوەندی تیایدا نەهێڵێ[سە]. لێرەشدا لەڕاپۆرتێکی بریتانیدا هاتووە:"**... دەوروبەری کۆتایی**

---

[تر]زاری کرمانجی، ژمارە 2 ، 12 ذی العقدة 1344، ل 20، سەرچاوەی پێشوو.

[یە]د. عبدالفتاح علی یحیی البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، ص673.

[سە]عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل 175-176؛ صالح محمد امین، کورد و عەجەم ((مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران))، چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، 1929، ل 391؛ یاسین خالید حسن، کردستان الشرقیه دراسه فی الحرکه التحرریه

**مانگی تشرینی یەکەم سمایل ئاغای سەرەك هۆزی شوکاك کە بەسمکۆ ناسراوە دژی حکومەتی ئێران شۆڕشی بەرپا کرد،... خۆیو صەد کەس لە پیاوەکانی پەنایان هێنایە بەر عیراق دوای ئەوەی لەڕێگەی تورکیاوە نزیك نەهری سنووری بڕیو هاتە ڕەواندزی سەر بەهەولێر"**[تر]. ئەنجام حکومەتی عیراقی کەوتە هەلپەی ئەوەی هێرش بکاتە سەر ناوچەکەو سمکۆی لێبکاتە دەرەوە، بەلام لەگەل سەرنەکەوتنی لەهێرشەکانی ڕازی بوو کە سمکۆ لەناوچەکانی دەوروبەری ڕەواندز بمێنێتەوە[یر].

بە پەنابردنەوەی سمکۆ بۆ سنووری تورکیا لە مایسی 1928 جارێکیتر هێزەکانی حکومەتی تورکی تەنگەتاویان کردو سمکۆ گەڕایەوە ئەو شوێنانەی کە لەسنووری عیراقدا لێ بوو، ئەمەش مەترسی زیاتر بۆ هەموو لایەك پەیدا کرد هەر بۆیە عەلائەدین سەجادی لەم بارەیەوە دەلێ:"... **مەندوبی سامی بەغدا سەیری کرد ئەگەر((سمایل ئاغا)) بەجۆرە لەسەر ئیش بڕوا، ئارەزووەکانی ئەوو تەرنەکانی هەموو تێك ئەچن!. ئەمجا هێنای حوکومەتی عیراقی هەلخڕان بۆ ئەوە کە لەگەل حوکومەتی ئێرانا قۆل بکەن بە قۆلی یەکا بۆ لەناو بردنی((سمایل ئاغا))!. لەعەینی وەختا ئەمانەی هەموو کردو هەر دوو حوکومەتەکە بە جاری کەوتنە پەلاماردانی**

---

القومیه فیما بین الحربین 1918-1939، رسالە ماجستیر غیر منشورە، کلیە الاداب جامعە صلاح الدین / اربیل، 1995، ص132.

[تر] د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، ل 121.

[یر] عبدالرزاق الحسنی ، تاریخ الوزارات العراقیة، الجزء الثاني، ص ص 193-194.

**سمكۆ، ((سمكۆ)) له‌ پاش شه‌ڕێكی زۆر دیسان گه‌ڕایه‌وه‌ بۆ خاكی توركیا"**[1].

لێره‌دا ده‌توانرێ بوترێ، هاتنی سمكۆ بۆ ڕه‌واندزو ده‌روروبه‌ری‌و مانه‌وه‌ی بۆ ماوه‌یه‌ك له‌وێدا، ده‌سه‌ڵاتی ناوه‌ندی له‌ناوچه‌كه‌دا نه‌هێشتووه‌و له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا مه‌ترسی‌و دڵه‌ ڕاوكێیه‌كی زۆری بۆ هه‌ر دوو حكومه‌تی عیراقی ئێرانی‌و ده‌سه‌ڵاتدارانی بریتانی له‌ناوچه‌كه‌دا دروست كردووه‌، هه‌ر بۆیه‌ به‌هه‌موو لایه‌ك هه‌وڵی خۆیان خستۆته‌ گه‌ڕو هاوكاری یه‌كتریان كردووه‌. هه‌روه‌ها له‌دواتریش هه‌وڵی ئه‌وه‌یان داوه‌ كه‌ ده‌ستی ئه‌و هاوكاری‌و هه‌ماهه‌نگییه‌ی سمكۆ له‌ باشووری كوردستان به‌گشتی‌و ڕه‌واندز به‌تایبه‌تی ببڕن كه‌ سه‌ید ته‌های نه‌هری داینه‌مۆی ئه‌و هاوكارییه‌ بووه‌. چونكه‌ ئه‌گه‌ر ته‌ماشا بكه‌ین سه‌ید ته‌های نه‌هری له‌ماوه‌ی قائیمقامیه‌تی له‌ ڕه‌واندزدا ڕۆڵێكی كاریگه‌ری له‌ بزاڤی ڕزگاریخوازی كوردستاندا بینیوه‌، جگه‌ له‌هاوكاری بۆ په‌ناهه‌ندانی شۆڕشی 1925 و یارمه‌تی دانی سمكۆ، له‌گه‌ڵ هه‌ندێ گه‌وره‌ پیاوان په‌یوه‌ندییان به‌ شۆڕشگێران له‌ ئاراراتیشه‌وه‌ كردووه‌[2]، هه‌ر بۆیه‌ له‌دواتر فیلێكیان بۆ سه‌ید ته‌ها نایه‌وه‌و كه‌وته‌ داویه‌وه‌. له‌و باره‌یه‌وه‌ش عه‌زیز شه‌مزینی ده‌ڵێ:**"سیاسه‌تی بریتانیا به‌ناوه‌رۆك له‌گه‌ڵ به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی گه‌لی كورددا ڕێك نه‌ده‌كه‌وت. هه‌ڵسوڕێنه‌رانی سیاسه‌تی ئیمپریالیستی‌ی بریتانیا له‌و بڕوایه‌دا بون كه‌ بۆ ئه‌نجامدانی سیاسه‌تی ناوخۆیان ده‌بێ به‌شێكی ڕابه‌رانی كورد له‌ناو به‌رن. یه‌كێ له‌وانه‌ش كه‌ بڕیاری له‌ ناوبردنی درا سه‌ید ته‌ها بوو، له‌به‌ر ئه‌وه‌ ئینگلیزه‌كان په‌نایان برده‌ به‌ر ڕه‌زا شاو هه‌ر به‌فیتی ئه‌وانیش ڕه‌زا شا ناردی**

---

[1] عه‌لائه‌دین سه‌جادی، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل 176.

(2)E.O.371/13032.Teleg.Secret.No.S.O.1587, Baghdad.July10, 1928 Secretariat of H.C.toCol.o) له‌ د. عثمان علی، المصدر السابق، ص527. وه‌رگیراوه‌)

**بە شوێن سەید تەهاداو داوای لێ کرد سەری لێبدا بەو بیانوەی گوایە دەیەوێ دوایی بەگێروگرفتەکانی سەر سنوری عراقو ئێران بێنێو ئەو مەسەلانە ساغ کاتەوە کە پەیوەندییان بە موڵکی تایبەتی سەید تەهاوە هەیە کە بەشێکی لەچوار چێوەی سنووری ئێران دابوو**"[تر]. ئیتر سەید تەها لەسەر بانگهێشتی ڕەزا شا لە13ی تشرینی دووەمی 1928 بەسەردانێك دەچێتە تارانو لەژێر پاڵەپەستۆی دەسەڵاتدارانی ئێران لەوێدا دەمێنێتەوەو لە29ی کانوونی دووەمی 1929 دەست لەکار هەڵگرتنی خۆی لەقائیمقامیەتی ڕەواندز بۆ حکومەتی عیراقی ڕەوانە دەکاتەوە[یە].

شیاوی باسە، لەپێشترا ئاماژەمان بۆ بەشداری کردنی چەکدارانی شێخ ئەحمەدی بارزانی(1892-1969) لەڕاپەڕینەکەی ڕەواندزو یەکخستنی هەوڵەکانیان بۆ یارمەتی دانی پەنابەرانی خەباتگێری شۆڕشی1925ی باکووری کوردستان کرد. بەڵام ئەگەر بێتو تەماشا بکەین یارمەتی ئەو دوو ناوچەیە بۆ یەکتر هەر بەوەندە ناوەستێتەوە. ئەوەتە لەکاتێکدا کە ئەحمەد بەگی بگۆك سەرۆکی عەشیرەتی باڵەکی لەناوچەکانی ڕۆژئاوایی ڕەواندز پشێوی دەنێتەوە هێمنیو ئاسایش تێکدەدات هێزێکی لیڤی دوای دەکەویتو، لە تشرینی دووەمی 1927 پەنا بۆ شێخ ئەحمەد لە بارزان دەبات[سە]. جگە لەوەش لە ڕاپۆرتێکی بریتانی لە 24ی کانوونی یەکەمی 1929 هاتووە یەکێك لەپیاوەکانی شێخ ئەحمەد بەناوی عەلی کوڕی محێ وتوویەتی شێخ ئەحمەد بەردەوام لەناوچەکانی ڕەواندزو زاخۆوە نامەی بۆ

---

[تر]عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل 156.

[یە]زاری کرمانجی ، ژمارە (18)، 27 ی ئازاری 1929، سەرچاوەی پێشوو.

[سە]پێ ڕەش، العراق دوله بالعنف، مطبوعات کردۆلوجیا رقم 2، 1986 ، ص 37-38.

دێت سەبارەت بەسەربەخۆیی کوردستان[تر]. ئەوە سەرەڕای ئەوەی لە ڕاپۆرتێکی دیکەشدا هاتووە کاتێك شۆڕشگێرانی ئاراڕات دەشکێن‌و ئاوارەدەبن شێخ ئەحمەدی بارزانی نامە بۆ هەندێك لەسەرۆك هۆزە کوردەکان، لەوانە ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی ناردووە، بە مەبەستی یارمەتی دانی ئاوارەکان[یر].

ئەڵبەتە ئەوانەی ئاماژەمان بۆ کردن ئەوە نیشان دەدات کە لەزووەکەوە شێخ ئەحمەدی بارزانی پەیوەندی لەگەڵ ئەو ناوچەیەدا هەبووەو دەسەڵاتی پەلی هاوێشتووە بۆ ئەوێ، هەر بۆیە موتەسەڕڕیفی هەولێر لە نووسراوێکیدا لە 18ی مارتی1931 کە بۆ پشکێنەری بریتانی لیوای هەولێر لەکەرکوك ڕەوانەی کردووە دەڵێ:"**... من پشگیر ئەوە دەکەم کە لەڕاپۆرتەکەتاندا هاتووە دەربارەی فراوان بوونی دەسەڵاتی شێخی بارزان بۆ ناوچەی ڕەواندز، ئەو دەسەڵاتە ئەو ڕۆو ئەو ساڵ بەدەستی نەهێناوە، بەڵکو زیاتر لەسێ چوار ساڵ دەبێت...**"[سم]. وەلێ حکومەتی عیراقی لەبەرانبەر

---

(4) Air,23/416/6088,FromS.S.O.Musul to Air staff.Intelligence, Hinaidi,24,December,1929.

د. سروه أسعد صابر، كوردستان الجنوبية 1926-1939 دراسة تاريخية، سياسية، الطبعة الاولى، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، السليمانيه، 2006 ص ص175-176. وەرگیراوە.

(1) Fo.730/61/1,Intelligence Report.No3, February25, 1931 S.S.O.Musal.

لە: د. عثمان على، المصدر السابق، ص586. وەرگیراوە.

(سم) ملف وزارة الداخلية 1931، رقم الملف:27/اربيل/1، موضوع الملف: حركات السيد طه وعلاقاتهم مع العصابات البارزانية، متصرفية اربيل قلم التحريرات، سري، العدد77/س، اربيل في 18/5/1931، الى مفتش اداري لواء اربيل، الموضوع: نفوذ الشيخ البارزانى. لة : د. اسماعيل شكر رسول، اربيل دراسة تاريخية

ئەو پەل هاوێشتنە دەبوو هەنگاوێك باوێت، چونکە شێخ ئەحمەد لەگەڵ ئەوەی لەناوچەکەدا دەسەڵاتی ئازاد بوو لەهەندێ کاتیش ڕێگر بوو لەبەردەم بڕیارەکانی حکومەت، لەبەر ئەوەی کاتێك حکومەت بڕیاری نیشتەجێ کردنی ئاشوورییەکان لەناوچەکانی برادۆستی سەر بەناوچەی ڕەواندز دەدات شێخ ئەحمەد بەمەترسی لەسەر دەسەڵاتەکەی دەزانیو دەکەوێتە دژیەوە[تر]. هەر لەو بارەیەوە ڕاپۆرتێکی بریتانی لە ساڵی1927 ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە شێخ ئەحمەدی بارزانی دەستی کردووە بەپروپاگەندەی ئەوە لەناوچەی برادۆستدا گوایە ئاشوورییەکان لەشوێن خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە نیشتەجێ دەکەنو خەڵکەکەش ئاوارە دەکەن، هەروەها هەر لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بۆ ئەوەش کراوە کە ئەو پروپاگەندەیە کاریگەری کردۆتە سەر خەڵکی ناوچەکەو پشێوی لەناوچەکە دروست کردووە[یر]. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانیین شێخ ئەحمەد لەبەرانبەر ئەو بڕیارەی حکومەت هەر بەوەندە نەوەستاوە، بەڵکو لەگەڵ هەندێ لەئەفسەرەکانی ناو سوپای عیراق دەستیان کردووە بەخرکردنەوەی واژۆی سەرۆك هۆزە کوردییەکان لەدژی ئەو کارە، بەڵام کاتێك نووسراوەکە دەبەنە برادۆست بۆ لای شێخ ڕەشیدی لۆلان تا واژۆی بکات، شێخ ڕەشید لەگەڵ ئەوەی واژۆی دەکات، بەڵام لەدواتردا خەبەر بەقائیمقامی ڕەواندز کەریم بەگ (1928-1932) دەداتو کەریم بەگیش پیاوەکە دەگرێتو ڕەوانەی هەولێری دەکات[سم].

---

فی دورها الفكري و السياسي (1958-1939)، الطبعة الثانية،، مطبعة بينايى، السليمانية،2005، ص 46. وەرگیراوە.

[تر] د. عثمان على، المصدر السابق، ص 576.

[یر] پێ ڕەش، العراق دولة بالعنف، ص 40.

[سم] عەلائەدین سەجادی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 164.

ئەگەرچی نیشتەجێ کردنی ئاشوورییەکان لەبرادۆست سەری نەگرت بەهۆی پێکنەهاتنی ئاشوورییەکان لەناو خۆیان لەسەر زەوی[٦٣]، بەڵام حکومەت هەر دردۆنگ بوو لە شێخ ئەحمەدی بارزانی، بۆیە دەبوو بەهەر شێوازێك بێت لەکۆڵ خۆی بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش لە تەمموزی 1931 کەوتنە پروپاگەندەی ئەوەوە کە شێخ ئەحمەد لەدین هەڵگەڕاوەتەوە بۆتە مەسیحیو خواردنی گۆشتی بەرزای حەڵاڵ کردووە[٦٤]. لێرەشدا ئەفسەری هەواڵگریی بریتانی لەهەولێر لە ڕاپۆرتێکیدا لە 29ی تەمموزی1931 ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شێخ ئەحمەدی بارزانی نامەیەکی بۆ شێخ ڕەشیدی لۆلان لە ناوچەی برادۆستدا ڕەوان کردووەو داوای ئەوەی لێکردووە کە بێتە ناو دینە نوێکەیەوە، بەڵام بەرەتکردنەوە ئەو داواکارییە شێخ ئەحمەد هێزێکی بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفای برای ڕەوانەی سەر شێخ ڕەشید کردووە[٦٥]. بەڵام مەسعود بارزانی لەکتێبەکەیدا بەپێچەوانەی ئەوە باسی لەڕووداوەکە کردووەو دەڵێ:" **کاربەدەستان کەوتنە هاندانی هۆزەکانی دژی بارزان، لەهاوینی 1931دا برادۆستییەکان پەلاماری هۆزی شێروانی ناوچەی بارزانیان داو گوندەکانی(گرکال و کۆلەو باکێ)یان تالان کردو ماڵەکانیان سووتاند. لەو سەردەمەدا بارزانی سەردانی ئەو ناوچەیەی دەکرد چەند کەسێکی کۆکردەوەو شوێن تالانکەران کەوت تا لەدەشتی هێرت گەیشتە سەریان، پاش لێکدانێکی کوتوپڕ ماڵومالاتی ئەو گوندانەی لێ سەندەوە. جارێکی دیکەیش پەلامار هەر لەو ناوچەیەدا روویدایەوە لە**

---

[٦٣]لیورا لوکیتزا، العراق و البحث عن الهویة الوطنیة، ترجمة: دلشاد میران، الطبعة الاولی، اربیل، 2004 ، ص 48؛ امین سامی الغمراوي، قضیة الاکراد في شمال العراق، الطبعة الاولی، دار النهضة العربیة، القاهرة، 1967، ص 102.

[٦٤]لونگریك، المصدر السابق، ص 319.

(2)Air23/311 memorandum from S.S.O 29-7-31. لە: د.عثمان علی، المصدر السابق، ص 580. وەرگیراوە.

**1931/11/25دا، دیسان بارزانییەکان پێشی پەلامارەدەرانیان گرت، شێخ ئەحمەدی بارزانی ڕۆژی 1931/11/27 وەلی بەگی بەهێزێکی گەورەوە ناردو ڕووی تێکردن، یەکەم پێکدادان برادۆستییەکان رایانکردو ئەوتالآنەی هێنابوویان بە جێیان هێشت، بەڵام وەلی بەگ بەوە وازی لێ نەهێنانو تا نێو ماڵەکانیان دوایان کەوت، لەم شەڕەدا برادۆستییەکان تووشی شکانێکی خراپ بوون"**[تر]. بۆیە دەتوانرێ بوترێ، کە حکومەت ئەو کارەی بۆ ئەوە کردووە تا ئاژاوە لەناوچەکەدا بنێتەوەو دوژمنداری لە نێوان بارزانییەکانو برادۆستییەکان دروست بکات، چونکە تەنیا برادۆستییەکان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەوەوە کە شێخ ئەحمەد لەدین لای داوە، ئەگەر بزانیین یەکێکی وەکو ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی ئەو پروپاگەندەی بە درۆیەکی تەواو زانیوە[یر].

لەڕاستیدا شێخ ئەحمەد دواتر هەوڵیداوە کێشەی نێوانیان چارەسەر بکات، لەبەر ئەوەی لە ڕاپۆرتێکی ئەفسەری هەواڵگریی بریتانی لە مووسڵ هاتووە کە شێخ ئەحمەد لە 13ی کانوونی دووەمی 1932 وەفدێکی ڕەوانەی لای شێخ ڕەشید کردووەو داوای ئاشتەوای کردووەو، بۆ نییەت پاکی خۆشی هەندێ کەلوپەلی برادۆستییەکانی ڕەوانەکردۆتەوە کە بارزانییەکان لەشەڕەکاندا دەستیان بەسەر داگرتووە[سم]، جگە لەوەش داوای لەحکومەت کردووە کە بێتە ناوەندیانو کێشەکە چارەسەر بکات، هەر بۆیە حکومەتیش هەڵدەستێ بەپێکهێنانی لیژنەیەك لەهەردوو موتەسەڕڕیفی مووسڵو هەولێر لەگەڵ قائیمقامی ڕەواندزو زێبار، بەڵام کاتێك لیژنەکە

---

[تر] مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 25.

[یر] هاملتون، المصدر السابق، 236.

(1) CO174/11,144637 Intelligence Report No 1,January 13 1932 .S.S.O.Musul.

لە: د. عثمان علی، المصدر السابق، ص 581. وەرگیراوە.

بەئامادەبوونی نوێنەرانی هەر دوولا لەسەرەتای مانگی تشرینی دووەمی1931 لە ئاکرێ کۆدەبنەوە هیچ ئەنجامی لێناکەوێتەوە[تر]، جارێکی دیکە شەڕ دەکەوێتەوە نێوانیان‌و چەکدارانی شێخ ئەحمەد هێرش دەکەنە سەر ناوچەکانی قەڵەمڕەوی شێخ ڕەشیدو هەندێ لەدێیەکان دەسووتێنن‌و شێخ ڕەشیدیش ناچار دەکەن بچێتە سنووری ئێرانەوە[ير]. ئیتر حکومەت بەو کارەشی هیچی لەگەڵ شێخ ئەحمەدا پێ نەکرا بۆیە دەبوو ڕاستەوخۆ ڕووبەرووی بێتەوە کە ئەنجام بەپاڵپشتی فڕۆکەکانی بریتانی توانی شێخ ئەحمەد لە ناوچەکە بکاتە دەرەوەو پەڕاگەندەی تورکیای بکات[سم].

دوا ئاکامی ئەو مانۆڕە سەربازییانە حکومەتی عیراقی بەهاوکاری هێزی ئاسمانی بریتانی لەناوچەکە جارێکی دیکەش هێمنی‌و ئارامی‌و ئاسایشی بۆ ناوچەکانی ڕەواندز گێڕایەوە. بەم بۆنەشەوە مەلیك فەیسەڵ لە16ی ئابی 1932 سەردانێکی ناوچەکانی کوردستان دەکات‌و سەر لەبنکەیەکی سەربازی لەهاوینە هەواری جوندییان دەدات‌و ڕۆژێکی تەواو لەوێدا دەمێنێتەوەو سەر لە دێهاتەکانی ناوچەکە دەدات[شم].

---

[تر]حسن مصطفى، البارزانيون و حركات بارزان 1932-1947، طبعة الثانية، بغداد، 1983، ص 48؛ حامد محمود عيسى، المصدر السابق، ص 158.

[ير]دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم، ل 374.

[سم]عزيز حسن البارزاني، الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان العراق 1939-1945، الطبعة الاولى، دار سپيريز للطبعة و النشر، مطبعة وزارة التربية، اربيل، 2002، ص39.

[شم]ناجي شوكت، سيرة وذكريات ثمانين عاماً 1894-1974، الجزء الاول، بغداد، 1990، ص201.

گەیشتن بەلوتکەی پەیوەندییەکانی حکومەتی عیراقی لەگەڵ بریتانییەکان بە گوێرەی پەیماننامەکانی کە بەستبوویان ڕێگای لەبەردەم حکومەت خۆشکرد تا لە تشرینی یەکەمی1932 ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلاّنو سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت. کە لێرە بەدواوە مێژووی سیاسیی عیراق بەگشتی پیّ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە، کە لەگەلیشیەوە باری کوردستانیش گۆرانی بەسەردادێت.

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری دووەم:

## ڕەواندز لە قۆناغی یەکەمی سەربەخۆیی عیراقیدا ( 1932 – 1939 )

ڕەوتی ڕووداوە مێژووییەکان لەسالآنی قۆناغی یەکەمی سەربەخۆیی عیراقدا جیاوازە لەقۆناغی بەر لەخۆیو دوای خۆی، لەبەر ئەوەی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە شێوازو کردارێکی جیاواز بەخۆیەوە دەبینێت. بەلآم ئەوەی تایبەتدارە بەڕەوشی سیاسیی ڕەواندز لەو قۆناغەدا ئەوا لەسەرچاوە مێژووییەکان شتێکی ئەو تۆ باسی لێوە نەکراوەو ڕەوشی شارەکە کەوتۆتە کزی. بۆیە لێرەدا دەتوانرێ بوترێ، ئەو باس نەکردنەو کزیە لەئەنجامی چەند هۆکارێکەوە سەریهەڵداوە کە لەخوارەوە ڕیزبەندیان دەکەنو یەکە یەکە لەسەریان دەوەستینو باسیان لێوە دەکەین:

**یەکەم:** نەمانی ڕەواندز وەکو مەڵبەندی ڕووداوو نزیك لەمەڵبەندی ڕووداو، لەبەر ئەوەی ئەگەر بێتو تەماشا بکەین ئەوا لەسالآنی دوای داگیرکردنی ڕەواندز لەلایەن ئینگلیزەکان لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی، لەلایەك ڕەواندز دەبێت بەمەڵبەندی ڕووبەڕوو بوونەوەی دەسەلآتی داگیرکاری بریتانییەکانو، لەلایەکی دیکەشەوە بەشوێنو پەناگای ئەو کەسانەی کە لەدەسەلآتی ئینگلیزەکان هەڵدەگەڕانەوە(1)، ئەوە سەرەڕای ئەوەی لەنیسانی 1921 بەدواوە تا 22ی نیسانی1923 ڕەواندز دەبێت بەپێگەیەك بۆ پڕوپاگەندەی تورکەکان بۆ گێڕانەوەی دەسەلآتیان بۆ ولآیەتی مووسڵ. هەر بۆیە لەو سەردەمەدا ڕەواندز بە مەڵبەندی سەرهەڵدانی ڕووداوەکان دادەنرا.

---

(تر)مەبەستمان پەناهێنانی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند و سەید محەمەدی جەباریو هاوشێوەی ئەوانن کە لە دەسەلآتی ئینگلیزەکان هەڵدەگەرانەوە و ڕەواندز دەبووە پەناگەیان.

لەلایەکی دیکەشەوە دوای گێڕانەوەی دەسەڵاتی ئینگلیز بۆ ناوچەکە لە22ی نیسانی 1923و دامەزراندنی سەید تەهای نەهری وەکو قائیمقام لەوێدا، ئەو جارەیان ڕەواندز دەبێتە مەڵبەندی نزیك لەڕووداوەکان، لەبەر ئەوەی ئەگەر بێتو تەماشا بکەین دەبینین ڕەواندز دەبێت بە شوێنو پەناگای ئەو کەسانە، کە لەدەسەڵات هەڵدەگەڕانەوەو ڕاپەڕینو شۆڕشیان ئەنجام دەدا، ئەوە سەرەڕای ئەوەی یارمەتیش لەڕەواندزەوە بۆ ڕاپەڕینو شۆڕشەکانی دەورووبەر ڕەوانە دەکران[تر].

شیاوی باسە لەقۆناغی یەکەمی سەربەخۆیی حکومەتی عیراقی بەگشتی ڕاپەڕینی چەکداری لەکوردستان لەو ماوەیەدا نامێنێ تا ڕەواندز لەسەرچاوە مێژووییەکان وەکو مەڵبەندی ڕووداوو نزیك لەمەڵبەندی ڕووداو باسی لێوە بکرێت. لەبەر ئەوەی ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین شێخ مەحموود لەئاوباریك لە 1931 تێك دەشکێو[یر]، شێخ ئەحمەدی بارزانیو هاوڕێکانی لەدوای ئاوارە بوونیان بۆ تورکیاو گەڕانەوەیان بۆ عیراق نەفی

---

[تر]مەبەستمان پەناگای ئەوانەیە کە لە دوای سەرنەکەوتنی شۆڕشی 1925 بەسەرۆکایەتی شێخ سەعیدی پیران لەباکووری کوردستان لەدەسەڵاتی تورکە کەمالییەکان ڕزگاریان ببووو هەڵاتبوونە ناوچەکە، یەکێك لەوانە سەید عەبدوڵڵای کوڕی سەید عەبدولقادری شەمزینی لەناوچەکە پەنادرابوو، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە سمکۆی شکاك لەگەڵ شکانی لەساڵی 1926 هاتە ناوچەی ڕەواندزو ماوەیەك لەوێدا پەنادرا لە لایەن سەید تەهای نەهریو خەڵکی ناوچەکە. ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە لە لایەن سەید تەها و ئیسماعیل بەگی ڕەواندزیەوە یارمەتی بۆ شۆڕشگێرانی ئاڕارات ڕەوانە کرا. بڕوانە تەوەری یەکەمی بەشی دووەم.

[یر]بۆ شکانی شێخ مەحموود لەئاوباریك بڕوانە: م. ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان، ل774 و بەدواوە.

ناوچەکانی خواروو دەکرێن[تر]. هەروەها شۆڕشی ئاراراتیش بەسەرۆکایەتی ئیحسان نووری پاشا[یر] لەباکووری کوردستان لەلایەن دەسەلأتدارانی حکومەتی تورکی بەئاگرو ئاسن کۆتایی پێدەهێنریٚ[سم]. ئەوە سەرەڕای ئەوەی لە ڕۆژهەلأتی کوردستانیش سمکۆی شکاك لە بۆسەیەکی دەسەلأتدارانی حکومەتی ئێرانی لە 18ی تەممزی 1930 تیرۆر دەکرێت [شم]. ئیتر ئالیەتێکی وا لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان نامێنیٚ تا کار بکاتە سەر ڕەوتی ڕووداوە مێژووییەکان لە کوردستان بە گشتیو ڕەواندز بە تایبەتی لەو قۆناغەدا.

---

[تر]بۆ زانیاری لە مەڕ نەفی کردنی شێخ ئەحمەدو بارزانییەکان بڕوانە: مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل44 -48.

[یر]ئیحسان نووری پاشا: ناوی تەواوی ئیحسان نووری کوڕی عەلی قولییەو لە سالّی 1893دا لەگەرەکی عەلی قولیی شاری بەتلیس لەدایك بووە و، سالّی 1910 بۆتە ئەفسەری سوپا، لەپاشان ڕۆلّی کاریگەری لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەباکووری کوردستان دەگێرێتو سەرکردایەتی شۆڕشی ئارارات لە سالأنی( 1927- 1931) دەگرێتە ئەستۆ تا نوشیستی هێنانی ڕووی دەکاتە ئێرانو لە(تاران)ی پایتەخت دەمێنێتەوە و لە 8ی مارتی 1976 کۆچی دوایی دەکات. ئیحسان نوری بیتلیسی، شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە تورکیا، وەرگێڕانی: م. جەمیل ڕۆژبەیانی، بەغدا، 1993، ل ل 4-7.

[سم]بۆ شۆڕشی ئارارات و ئەنجامەکەی بڕوانە: ئیحسان نوری بیتلیسی، هەمان سەرچاوە.

[شم]بۆ چۆنیەتی داڕشتنی پلانی تیرۆرکردنی سمکۆی شکاك بڕوانە: یاسین خالید حسن، المصدر السابق، ص136؛ عەبدولّلا سەمەدی، تیرۆری سمال ئاغای سمکۆ بە گێڕانەوەی ئاجودان هاشم-ی ئەحمەد زادە ، لە ئینتەرنێتەوە (WWW.DENGEKAN.COM/doc/2004/10/Abdullahsamade18.pdf) وەرگیراوە.

**دووەم:** چوونی سەید تەهای نەهری بۆ تارانی پایتەختی ئێران لە13ی تشرینی دووەمی 1928و دەست لەکارکێشانەوەی  وەکو قائیمقامی ڕەواندز لە29ی کانوونی دووەمی 1929 هۆکارێکیترە لەهۆکارەکان، لەبەر ئەوەی سەید تەهای نەهری خاوەن دەسەلاتو نفوزێکی زۆر بوو لەناوچەکەو لەلایەن دەسەڵاتی حکومەتی عیراقیو بریتانییەکان حیسابی بۆ دەکرا. هەروەها خودی سەید تەهای نەهری خۆشی لەگەڵ سەرکردە کوردەکان پەیوەندی باشی هەبووەو ڕۆڵی کاریگەری گێڕاوە لەناردنی هاوکاریو هەماهەنگی بۆیان. ئیتر بەنەمانی ئەو لەناوچەکە قائیمقامێکیتر لەڕەواندز دەسەڵاتی وەرنەگرت وەکو ئەو خزمەت بەو شارە بکاتو پەرەی پێبدات. هەر بۆیە خەڵکی ناوچەکە سەردەمی سەید تەهای نەهری بەقۆناغێکی پرشنگدار لەمێژووی ڕەواندز لەقەڵەم دەدەنو بە قۆناغی پێشکەوتنو پەیڕەو کردنی دادپەروەری باسی لێوەدەکەن[تر].

[تر] دیمانەیەك لەگەڵ ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی، هەولێر، لە 12ی حوزەیرانی 2005.( ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی لەساڵی 1922 لەڕەواندز لەدایك بووە و بەئەحمەد دیاب ناسراوە، قۆناغی خوێندنی سەرەتای لەڕەواندز تەواو کردووە، دواتریش بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندنی هاتۆتە هەولێرو لەگەڵ قۆتابییەکانی شاری کۆیە چالاکی زۆریان نواندووە لەلێدانی بلاوکراوە لەدیوارەکانی شاری هەولێر لەدژی کارو کردەوەکانی حکومەت کە لەئەنجام شەوێکیان کەوتوونەتە بەر ڕێژنەی گولەی حەس حەسەکان. ناوبراو لە دواتر چۆتە ڕیزی پارتی هیوا و بەشداری لە شۆڕشی( 1943- 1945 ) بارزان کردووە  لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول، ئێستاکەش لە ژیان ماوە و لە هەولێر لە گەرەکی برایەتی نیشتەجێیە).

**سێیەم:** لەدەستدانو نەمانی کەسایەتی بەناوبانگو ناسراوی شارەکە ئیسماعیل بەگی ڕەواندزیو کوشتنی لە دۆڵی نیشاوێ[تر] لە 8ی حوزەیرانی 1933 لە ئەنجامی دوژمندارییەکی کۆنی بنەماڵەکەی لەگەڵ بنەماڵەی باویل ئاغادا[یر]، کوردستانی بەگشتیو ڕەواندزی بە تایبەتی

---

[تر] دۆڵی نیشاوێ دەکەوێتە سەر ڕێگای نێوان سپیلكو خەلیفان لەژێر گوندی سەرچیایە. چالاك میرانی، پارچە هەورێکی زیندووی سەر ئاسمانی شارەکەم بیرەوەریەکانی بنەماڵەی باویل ئاغای رواندزی، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2003، ل 78.

[یر] سەبارەت بە چۆنیەتی سەرهەڵدانی دوژمنداری نێوان بنەماڵەی ئیسماعیل بەگو باویل ئاغا بیروڕای جیاواز هەیە کە سەرەتاکەی بۆ کوشتنی سەعید بەگی عەولا پاشای باوکی ئیسماعیل بەگ دەگەڕێتەوە، ناوبراو لەساڵی 1918 بەر لەهاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە کوژراوە. یەکەمیان کوشتنەکە دەخەنە ئەستۆی سەلیم ئاغای حەمەدەشین کە خزمی نووری باویل ئاغایە گوایە ئەو هەڵساوە بەو کارە. دووەمیان سلێمان بەگی سیلاحشۆڕ بەو کارە تاوانبار دەکەن. سێیەمیشیان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە یەکێك بەناوی(مامەری باس) سەعید بەگی کوشتووە بێ ئەوەی بزانرێ کە ئەو کارەی بە قسەی کێ کردووە. جا بۆ مەبەستی پەردە لادان لەسەر ڕاستییەکان فەخری بەگی شەمسەدین بەگی سیلاحشۆڕ کە نەوەی سلێمان بەگە لەوەڵامی پرسیارێکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردو وتی: سەرەڕای بوونی کۆنە ناخۆشییەکی سلێمان بەگ و باویل ئاغا لەلایەك و سەعید بەگ لەلایەکی دیکەوە کە بۆ سەردەمی حوکمڕانی عوسمانییەکان لەناوچەکە دەگەڕایەوە، بەڵام سلێمان بەگ دەستی لەکوشتنی سەعید بەگ دا نەبووە، بەڵکو موسەبیب بووە، لەبەر ئەوەی سەعید بەگ سەرکێشی لەقسەی عەولا پاشای باوکی کردووە ئەویش هەڵساوە شکایەتی لای سلێمان بەگ لێکردووە و داوای ئەوەی لێکردووە کە ئامۆژگاری بکات، لەبەر ئەوەی خزمی یەکتربووینە، هەر بۆیە سلێمان بەگ هەڵساوە بانگی سەعید بەگی کردووە و پێ وتووە دەبێت هەموو ڕۆژێك تۆ بێیتە باتاس کە ئەو

لەوێدا دەسەڵاتدار بووە. ئەنجام ڕۆژێك لەڕێگا سەعید بەگ کوژراوە. بەڵگەی بۆ قسەکەشی ئەوە بوو کە باوکی فەخری بەگ کە دەکاتە کوڕی سلێمان بەگ لەگەڵ باوکی بەشداری پرسەنامەکەی کردووە و سلێمان بەگ وتوویەتی: دەبێت هەر خۆی تۆڵەی سەعید بەگ بکاتەوە. ئیتر سەرهەڵدانی ئەو دوژمنداریە هەر چۆنێك بوو بێت ئەوا لەدواتر لەنێوان بنەماڵەی ئیسماعیل بەگو باویل ئاغا توندتر دەبێت، چونکە ئیسماعیل بەگ بنەماڵەی باویل ئاغای بەبکوژانی باوکی داناوە.

شیاوی باسە کاتێك ئینگلیزەکان هاتن بۆ ناوچەکەو زۆری پێنەچوو نووری باویل ئاغا سەر کێشی لەفەرمانەکانی کردنو بەندکراو لەدەست بەندییەکان هەڵات، ئینگلیزەکان ئەو هەڵەیان قۆستەوە کاتێك حاکمی سیاسیی بریتانی لەهەولێر فەرمانی بە ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی کرد کە پیاوەکانی ڕەوانەی سەر ماڵی باویل ئاغا بکات تا کوڕەکانی دیکەی دەستگیر بکات لەجێگای نووری دا، ئەنجام شەڕ دەکەوێتە نێوانیانو دوو کوڕی باویل ئاغا بە ناوی مستەفاو کەریم لەگەڵ کوڕێکی نووری دەکوژێن، کە لەپێشتر ئاماژەمان بۆ کرد. لەبەرانبەردا بنەماڵەی باویل ئاغا لەلای خۆیانەوە وای لێکدەدەنەوە کە ئیسماعیل بەگ بۆیە ئەو کارەی کردووە تا تۆڵەی باوکی بکاتەوە ئەگەرچی لەڕاستیدا وانەبووە، چونکە مستەفای عەلی باویل ئاغا دەڵێت: باوکم دەیووت: بەو دوایانە بۆمان ڕوون بۆوە کە ئیسماعیل بەگ دەستی لەکوشتنی براکانم دانەبووە، بەڵکو یەکێك لەخاڵۆانەکانی بە ناوی عەدیل ئاغا ئەو کارەی کردووە. درێژە کێشانی ئەو دوژمنداریە تەشەنە دەکات تا ئەو کاتەی کە لە ساڵی 1933 سەباحی نووری باویل ئاغا(1918؟ -1941) لە شاری هەولێر خوێندکار دەبێت لەقۆناغی ناوەندیو لەناو شاردا دووگولە لە ئیسماعیل بەگ دەداتو بریندداری دەکات، بەڵام ئیسماعیل بەگ چاك دەبێتەوەو لە بەردەم مەلا فەندی و مستەفا قەرەداغی حاکمدا، دەڵێ: هەر چەندە دەستم لەکوشتنی هەردوو کوڕەکەی باویل ئاغا دا نییە، بەڵام با ئەو دوو گولەیەی سەباح ببێتە بەرانبەری خوێنی ئەو دوو جوانە مەرگەو لە سەباحی نووری باویل ئاغا خۆش دەبێت. کەچی مستەفا قەرەداغی حاکم لەگەڵ ئەوەشدا حوکمی حەوت ساڵ

بەندی بۆ سەباحی نووری باویل ئاغا دەبڕتەوە. نووری باویل ئاغاش ئەو کاتە کە مولازمی پۆلیس دەبێت لەدهۆك لە کاری فەرمی میریدا بۆ مەبەستی دڵدانەوەی دایکی دێتەوە گوندی سەرچیا و لە ماڵی حەمەدە شین میوان دەبێت. بۆ ڕۆژی دواتریش بۆ مەبەستی بەڕێکردنی نووری دێنە سەر ڕێگاو ئیسماعیل بەگی ڕەواندزیش لەشەقلاوە کە مێوانی ڕەشید بەگی میران بووە لەو شەوەدا بەرە ڕەواندز دەگەڕێتەوەو لەڕێگادا لەدۆڵی نیشاویٚ هەر دوولا بەیەك دەگەنو دەبێتە شەڕ لەنێوانیان . عەلی باویل ئاغا دەڵێت: هەر چەندە ئێمە بۆ بەرێکردنی نووری لەوێدا وەستا بووین، بەڵام کار لەکار ترازو بوو بەشەڕمان. ئەنجام ئیسماعیل بەگی ڕەواندزیو حەسەن عەبدوڵڵاو حەسەن قادر دەکوژرێنو سلێمان بەگی دەرگەڵەش برینداردەبێتو مامۆ ڕەواندزیش بۆی دەردەچێت. لەماڵی باویل ئاغاش مەلا عەزیزی کوڕی باویل ئاغاو حەسەنی حاجی عەبدولڕەزاق دەکوژرێنو نووریو عەلی باویل ئاغاو سەلیمی حەمەدەشینی بریندار دەبن. بەمەش حکومەتی عیراقی بریاری بەندکردنی نووریو عەلی باویل ئاغاو سەلیمی حەمەدەشینی دەدات، ئیتر دوای هەشت ساڵان بە فەرمانی پادشای لە 1941 بە یارمەتی یونس سەبعاوی کە ولاش زاوای نووری باویل ئاغای دەبێت بەر دەبن. ئەسعەد عەدۆ، سەرچاوەی پێشوو؛ دیمانەیەك لەگەڵ فەخری شەمسەدین بەگی سیلاحشۆڕ لە 24ی حوزەیرانی 2005 هەولێر؛ دیمانەیەك لەگەڵ زولێخا حوسێن حەمەد،هەولێر، لە 20ی تەموزی 2005.( زولێخا خان خێزانی سێیەمی عەلی باویل ئاغایەو ساڵی 1933 لە ڕەواندز لەدایك بووە ئێستاکەش لەژیان ماوە لە گەرەکی برایەتی شاری هەولێر نیشتەجێیە)؛ دیمانەیەك لەگەڵ فەرهاد سەباح نووری باویل ئاغا، هەولێر، لە20ی تەموزی 2005.( فەرهاد سەباح نووری باویل ئاغا لە 1938 لە ڕەواندز لە دایك بووو دەرچووی سیٚ ناوەندییە، ئێستاکەش خانەنشینەو لەگەرەکی برایەتی شاری هەولێر نیشتەجێیە)؛ دیمانەیەك لەگەڵ مستەفا عەلی باویل ئاغا سەرهەنگی پۆلیس و بەرێوەبەری بەندیخانەی، هەولێر، لە 19ی حوزەیرانی 2005(مستەفا عەلی باویل ئاغا لە 28ی مارتی 1963 لە ڕەواندز لە دایك بووە و دەرچووی

لەداكۆكی كەرێكی سەربەخۆیی كوردستان كرد[٣٠]. لەبەر ئەوەی بەگوێرەی قسەی هاملتۆنی[٣١] ئەندازیار ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی هەردەم بەئومێدی پێشكەوتن‌و سەربەخۆیی كوردستان بووەو، ئەوەی بۆ دەسەڵاتدارانی ئینگلیز دووبارە كردۆتەوە كە پێویستە كوردستان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەكو سویسرای لێبێت[٣٢]. بۆیە دەتوانرێ بوترێ، بە لەدەستدانی ئەوە كەڵە پیاوە خەسارەتێكی گەورە لەمێژووی گەلی كورد كەوتووە كە جێگای مەترسی عەرەبەكان‌و ڕیزی دوژمنەكانی بووە[٣٣]، هەروەها لەدەستدانی ئیسماعیل بەگ‌و كوشتنی كاریگەریەكی زۆری هەبووە لەسەر ناوچەكە بەگشتی‌و ڕەواندز بەتایبەتی ئەگەر بزانیین

---

كۆلێژی پۆلیسی زانكۆی بەغدایە لە ساڵی 1985 ئێستاكەش بەڕێوەبەری بەندیخانەی هەولێرە).

[٣٠]معروف ضیاووك، ماساة بارزان المظلومة، الطبعة الثانية، اربيل، 2001، ص 84.

[٣١]هاملتون، ناوی تەواوی( ای. ام. هاملتون)ە كە سەر پەرشتی ڕێگای هەولێر - ڕەواندز - ڕایەتی كرد و لە دواتریش ڕێگاكە بە ناوی ئەوەوە ناوی دەركرد.

[٣٢]هاملتون، المصدر السابق، ص 234.

[٣٣]ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی دەڵێ: " عەرەبەكان بەردەوام دەیان ووت (اللهم احفظنا من شر إسماعيل بگ،ومعروف جياووك)" ، مستەفای عەلی باویل ئاغاش دەڵێ:" باوكم تا مردیش وێنەیەكی ئیسماعیل بەگی لە ماڵەوە هەڵواسیبووو لەسەر وێنەكەی نووسیبوو بریا ئەو گولەی لە تۆمدا لە چاویی خۆم بدابا خوا ئەو دەستە ببڕێ كە دوژمنداری خستە نێوانمانەوە...". دیمانەیەك لەگەڵ ئەحمەد مەحمەد عەلی ئاغای جوندیانی، هەولێر، لە 12ی حوزەیرانی 2005 هەولێر؛ دیمانەیەك لەگەڵ مستەفا عەلی باویل ئاغا سەرهەنگی پۆلیس و بەڕێوەبەری بەندیخانەی هەولێر لە 19ی حوزەیرانی 2005 ، هەولێر.

**دوژمنداریەکە لە دواتر ڕەواندزی کردووە بەدوو بەشەوەو باری شارەکەی شلەژاندووە[تر].**

**چوارەم: داخستن‌و دەرنەچوونی گۆڤاری زاری کرمانجی خاڵێکی دیکەی کاریگەریەکە بوو[یر]، لەبەر ئەوەی زاری کرمانجی لە ژمارەکانیدا وەکو**

---

[تر]دوژمنداریییەکە ئەوەندە کاریگەری کردۆتە سەر ڕەوشی ناوخۆی ڕەواندز، مالی باویل ئاغا کە لەگەرەکی سەرەوە بوون ئەگەر کارێکیان هەبوایە دەبوو یەکێك ڕەوانە بکەن‌و مالی ئیسماعیل بەگیش لەگەرەکی خوارەوە بە پێچەوانەوە. دیمانەیەك لەگەڵ فەرهاد شاکر مەجرووم، سلێمانی، لە 8ی حوزەیرانی 2005(فەرهاد شاکر مەجرووم لە 8ی حوزەیرانی 2005 ئوتێل ئاشتی سلێمانی. (فەرهاد شاکر مەجرووم لە سالی 1936 لە ڕەواندز لە دایك بووە و دەرچووی خانەی مامۆستایانی بەعقووبەیە سالی 1958-1959، ناوبراو بۆ یەکەمین جار وەکو مامۆستا لە سالی 1959 لە دەرگەلە دادەمەزرێت، ئێستاکەش لە کاری فەرمی لە بەرێوەبەرایەتی هۆکانی فێرکردنە لە سلێمانی)" دیمانەیەك لەگەڵ ئەحمەد مەحمەد عەلی ئاغای جوندیانی لە 12ی حوزەیرانی 2005 هەولێر.

[یر]گۆڤاری زاری کرمانجی دوای دەرچوونی 24 ژمارە لە 23ی تەمموزی 1932 وەستێنرا. حوسێن حوزنی موکریانی لە بیرەوەریەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ڕەزابەگی ئیسماعیل بەگ قائیمقامی ڕەواندز(1932-1935) جەلال بابانی موتەسەرریفی هەولێری لێهانداوە بە ڕادەیەکی وا کە چاپ کردنی گۆڤاری زاری کرمانجی لێ قەدەغە بکات‌و مۆڵەتی بلاوکردنەوە لێ وەربگرێتەوە، چونکە ڕەزا بەگ زۆر هەولی داوە لەگەڵ حوسێن حوزنی موکریانیدا تا چاپخانەکەی بگوازێتەوە بۆ شاری سلێمانی تا لە وێدا دەنگ بداتەوە نەوەك لەڕەواندز، هەروەها زۆر جاریش ئەوەی پێوتوە کە پێویستە بچێتە سلێمانی و لە ڕەواندز چی هەیە؟ و لەوێدا چاپخانە دابمەزرێنێ و لەگەڵ نەوجەوانەکانی ئەوێدا ڕێك بکەوێ. حوسێن حوزنی، سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2007، ل 18.

سەرچاوەیەکی مێژووی وابوو بۆ گێڕانەوەو نووسینەوەی مێژووو ڕووداوەکانی ناوچەکە. هەر بۆیە ئەگەر بێتو سەیر بکەین دەبینین چەندین هەواڵی جیاجیاو ڕووداوەکانی، کە ڕۆژانە لەناوچەکە ڕوویداوە نووسیوەتەوە باسی لێوە کردووە. بۆ نموونە فلانەکەس هاتە ڕەواندزو فلان سەردانی کردو فلان لەوێدا حەسایەوەو چەندان شتیتر لەم جۆرە بابەتانە[تر]. ئیتر بە لەدەستدانی ئەو گۆڤارە سەرچاوەیەکی سەرەکی مێژووو گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناوچەکە ون بووەو لەبەردەستان نەماوە.

**پێنجەم:** گواستنەوەی کاری سیاسیی لەدەست شێخو سەرۆك هۆزو ئاغاکان بۆ دەستی قوتابیان لەو قۆناغەدا ڕووداوەکانی لەڕەواندز دوورخستەوە، لەبەر ئەوەی لەو سەردەمانەدا تەنیا قوتابخانەی سەرەتایی لە ڕەواندز هەبوو، بۆیە دەبوو قوتابیان بۆ تەواو کردنی خوێندن ڕووبکەن هەولێرو کەرکوك دواتریش شاری بەغدای پایتەخت تا لەوێدا خوێندن تەواو بکەن، بەمەش زۆر ڕۆڵەی نیشتمانپەروەری لەڕەواندز دووردەخستەوە. ئەگەرچی ئەو نیشتمانپەروەرانە لەشارەکانی هەولێرو کەرکوك لەکارنەکەوتوونو تێکەڵاوی ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانە دەبوون، کە لەوێدا بوونیان هەبووەو لەکاتی گەڕانەوەشیان بیروراکانی ئەو کۆمەلانەیان بۆ ڕەواندز دەگوێزایەوە[یز]. ئەوە سەرەڕای ئەوەی دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە قوتابیەکانی خەڵکی ڕەواندز هەر بەوەندە نەوەستاون، بەڵکو بەهاوکاری لەگەڵ قوتابیانی شاری کۆیە لەشاری هەولێر شەوانە بلاوکراوەیان لە دژی

---

[تر]بۆ زانیاری زیاتر لە مەڕ ئەو بابەتە سەیری ژمارەکانی زاری کرمانجی بکە کە ڕۆژانە هەواڵەکانی ناوچەکەی بلاوکردۆتەوە.

[یز]بۆ زانیاری زیاتر لەمەڕ ڕۆڵیو چالاکی ڕەواندزییەکان لەکۆمەڵەو ڕێکخرواەکانی ئەو سەردەمە بڕاونە: بەشی سێیەم تەوەری دووەم.

کارو کردەوەکانی حکومەت لەدیوار داوەو کەوتونەتە بەر ڕێژنەی گولەی حەس حەسەکانی حکومەتەوە[تر].

**شەشەم:** سەپاندنی دەسەڵاتی ڕەهای حکومەتی عیراقی لەکوردستان بەگشتیو ڕەواندز بەتایبەتی دوای دروستکردنی ڕێگای گەلی عەلی بەگ ناسراو بەڕێگای هاملتۆن، کە مەبەست زیاتر کار ئاسانی کردن بوو بۆ دروستکردنی ئۆردووی سەربازیو بنکەی پۆلیسی بۆ ڕێگرتن لەبەردەم ئەو کەسانەی کە لەناوچەکە شكو گومانی ئەوەیان لێدەکرا کار بۆ بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەییو پێگەیاندنی لاوانو خەڵکی ناوچەکە دەکەن. ئەوەتە حوسێن حوزنی موکریانی(1894-1947) لەبیرەوەرییەکانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چەندین جار لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەت ئازارو ئەزیەت دراوەو گۆبەندی بۆ نراوەتەوە[یر]. لەبەر ئەوەی زانیویانە ناوبراو کاریگەری لە سەر بیروباوەڕی خەڵکی ناوچەکە هەبووەو خەڵکی ناوچەکەش شایەدی ئەوەی بۆ دەدەن کە وەکو مامۆستایەکی بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوایەتی بووەو کاریگەری هەبووە بە سەر هەندێکیانەوە[سم].

---

[تر] دیمانەیەك لەگەڵ ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی، هەولێر، لە12ی حوەزیرانی 2005.

[یر] حسین حوزنی موکریانی، بەرهەمەکانی،ل ل 9-11.

[سم] دیمانەیەك لەگەڵ ئازاد جوندیانی سلێمانی، 9ی حوزەیرانی2005.( ئازاد عەبدولوەهاب محەمەد عەلی ئاغا جوندیانی ساڵی 1960 لە دایك بووە و دەرچووی خوێندنی ئامادەییە، ناوبراو لەبەر کاری سیاسیی نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات، ئێستاکەش بەرپرسی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەو لە سلێمانی نیشتەجێیە).

**حەفتەم:** دووری ڕەواندز لەبەغدای پایتەخت هۆکارێکیترە بۆ بەشدارنەکردنی ناوچەکە لەهەندێ ڕووداو کە لەمێژووی عیراق لەو سەردەمە بەگرنگ دادەنرێت، لەبەر ئەوەی ڕەنگە هەندێ ڕووداو گۆڕانکاری لەدەسەلات ڕوویدا بێت کاریگەری نەکرد بێتە سەر ڕەواندزو لەناوچەکە دەنگی نەدابێتەوە. چونکە سەبارەت بەکاریگەری کودەتاکەی بەکر سدقی[تر] لە 29ی تشرینی یەکەمی 1936[یر] لەسەر ڕەواندز هەر ئەوەندەمان لەبەر دەستە کە محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی بەهۆی هاوڕێیەتیو نزیکایەتی لەگەڵ بەکر سدقیداو دوای دامەزراندنی حکومەتی حیکمەت سلێمان( 1964–1889) لە 29ی تشرینی یەکەمی 1936 تا 17ی

---

[تر]بەکر سدقی کوڕی شەوقی لە ساڵی 1890 لە بەغدا لە دایك و باوکێکی کورد لە دایك بووە، ساڵی 1908 لە کۆلیژی سەربازی تورکی لە ئەستەنبۆل تەواوکردووە و لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی پلەی بەرزبۆتەوە بۆ موقەدەم. ناوبراو ساڵی 1921 پەیوەندی بە سوپای عیراقییەوە کردووە و لە ساڵی 1928 پلەی بەرز بۆتەوە بۆ سەرهەنگ. هەروەها بەشداری لە چالاکی لێدانی ئاشوورییەکانی لە سمێل کردووە. ئیتر پلەی بەرزبۆتەوە تا بۆتە فەریق. بەکر سدقی سەرکردایەتی کودەتای ساڵی 1936 کردووە تا لە ئابی 1937 لە مووسڵ تیرۆرکرا. نجدة فتحي صفوة، العراق في الوثائق البريطانية سنة 1936، الطبعة الأولى ، جامعة البصرة، 1983، ص 60؛ د. كمال مظهر احمد، صفحات من تاريخ العراق المعاصر" دراسات تحليلية"،الطبعة الأولى، بغداد، 1987، ص ص 119، 129.

[یر]بۆ زانیاری زیاترلە مەڕ کودەتاکەی بەکر سدقیو دامەزراندنی حکومەتی حیکمەت سلێمان بڕوانە: حازم المفتي، العراق بين عهدين ياسن هاشمي و بكر صدقي، مطبعة سومر، بغداد،1990 .

ئابی 1937 بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەو ماوەیە لە بەغدا ماوەتەوە[٣٣].

ماوەبلێین سەرباری ئەوانەی ئاماژەمان بۆ کردن. ئەو گۆڕانکارییە هزرییەی کە جیهان بەخۆیەوەی بینی دوای هاتنە سەر حوکمی نازییەکان لەئەڵەمانیا لەساڵی 1933 کە ئەدولف هیتلەر[٣٤]سەرکردایەتی دەکردو کاریگەری کردە سەر زۆربەی وڵاتانی جیهانی، کوردستانیش وەکو بەشێك

---

[٣٣] دیمانەیەك لەگەڵ ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی، هەولێر، لە12ی حوزەیرانی 2005.

[٣٤] ئەدولف هیتلەر، ساڵی 1890 لەشاری برنو کە دەکەوێتە نێوان سنووری ئەڵمانیاو نەمسا لە دایك بووە، باوکی فەرمانبەرێکی ئاسایی گومرك بووە. هیتلەر لەگەڵ ئەوەی تەمەنی بچووك بووە، بەڵام زۆربەی کاتەکانی خۆی بە بیرکردنەوە لەداهاتوو و خوێندن بە سەر بردووە و لەسەر داواکاری باوکی هیتلەر چۆتە خوێندنی هونەری و بەسەرکەتووی قۆناغی خوێندنی بریوە. مردنی باوکی لە تەمەنی سێزدە ساڵی و دایکیشی لەدوای باوکی کاریگەری لەسەر ژیانی هیتلەر کردووە. ناوبراو بەشداری لەجەنگی یەکەمی جیهانی کردووەو لەئابی 1919 پارتی کرێکارانی ئەڵمانی سۆسیالیستی نیشتمانی دامەزراندووە کە بە پارتی نازی ناسراوە. ناوبراو کەسایەتییەکی شۆڤێنی بووە لەبیروڕاکانی بە تایبەت بۆ نەتەوەی ئەڵمانی. هیتلەر بەردەوام دەبێت بۆ بەدەست هێنانی هیواو ئاواتەکانی تا ئەو کاتەی کە لەناو حکومەتی ئەڵمانی پلەی بەرزدەبێتەوە تا دەگاتە سەرۆکی حکومەت، لەبەر ئەوەی یەکێك لەئارەزووەکانی هیتلەر دەست بەسەرداگرتنی تەواوی جیهانی بووە کە ئەوەش لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام بەو ئاواتەی نەگەیشتووو لەجەنگدا شکاوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هیتلەر بڕوانە: أدولف هتلر، كفاحي، الطبعة الثانية، دار الكتب الشعبية، بيروت، لبنان 1975؛ د. عبدالوهاب القيسي، د. عبدالجبار العطوي، د. طارق نافع الحمداني، تاريخ العالم الحديث 1914-1945، الموصل ، 1983، ص 98-100.

لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو كاریگەرییە بێبەش نەبوو، چونكە هیتلەرییەكان لەسەرەتای ساڵی 1935 رادێویەكی تایبەتییان لەڕۆژهەڵات دامەزراند بۆ مەبەستی بڵاوكردنەوە بیروباوەڕەكانیان‌و كاریگەرییان بەسەر خەڵكی ناوچەكە[تر]، لێرەشدا شایەدحاڵێك لەڕەواندز ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە خەڵكی زۆر تامەزرۆی گوێ گرتن بوون لەهەواڵەكانی ئەو ڕادیۆیەیی كە ئەڵەمانەكان تیایدا پروپاگەندەیان بۆ خۆیان دەكردو ڕۆژانە خەڵكی لەشەقام‌و چایخانەكانی ڕەواندز گوێیان بۆ ئەو هەواڵانە ڕادەگرت‌و ئەوەیان دووبارە دەكردەوە كە كوردو ئەڵەمان ئاری نەژادن[يڕ]. بەڵام ڕەنگە هەر ئەو ڕادیۆیەو پروپاگەندە كردنە بۆ ئاری نەژادی ئەڵەمانەكان تاكە ئامرازی بڵاوبوونەوە بیروباوەڕی نازییەكان نەبووبێت لەناوچەكەدا، بەڵكو دوژمنداری خەڵكی ناوچەكە بۆ ئینگلیزو ڕووسەكان‌و[سم]، چالاكی سیخورەكانی ئەڵەمان لەناوچە سنورییەكانی ئێران[شم] ، كاریگەری بیروباوەڕی نازییەتی ئەڵمانی بۆ ناوچەكە گواستبێتەوە.

---

[تر]نصيف جاسم عباس الاحبابى، العلاقات بين إيران و ألمانيا النازية 1933-1945، رسالة ماجستيرمنشورة، مقدمة إلى كلية الآداب، جامعة بغداد 1989، ص 55

[يڕ]دیمانەیەك لەگەڵ ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی، هەولێر، لە 12ی حوزەیرانی2005.

[سم]زۆر بوون ئەوانەی كە دژی دەسەڵاتداری ئینگلیزەكان بوون لەڕەواندز و چەوسانەوەیان لەدەستی ئەوانەوە دیبوو، بۆیە بۆ دوژمنێكی ئینگلیزەكان دەگەڕان، هەروەها خەڵكی ڕەواندز هێشتاكە ئەو ئازار و ئەشكەنجانەیان لەبیر نەچووبۆوە كە لە دەست ڕووسەكان لەكاتی جەنگی یەكەمی جیهانی چەشتبوویان، بۆیە ڕەنگە ئەڵەمانەكانیان بەدۆستی خۆیان زانیبێ، چونكە دوژمنی ئینگلیز و ڕووسەكان بوون، كورد گۆتەنی دوژمنی دوژمنم دۆستەمە.

[شم]بۆ مەبەستی زانیاری زیاتر لە مەڕ چالاكی سیخوڕە نازییەكان بڕوانە: نصيف جاسم عباس الاحبابى، المصدر السابق، ص 69 و مابعدها.

ئیتر هەر ئەو دووپارچە بوونەی جیهان بوو جارێکی دیکە جیهانی لەئەیلولی 1939وە خستە ناو جەنگێکی ماڵکاولکارییەوە کە زەرەرمەندی لەجەنگی یەکەمی جیهانی زۆر زیاتر بووو لە مێژووشدا بە جەنگی دووەمی جیهانی( 1939–1945) نێوی دەرکرد.

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری سێیەم:

## ڕۆڵ و چالاکی ڕەواندزییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیدا

حکومەتی کاتی عیراقی لە16ی کانوونی یەکەمی1920 ڕەزامەندی لەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزراندندا، بەڵام بەهۆی هاتنی فەیسەڵو بوونی بەمەلیکی عیراق مەسەلەکەی دواخست تا 24ی تشرینی یەکەمی1922. کاتێکیش هەڵبژاردن دەستی پێکرد هێشتا ناوچە کوردییەکان بەگشتی ئارام نەبوو بوونەوە بەهۆی پشێوی لەناوچە کوردییەکانو، بوونی هێزەکانی تورك لەڕەواندزو ناوچەکانی دەورووبەریدا، هەر بۆیە لەکۆتایی کانوونی دووەمی 1923 کارەکانی هەڵبژاردن ڕاوەستا[تر].

دەرکردنی تورکەکان لەڕەواندزو شێخ مەحموود لەسلێمانی ڕێگای لەبەردەم حکومەت خۆشکرد تا هەڵبژاردن دەست پێبکاتەوە، هەر بۆیە لە12ی تەمموزی1923 دەست بەهەڵبژاردن کرایەوەو، لەدوو ڕۆژی دواتر وەزارەتی ناوخۆ داوای لەپشکێنەری کارگێڕی بریتانی لەهەولێر کرد کە دەنگوباسی ناوچەکەی سەبارەت بەهەڵبژاردن بۆ ڕەوانە بکات، پشکێنەری کارگێڕیش لەوەڵامدا لەگەڵ ڕەوانەکردنی هەواڵەکان ئەوەی بەبیر حکومەت هێنایەوە کە قائیمقامو خەڵکی ڕەواندز ئارەزووی بەشداریکردن لەهەڵبژاردن دەکەنو بە گوێرەی توانا کار بۆ جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکان دەکەن[یر]، بەڵام دەتوانرێ بوترێ، کە ئەو بۆچوونەی پشکێنەری کارگێڕی بریتانی لەڕاستیەوە دوور بووە، چونکە کاتێك موتەسەڕیفی هەولێر

---

[تر]د.محمد مظفر الادهمي، المصدر السابق، ص ص 21-22 .

[ير]نفس المصدر، ص ص 95-96.

فەرمان بە سەید تەها دەدات کە هەڵبستێ بەدامەزراندنی سێ مەئمور بەشێوەی گرێبەستی کاتی بۆ مەبەستی ناونووسکردنی خەڵکی ناوچەکە، سەید تەها گومانی خۆی لەو ناونووسکردنە پێ ڕادەگەیەنێتو داوای ئەوەی لێ دەکات کە ڕێنماییەکانی تایبەت بەسیستەمی هەڵبژاردنی بۆ ڕەوانە بکات. هەر بۆیە لەناوچەکەدا هەڵبژاردن ڕووبەرووی تەنگەژە دەبێتەوەو دەفتەری زانیارییەکان سەبارەت بەڕەواندزو دەوروبەری دوادەکەوێت، ئەگەرچی سەید تەها لەپاشان هەڵدەستێ بە دامەزراندنی لیژنەیەك، بەڵام ئەو لیژنەیە ناتوانی زانیاری تەواوی ناوچەکە بەحکومەت بداتو، تۆماری ڕەواندز لەو هەڵبژاردنە لەسەر بناغەی تەخمین پشتی پێدەبەسترێت[٣٦].

ئەنجومەنی دامەزراندن لە 27ی مارتی1924 دەستی بەکارەکانی کردو لەکۆی 100 ئەندام هەژدە ئەندامی کورد بوون کە لە ناویانا عەبدوڵڵا موخلیس بەگ نەوەی پاشای گەورەی ڕەواندزی تیایدا بوو. یەکێك لەکارەکانی ئەو ئەنجومەنە پەسندکردنی پەیمانی 1922ی عیراقی بریتانی بوو، بەڵام کاتێك ئەنجومەن پەیمانەکە دەخاتە دەنگ دانەوە نوێنەرە کوردەکان داوای ئەوە دەکەن کە پەسندکردنی پەیمانەکە دوابخرێت تا کێشەی مووسڵ چارەسەردەکرێت، کەچی بێ گوێدانە ئەو داواکارییە ئەنجومەن پەیمانەکە پەسند دەکات[٣٧].

لەلایەکی دیکەدا ئەنجومەنی دامەزراندن دەبوو کار بۆ ئەوە بکاتو زەمینە بۆ ئەوە خۆشکات تا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ئەنجام بدرێت.

---

[٣٦] د.محمد مظفر الادهمي، المصدر السابق، ص ص 97-98.

[٣٧] عبد الرزاق الحسني، تاريخ الوزارات، الجزء الاول، ص ص 233-236؛ ڕەمەزان داودی، هەڵوێستی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عیراق 1921-1930، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە( 9)، هەولێر، کانوونی یەکەم 1998، ل 40.

هەر بۆیە لە ئەنجامی کارەکانی ئەو ئەنجومەنە بوو حکومەتی عیراقی بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنی نوێنەرانیداو لە 16ی تەمموزی 1925 یەکەمین ئەنجومەنی نوێنەران دەستی بەکارەکانی خۆی کرد کە ژمارەیەکی نوێنەری کوردی تیایدا بوو، لەوانە: عەبدوڵڵا موخلێس بەگو ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی کە نوێنەری هەولێر بوون.

ئەنجومەنی نوێنەران لەیەکێك لەدانیشتنەکانی دوای بڕانەوەی کێشەی مووسڵ پرۆژەی پەیمانی عیراقی بریتانی لەساڵی 1926 خستەبەردەم ئەندامانییەوە، لێرەشدا وێڕای ناڕەزایی هەندێ لەئەندامانی بەکۆی پەنجاو هەشت دەنگ پەیمانەکە پەسند کرا کە هەریەك لە عەبدوڵڵا موخلێس بەگو ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی لەگەڵ ڕازی بووان بوون لەسەر پەیماننامەکە[٢٦].

شیاوی باسە، کاتێك هەواڵی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دەنگی دایەوە نوێنەرە کوردەکان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیدا کەوتنە خۆو زنجیرەیەك کۆبوونەوەیان لەنێوان خۆیان لەماڵەکانیان لە بەغدا بۆ مەبەستی تاووتۆکردنی مەسەلەی دروستکردنی حکومەتێکی کوردی سازدا، لەکۆبوونەوەی 13ی شوباتی 1926 کە لە ماڵی عەبدوڵڵا موخلێس بەگ بەسترا، عەبدوڵڵا موخلێس بەگ ئاماژە بۆ بیروڕای هەندێ لەنوێنەران دەکات کە گاڵتەیان دێ بە دروستکردنی حکومەتێکی سەربەخۆیی کوردی، هەڵگرانی ئەو بیروڕایەش بەوە تاوانبار دەکات کە هەڵپەی ئەوەیانە پلەوپایەی گرنگ لە دەوڵەت وەربگرن. چونکە لەو کۆبوونەوەیەدا ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی وتبووی:"**... کورد لەناو خۆیدا نارێکەو یەك نەگرتووەو**

---

[٢٦] عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات، الجزء الثاني، ص 45؛ د.عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، الحركة القومية الكوردية التحررية دراسات ووثائق، ص 67.

**نازانێ چۆن خۆی بپارێزێ ئیتر چۆن دەبێ بەتەمای کارێکی وا گرنگ بێ کە سەر بگرێ..."** [تر]. بەڵام دەبینین لە دانیشتنی دووەمیان هەر لە ماڵی عەبدوڵڵا موخلیس بەگ لە 19ی شوباتی 1926 لەسەر ئەوە ڕێك دەکەون کە نامە ئاراستەی ناوچە کوردییەکان بکەن تا لە کوردستان بەگشتی پروپاگەندە بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی بکرێ، لەو بارییەوەش ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەهەفتەی ڕابردوو پەیوەندی لەگەڵ سەید تەهای نەهری قائیمقامی ڕەواندز کردووە[یر].

وێڕای ئەو دەنگوباس‌و سەرگەرمییە نوێنەرانی کورد دڵنیابوون کە هیچیان پێناکرێت، لە کۆبوونەوەی 2ی مارتی 1926 لە ماڵی عەبدوڵڵا موخلیس بەگ لە بیروڕاکانی پێشوویان پاشەگەز دەبنەوە ئەگەرچی ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی دەڵێ: **"... پێویستە هەموو یەك بگرن دەربارەی مسئلەی کورد بە تایبەتی نائبە کوردەکان ..."**[سم]. بەڵام دەبینین عەبدوڵڵا موخلیس بەگ ئاوێك دەکات بەسەر ئەو جۆش‌و خرۆشەی کە لەناو نوێنەراکان هەبووەو دەڵێ:**" چ کوردو عراق ئازادییان بەشان‌و باهووی خۆیان دەسگیر نەبووە بەڵکو ئینگلیز ئازادی کردوون لەبەر ئەوە دەبێ گوێ بۆ ئەو دۆستەیان رابیێڵن‌و بۆی روونکردوونەوە کەوا هیچ شتێکی وا لەئارادا نییە کە باسی پێك هێنانی حکومەتێکی کورد بکرێ هەر وەکو**

---

[تر] م. ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان، بەرگی دووەم، ل 610.

[یر] م. ر. هاوار، شێخ مەحمودی قامارەمان...، بەرگی دووەم، ل 611. تێبینی ئەو کۆبوونەوانە لەماڵی ئەندامەکان دیکەش ئەنجامدراون، بەڵام زۆربەی کۆبوونەوەکان لە ماڵی عەبدوڵڵا موخلیس بەگ بووە، ڕەنگە ماڵەکەی ئەو شیاوتر بووبێت لە ماڵەکانی تر .

[سم] هەمان سەرچاوە ، ل 613.

**ئیسماعیل ڕەواندزیو ئەوانیتر بۆی چوو بوون..."**[تر]. لێرە بەڵگەنامەیەکی بریتانی کە ڕاپۆرتێکی پۆلیسی بەغدای تیادایە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە20ی مارتی1926 عەبدوڵڵا موخلێس بەگو عەلی ڕەفیق خادم سەججادە کۆبوونەتەوەو لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون کە واز لەداواکاری ئۆتۆنۆمیو نامە ناردن بۆ ناوچە کوردییەکان بهێننو جارێك دیکەش باس لەو جۆرە باسانە نەکەنەوە، لەبەر ئەوە لێکۆڵەرێك دەڵێ:" **بەلای منەوە وایە کە دەبێ لەوانەی بەشداریی ئەو کۆبوونەوانە بوون پەیوەندییان بە ئینگلیزەکانەوە هەبووە چونکە کە دەڵێ ڕاپۆرتی شرطە دەبێ بزانرێ کە لەو ڕۆژانەدا شرطە ی بغداد هەر ئینگلیزەکان خۆیان سەر پەرشتیان کردووە... جگە لەوە ئەو ڕاپۆرتەی کە لەو دۆکیومەنتەدا هەیە لەوە دەچێ تەنها هەر ڕاپۆرت نەبووبێ بەڵکو جۆرە (تعهد)ێك بووە لە عبدالله مخلص بەگ عەلی رفیق خادم السجادە وەرگیراوە و دیارە وەکو تاوانبارێك لەو ڕووەوە پرسیارو وەرام کراوەو ئەنجامی ئەوە کراوە بەو ڕأپۆرتە"**[یر].

چالاکی نوێنەرە کوردەکان لەئەنجومەن هەر بەردەوام بوو، ئەوەتە لەدانیشتنی 17ی مایسی1927 ئەنجومەن داوای چارەسەرکردنی باری خوێندن لە ناوچە کوردییەکانو خوێندن بەزمانی کوردی دەکەن، بەڵام ئەوەی جێ سەرنجە داود حەیدەری(1886–1965)کە نوێنەرانی هەولێر بوو دژی بیروڕای هاوڕێکانی لەئەنجومەن قسە دەکاتو لەگەڵ خوێندنی بەزمانی کوردیدا نابێت لە ناوچە کوردییەکان[سم]، هەر بۆیە بیروڕاکانی

---

[تر]هەمان سەرچاوە و لاپەرە.

[یر]هەمان سەرچاوە، ل 614.

[سم]محەمەد ئەمین زەکی، دووتەقەللای بێ سوود، سەباحی غالب تۆژینەوە و لێکۆڵینەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە و پەراوێزی بۆ ڕێکخستووە، لەندەن، 1984، ل 40؛

دەبێتە جێگای نارەزای هاورێکانی لە ئەنجومەن بەتایبەتیو خەڵکی کوردستان بەگشتی. لەو بارەشەوە گەورە پیاوانی ڕەواندز ڕەتی قسەکانی داود حەیدەری دەکەنەوەو دەڵێن:" **لەئەسنای موزاکەرەی میزانیەی مەعاریف دا لەعەلەیهی تەعلیمی ئاگاداری مەناقەشەکەتان لەغەزەتە خوێندرایەوە، خیرەتمان کرد ئێوە کە ئاگاداری ئیحتیاجاتی مەملەکەتو ئارەزوی میلەت نین، رجا ئەکەین بەم نەوعە جەسارەت مەنوێنن"**[تر].

شیاوی باسە کاتێك حکومەتی عیراقی کەوتە هەوڵی ئەوەی لەپێناوی بنیاتنانو پەرەپێدانی ئەو دەوڵەتە عەرەبییە تازەیە، کورد بەکار بهێنێو بۆ ئەو مەبەستەش لەیەکێك لە بڕیارەکانی بەزۆرەملێی سەربازی دەسەپێنێ. لەبەرانبەردا ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی بەناوی هەموو کوردەوە لە12ی تشرینی دووەمی1927 لە ڕۆژنامەی(Baghdad Times)دا بەرپەرچی ئەو بڕیارە دەداتەوەو دەڵێ:"**... بەڵێ بۆ زانیین ئێمەی کورد کۆکیین لەگەڵ برا جەعفەریەکانمان بەتەواوی لەسەر ئەوەی کە یاسای سەربازی بەزۆرەملێ لەگەڵ باری سیاسیمان ناگونجێ، ...، وە ئێمە وای دەبینین کە یاسای بەزۆرەملێی سەربازی سوودی نییە.... بۆیە داوا لە حکومەت دەکەین کە ئەو فکرەیە لابات لەو کاتەی ئێستادا"**[یر].

---

نەوشیروان مستەفا ئەمین، ژیان بە تەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی 1926-1938، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ، 2002، ل 133.

[تر]شیاوی باسە ئەوانەی لە ڕەواندز نامەکەیان ناردووبوو بریتی بوون لە: محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی سەرۆکی شارەوانی ڕەواندز، محەمەد ئەمین سەرۆکی دەرگەڵە ، شێخ محەمەد سەرۆکی باڵەك، مستەفا محەمەد ساڵح ئەفەندی ئەندامی کارگێڕی و ئەسعەد سەرۆکی زراری. نەوشیروان مستەفا ئەمین، ژیان بە تەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی ، ل134.

[یر]عبد الرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الثاني، ص100.

دووەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی لە19ی مایسی 1928 دەستی بەکارەکانی کرد، ئەمجارەشیان ژمارەیەك نوێنەری کوردی تیادا بوو. مەعروف چیاووك کە یەکێك بوو لەئەندامانی ئەنجوومەنی نوێدا ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕاو کوبوونەوە نەبوو ئەو قسەی تیادا نەکاتو لەسەر کێشەی ڕەوای گەلەکەی نەیەتە وەلاّم. ئەوەتە لە کۆبوونەوە 26ی ئابی 1928 کاتێك عەتا ئەلخەتیبی نوێنەری کوت باس لەمووچەی سەید تەهای نەهری قائیمقامی ڕەواندز دەکاتو چەند جارێك دووبارەی دەکاتەوە، مەعروف چیاووك لێیدێتە وەلاّمو دەڵێ:" **پێم وایە نوێنەری بەرێز عەتا ئەلخەتیبی نازانێ پایەو مەقامی بڵندی میری(کوردان) سەید تەهای ئەفەندی چۆیە. سەید تەها پیاوێکی گرنگ ناسراوە، شوێنی تایبەتیی لەناو کورداندا هەیە، ئەگەر ئەو نەبوایە ئەو ناوچەیە ئێستا سەر بەوڵاتێکیتر دەبوو، بێ ئەو باشووری کوردستان توشی بەزمو ڕەزم دەهات. من پێم وایە ئەگەر حکومەت سێ چوار هەزار ڕۆپیەشی بداتێ هێشتا بۆ ئەو هەر کەمە**"(تر).

هەروەها لە دانیشتنی13ی حوزەیرانی 1929 بە توندی پرسیای خۆی ئاراستەی وەزیری بەرگری عیراقی محەمەد ئەمین زەکی(1880–1948) دەکاتو دەڵێ:" **ئاگادار کراوم بە بوونی مانۆڕێکی سەربازی لە ناوچەکانی زێبارو ئامێدی. ئایا ئەمە ڕاستە؟ ئەگەر ڕاستە ئەو هۆکارانە چین کە بوونەتە هۆی هەڵبژاردنی ئەو تێچوونە زۆرە بۆ ئەو مانۆڕە لەو کاتەدا؟ ئایا**

---

(تر)معروف جیاووك، نیـابتي في 1928-1930، مطبعـة الزمـان، بغـداد، 1937، ص 75.

**ئەو مانۆرە پەیوەندی بەنیشتەجێ کردنی ئاشوورییەکان لەو زەویانەدا هەیە کە موڵکی هۆزی بارزانی کوردیین؟"**[٣٢].

لوتکەی کاری ئەندامانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەران پێشکەش کردنی یاداشتێك بوو بۆ سەرۆك وەزیران عەبدولموحسن سەعدون(1880-1929) لەشوباتی1929دا کە تیایدا هاتبوو: پارەی زیاتر تەرخان بکرێت بۆ پەرەپێدانی خوێندەواریو ڕۆشنبیری لەناوچە کوردییەکاندا. هەروەها دەزگایەکی بەڕێوەبەرایەتی لەناوچە کوردییەکانی سلێمانی، هەولێرو کەرکوك پێك بهێنرێت، لەگەڵ پێك هێنانی لیوایەکی تازە لەناوچە کوردییەکانی سەر بەلیوای مووسڵو، کاروباری ئەو بەڕێوەبەرایتیەش لەلایەن پشکێنەرێکی کورد بەڕێوەببرێتو، پارەی پێویست تەرخان بکرێت بۆ بووژانەوەی ناوچە کوردییەکان. بەڵام کاتێك حکومەتی عیراق لەگەڵ کۆمیسیاری باڵای بریتانی لەسەر داواکارییەکانیان کۆدەبنەوە، ڕەتی ئەوەیان کردەوە کە بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بەناوچە کوردییەکان دابمەزرێت لەگەڵ لیوای دهۆکدا، کەچی بۆ داواکارییەکانی تریان بەڵێنیاندا کەوا لەماوەی داهاتوودا بۆیان جێبەجێ بکەن[٣٣]. ئەوەی جێگای سەرنجە دوای پێشکەش کردنی ئەو یاداشتە خودی مەلیك فەیسەڵ بڕیار دەدات کە جارێکی دیکە نابێت ئیسماعیل بەگی ڕەواندزیو حازم شەمدین

---

[٣٢]بۆ زیاتر زانیاری لە مەڕ گفتوگۆی نێوان مەعروف چیاووكو محەمەد ئەمین زەکی بڕوانە: معروف جیاووك، نفس المصدر ، ص ص 208-209.

[٣٣]عبد الرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، الجزء الثالث، مطبعة العرفان، لبنان،1948، ص 290؛ محمود الدرة ، القضية الكردية، طبعة الثانية، دار الطليعة، بيروت، 1966 ص ص 155-156.

ئاغا[1] ببن بەنوێنەر لەئەنجومەنی نوێنەرایەتی لە عیراقدا[2]. چونکە ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی هەر بەوە نەوەستاوە، بەڵکو بەتەنیاش یاداشتێکی پێشکەش بەسەرۆك وەزیران‌و کۆمیسیاری باڵا کردووە[3]. هەروەها بیرو بۆچوونەکانیشی لە شێوەی کوراسەیەك بڵاوکردۆتەوە[4]. بۆیە دەتوانرێ بوترێ، کە ئیسماعیل بەگ لە سۆنگەی ئەوەی ڕۆڵێکی کاریگەری لەبابەتی نەتەوەیی‌و نیشتمانی دەبینی مایەی هەراسان کردنی دەسەڵاتدارانی عیراق بوو، بە تایبەت مەلیکی عیراق( فەیسەڵی یەکەم).

زەمینە خۆشکردن بۆ بەستنی پەیماننامەیەکی نوێ لە نێوان عیراق‌و بریتانیا دەنگوباسی ناو ڕۆژنامەکانی عیراقی داگرتبوو، بەڵام یەکێ لەو مەسەلانەی کە سەرانی کورد بەگشتی‌و نوێنەرانی کورد بەتایبەتی دەورووژاند ئەوە بوو ئاخۆ ڕەشنووسی ئەو پەیماننامەیە هیچ مادەیەکی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی کوردی تیایە. بۆیە دەبینین مەعروف چیاووك لە دانیشتنی 13ی شوباتی1930 ئەنجومەنی نوێنەران ڕووی

---

[1]حازم شەمدینان ئاغا کوڕی یوسف پاشا کوڕی شەمسەدین ئاغایە و لە ساڵی 1895 لە زاخۆ لە دایك بووە، چەند جارێك بۆتە نوێنەری مووسڵ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی‌و لەپاشان چەندین پلەوپایەی تری کارگێڕی وەرگرتووەو ڕۆڵی کاریگەری تیادا بینیوە. تا لە 1ی حوزەیرانی 1952 لەمووسڵ کۆچی دوایی کردووە. میر بصري، اعلام الکرد، الطبعة الاولی، لندن ، ص 222.

[2]احمد خواجە ، چیم دی ، بەرگی سێیەم، چاپخانەی راپەرین، سلێمانی، 1970، ل 52.

[3]عبدالفتاح علی یحیی البوتانی، وپائق عن الحرکە القومیە الکوردیە التحرریە، ص ص 59-61.

(4)Air,23/414/5088( From S.S.O" Erbil" to staff intellgence" Hinaidi",31,3,1929.
لە: سروە صابر اسعد، المصدر السابق، ص 58. وەرگیراوە.

پرسیاری ئاراستەی سەرۆکی وەزیران ناجی سویدی(1882–1942) دەکات‌و دەڵێ: **"تکام وایە ئەو پرسیارانە لە سەرۆکی وەزیران بکرێ، بۆ ئەوەی بەدەم لەبەردەمی ئەنجومەنی بەرزدا وەڵامیان بداتەوە، ئەو بنچینەیەو رێو شوێنانە چین کە حکومەت دایناون بۆ گفتوگۆی ویستراو بۆ بەستنی پەیمانە تازەکە؟ ئایا هیچ بەربەستێك لەسەر ئەو مەرجانە هەیە کە کۆمەڵەی گەلان لەبابەت ناوچەکانی سەرو سەلماندوویەتی؟ ئایا حکومەت بەتەمایە لەناوەخنی پەیماننامەکە دا جێگیری بکا؟ ..."**[تر].بەلام سەرۆك وەزیران پەیماننامەکە بەپەیماننامەیەکی نێو دەوڵەتی نێوزەندی دەکات‌و بەپێویستی نازانی کە مەسەلە ناوخۆییەکان بخرێنە ناویەوە[یر].

حکومەتی عیراقی بەمەبەستی هێورکردنەوەو کپکردنی دەنگی کوردەکان لە نیسانی 1930 بڕیاری ئەوەیدا کە زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت لەناوچە کوردییەکاندا[سم]، ئەمەش جێگای دڵخۆشکەری کوردەکان بوو هەر بۆیە گەورە پیاوانی ڕەواندز سوپاس‌و پێزانینی خۆیان ئاراستەی هەر یەك لەسەرۆك وەزیران و باوەڕپێکراوی کۆمیسیاری باڵاو وەزارەتی ناوخۆو جەمال بابانی(1893–1966) وەزیری داد دەکەن[شم]. بەلام کاتێك هەر دوولا پەیماننامەکە لە 30ی حوزەیرانی1930 واژۆ

---

[تر]محاظر مجلس النواب 13/ شباط /1930، ص 356؛ معروف جیاووك، نیابتی، ص230-231.

[یر]نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردستانی عیراق سەردەمەی قەڵەم و موراجەعات1928-1931، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، سلێمانی، 1999، ل 50.

[سم]د. ابراهیم خلیل احمد، تطور التعلیم الوطني في العراق( 1869–1932)، مطبعة جامعة البصرة، البصرة، 1982، ص 293؛ نەوشیروان مستافا ئەمین، سەردەمەی قەڵەم‌وموراجەعات...، ل 185.

[شم]زاری کرمانجی، ژمارە( 22)، 30 نیسانی 1930، ل 11 سەرچاوەی پێشوو.

دەکەن بیَ ئەوەی ئاماژە بە مافی کـوردان بـدەن، جـارێکی دیکـە نـاڕەزای ناوچە کوردییەکان دەگرێتەوە. لێرەشدا ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی بـۆ ئـەو مەبەستە لە نامەیەکیدا کە ئاراستەی کۆمیسیاری بـاڵا لە عیراق کـردووە دەڵـێ: **" فخامت مندوبی سامی عراق- بغداد بمناسبتی سفری فخامتان بو لندن بو معاهدەی عراق و بریتانی من بە وکالتی کوردەکان وە تشریف ئەکەم کە فخامتان دعوت بکەم بۆ ئەمەی لە قضیە ی کوردیا أگاداربن. مندوبی سابقی هەولێر اسماعیل رواندزی،5 تموز 930"**[تر].

ئیتر لەئەنجامی ئەو ناڕەزاییەو بۆ مەبەستی هێورکردنەوەی ڕەوشەکە، وەفدێکی حکومەت کە پێکهاتبوون لە جەعفەر پاشا(1936–1885) وەکیلی سەرۆك وەزیرانو مێجەر یونغ وەکیلی باوەڕپێکراوی کۆمیسیاری بریتانیو وەزیری دادی عیراقی سەردانی ناوچە کوردییەکان دەکەنو لە 9ی ئابی1930 دەگەنە هەولێر. کاتێك لە هەولێر لەگەڵ گەورە پیاوانی ناوچەکە کۆدەبنەوەو، وەکیلی سەرۆك وەزیرانو وەکیلی باوەڕپێکراوی کۆمیسیاری باڵا وتارێك پێشکەش دەکەن، ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی لێیان دێتە وەڵامو دەڵێ:" **فەخامەتی جەعفەر پاشا، ئێمە چیکە بەو قسە پروپوچانە فریو ناخۆین. لەسەر قەراری عوسبەت ئومەم حەقی خۆمان ئەوێو، ئەبێ بە فەوری لیوای دهۆك-مان بۆ تەشکیل بکەن. ئیمتیازی سەربەخۆیەتی-مان بۆ دیارو جیا بکەنەوە"**[یر]. بەڵام ئەو وتانەی ئیسماعیل

---

[تر]د. کوردستان موکریانی، روناکی یەکەمین گۆڤـاری کـوردی شـاری هـەولێر، چـاپی یەکەم، دەزگاری چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر 2001، ل28.

[یر]احمد خواجە، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم، ل 60 ؛ میرزا محمد ئەمین مەنگوڕی، سەرچاوەی پێشوو، ل34.

بەگ، جەعفەر پاشای وەکیلی سەرۆك وەزیرانی عیراقی توورە دەکات. هەر بۆیە شایەدحاڵێك لەو بارەیەوە دەڵێ:"**...جەعفەر پاشا توورە بوو وتی بێ دەنگ بە تۆ بچووکی نازانی چیت دەوێ**"[تر]. ئینجا لەپاشان کە مەعروف چیاووك دێتە وەڵامو وەکو یاسا ناسێك رەخنەی ئەوە دەگرێت کە حکومەت بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلانی جێبەجێ نەکردووە، هەر بۆیە بە پێویستی دەزانێ کە بڕگەیەکی تایبەت بەپاراستنی مافی کوردان بخرێتە ناو پەیمانەکەوە[یر].

جێگای ئاماژە بۆ کردنە لێرەوە لە سەرچاوە مێژووییەکان شتێکی ئەو تۆ بەدی ناکرێت کە پەیوەندی بە رۆڵو چالاکی رەواندزییەکانەوە بێت لەئەنجومەنی نوێنەراندا، تەنیا ئەوەندە نەبێت کە یەکێك لەسەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەندامییەتی ئەمین پاشا رەواندزی دەکات کە لە ساڵی 1935 ئەندام بووە لە ئەنجومەنی نوێنەراندا[سم]. هەروەها ئەحمەدی محەمەدی عەلی ئاغای جوندیانی[شم] لە دیمانەیەکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە باوکی بە هۆی پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ بەکر سدقی لە دوای کودەتای ساڵی 1936 و دامەزراندنی حکومەتی حیکمەت سلێمان دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی

---

[تر]معروف جیاووك، ماساة بارزان المظلومة، ص 84.

[یر]احمد خواجە، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم، ل 63.

[سم]ئەمین پاشا رەواندزی، لە ساڵی 1865 لە رەواندز لە دایك بووەو لە قوتابخانەی سەربازی عوسمانیو قوتابخانەی ئەرکانی جەنگی خوێندویەتی. دواتر پەیوەندی بە سوپای عوسمانی کردووەو تا پلەی لیوای وەرگرتووەو بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی کردووە، ناوبراو لەدوای جەنگ گەڕاوەتەوە بەغداو لە1935 بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانو لە دواتریش سەرۆکی لیژنەی کاروباری سەربازی بووە تا لە ساڵی 1941 لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. میر بصری، المصدر السابق، ص 72.

[شم]دیمانەیەك لەگەڵ ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی، هەولێر، لە 12ی حوزەیرانی2005.

نوێنەرانو ئەو ماوەیە لەبەغدا دەمێنیێتەوە[تر]. لە لایەکی دیکەشەوە سەرچاوەیەك لە بارەی باس کردنی شێخ محەمەد ئاغای باڵەکدا دەڵێ:"**... لەوانەیە ئێستا(1938) پایەو دەسەڵاتی لە هەڵکشادا بێ، چونکە بەو دواییە بە ئەندامی پەرلەمان دامەزراوەو بە ڕێكو پێکی لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی یاسادانان ئامادە دەبێ لە بەغدا..."**[یر].

ئەنجام دەتوانرێ بوترێ، کە بێ دەنگی ناو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لەدوای ساڵی 1932 دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئەندامی کاراو چالاکی کورد لەو ئەنجومەنەدا، چونکە زۆربەی ئەوانەی دەبوونە ئەندام تەنیا خەریکی پاراستنی مافەکانی خۆیان بوون.

هەواڵنامەی کتێب

---

[تر] دیمانەیەك لەگەڵ ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی، هەولێر، لە 12ی حوزەیرانی2005.

[یر] ئی. ئار. ئیچ، ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردی ڕەواندز، وەرگێڕانی: د. عەزیز گەردی، چاپخانەی روون، سلێمانی، 2005، ل 47.

## بەشی سێیەم:

## ڕۆڵ و چالاکی ڕەواندزییەکان لە کۆمەڵە وڕێکخراوە کوردی و عیراقییەکاندا

(1939-1918)

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

**تەوەری یەکەم:**

## ڕۆڵ و چالاكی ڕەواندزییەكان لە كۆمەڵە وڕێكخراوەكانی سەردەمی داگیركاری بریتانی( 1918-1932 )

چالاكی كۆمەڵەو ڕێكخراوەكان بەشێكی گرنگ لە بزاڤی ڕزگاریخوازی كوردستان دەگرێتەوە، كە لە دوای جەنگی یەكەمی جیهانی پێی نایە قۆناغێكی نوێوەو، ژمارەیەك پارتو كۆمەڵەو ڕێكخراو هاتنە مەیدانەوە. جا بۆ ئەوەی ڕۆڵو چالاكییەكانی ڕەواندز لەو كۆمەڵەو ڕێكخراوانە دیار بخەین یەكەیەكە ڕیزبەندیان دەكەینو باسیان لێوە دەكەین.

**- كۆمەڵەی بەرزێتی كوردستان( جمعية تعالي كوردستان ):**

دوای برانەوەی جەنگی یەكەمی جیهانی كوردە نیشتەجێبووەكانی ئەستەمبۆل كەوتنەوەخۆو( كۆمەڵەی بەرزێتی كوردستان)یان دامەزراند، كە پێكهاتبوون: لە سەید عەبدولقادری شەمزینی سەرۆك، ئەمین عالی بەدرخان جێگر، حەمدی پاشا ئەمینداری گشتی، سەید عەبدوڵڵا كوڕی سەید عەبدولقادر بەرپرسی داراییو ژمارەیەك ئەندامانیتر(ت). ئەو كۆمەڵەیە چالاكییەكی زۆری نواند لەو سەردەمەدا بەمەبەستی هێنانەدی

---

(ت) د. بلەچ شێركۆ، كێشەی كورد مێژینەو ئێستای كورد، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، چاپی سێیەم، كوردستانی عیراق، 1991، ل 52؛ زنار سلوثی، في سبيل كردستان (مذكرات)، ترجمة: ر. علي، طبعة الاولى، رابطة كاوا للثقافة الكردية، بيروت، 1987،ص 61. تێبینی: تاكە سەرچاوە كە باس لە ئەندامیەتی ئەمین پاشا ڕەواندزی بكات. آبی العلاء، لمحات عن الجمعيات الكردية في العهد العثماني و اثر الحرب الإمبريالية العالمية الاولى، القسم الثاني، جريدة التآخي، العدد ( 101 )، 10/آب/1967، ص 7.

مافەڕەواكانی نەتەوەی كورد، هەربۆیە پەیوەندییان كرد بەباڵیۆزخانەی دەوڵەتە زلهێزەكانی وەكو بریتانیا، فەرەنساو ئەمەریكا تا لە ڕێگای ئەوانەوە مافەكانیان دەستەبەر بكەن[تر]. ئەوە لەلایەك، لە لایەكی دیكەشەوە هەڵسان بەڕەوانەكردنی ژمارەیەك لە ئەندامانیان لە 25ی مـارتی1919 بە سەرۆكایەتی خلوسی بەگ[ير]لەڕێگای(مووسڵ)ەوە بۆ سلێمانی تا نامە ئاراستەی هۆزە كوردییەكان بكەنو هانیان بدەن  بۆ یەكخستنی هەوڵو كۆششەكانیان لەپێناو هێنانەدی سەربەستیو سەربەخۆیی[سم].

**- كۆمەڵەی نهێنی كوردی( الجمعية السرية الكوردية ):**

تاكە سەرچاوە كە باس لەو كۆمەڵەیە بكات عەبدولفەتاح عەلی بۆتانییە كە لە كتێبی(الحياة الحزبية في الموصل) دەڵێ:" **یەكێك لە ڕێكخراوە سیاسییەكانی كە دامەزرا بەر لەبەستانەوەی باشووری كوردستان**

---

[تر]د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەكر، كوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، وەرگێڕانی: موحەمەد نوری تۆفیق، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2001، ل 213؛ جليلي جليل والأخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ترجمة: د.عبدي حاجي، الطبعة الاولى، بيروت، 1992، ص ص 103-104؛ سروه اسعد صابر، كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل 1914-1926 دراسة تاريخية سياسية وثائقية، الطبعة الأولى، وزارة التربية، اربيل، 2001، ص ص 175-176.

[ير]خلوسی بەگی تەمەن 45 ساڵ دەوڵەمەندێكی خەڵكی ڕەواندز بووو، لە ژنەوەش خزمایەتی لەگەڵ بەدرخانییەكان هەبوو. ناوبراو لەگەڵ سەعید بەگی سەرۆكی لیژنەی كۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیدا ناكۆك بوو، هەر بۆیە ساڵانێك بوو ئاوارەی ئەستەمبۆل كرابوو، دەشێ بەنەمانی ئیتیحادو تەرەقییەكان هەوڵی دابێ سوود وەربگرێتو دەسەڵاتی جارانی بۆ بگەڕێتەوە و بەم نیازەش سەركردایەتی ئەو نێردراوانەی كردبێ. د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەكر، كورد و كوردستان لە كۆمەڵە وتارێكی مێژووییدا، وەرگێڕانی: ئازاد عوبێد، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2005،ل ل 93-94؛ كۆمەڵێك لە پسپۆڕان، سەرچاوەی پێشوو، ل60.

[سم]هەمان دووسەرچاوە و لاپەرەی پێشوو.

**به عیراق له 16ی کانوونی یەکەمی1925، کۆمەڵەی نهێنی کوردی بوو کە دژی هەوڵەکانی بریتانی وەستا بۆ بەستانەوەی باشووری کوردستان بەهێز بەعیراقەوە، کە بنکەی چالاکییەکانی لە سلێمانیو ڕەواندز بووو، ئەحمەد تەقیو کەریم فەتاح هەمەوەندیو نووری باویل ئاغا لە ئەندامە دیارەکانی بوون" [تر].**

**- کۆمەڵەی هۆگر:**

سەبارەت بەکۆمەڵەی هۆگر زانیاری ئەو تۆ لەبەردەست دانییە تەنیا ئەوەندە نەبێت کە کریس کۆچێرا دەڵێ:" **تەها لە ڕەواندزدا هەوڵ دەدات ئەنجومەنێکی ئەدەبی((هۆگر))(Hogir) بەمەبەستی پەرەپێدانی زمانی کوردیو ئاشنا بوون بەمێژووو ڕیشەی کورد دابمەزرێنی، بەڵام لایەنی سیاسی نەخشەکەی هەر لە سەرەتاوە هێندە زاڵ دەبێت کە دەوڵەت ڕێگەی نادات"[یر]**. ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەشەوە فەیسەڵ دەباغ بە زیادە لەسەر قسەکانی ئەوو بێ ئەوەی ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکات کە زانیاریەکەی لێ وەرگرتووە دەڵێ:"**بە پێی زانیاری من ناوی ئەو کۆمەڵەیە(هۆگری) بووو، لە ساڵی 1925 دامەزرا بوو، بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی زمانی کوردیو ئاشنا بون بەمێژووی کوردیو**

---

[تر] د.عبدالفتاح على البوتاني، الحياة الحزبية في الموصل1926-1958، مطبعة وزارة التربية، اربيل، 2003، ص301.

[یر] کریس کۆچیرا، سەرچاوەی پێشوو، ل 136.

**تایبەتمەندییەکانی نەتەوەی کوردی، بەڵام ئەو کۆمەڵە لەدواتر شێوەیەکی سیاسیی بەخۆیەوە دیو لەلایەن حکومەتەوە هەر ئەو ساڵە داخرا"[تر].**

کەواتە لێرەدا جۆرە جیاوازیەك بەدی دەکرێت ئەویش نەك تەنیا لەناوی کۆمەڵەکەیە کە هەر یەکەیان بە شێوەیەك باسی لێوە دەکەن، بەڵکو لەسەر هاتنە دامەزراندنیشی کۆك نین یەکێکیان دەڵێت: لەسەرەتاوە ڕێگەی دامەزراندنی نەدراوەو، ئەوەی تریان دەڵێت: دامەزرا بەڵام بەخەریك بوونی بەکاری سیاسیی لە دواتر لەلایەن حکومەتەوە داخراوە.

**- کۆمەڵەی ئیستیقلالی کوردستان( پارتی ئازادی ):**

کۆمەڵەی ئیستیقلالی کوردستان(جڤاتا خووە سەریا کورد ) کە بەپارتی (ئازاد )یش ناسراوە، بەدەست پێشخەری میر ئالاّ(کۆلۆنێل) خالید بەگی جبرانلی- سەرەك هۆزی جبرانلی- لە ئەرزەرۆم لە ساڵی 1921 بە شێوەیەکی نهێنی دامەزرا[یر]. دەستەی دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە

---

[تر]فیصل الدباغ، اضواء على كتاب الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكوردية في نصف قرن 1908-1958، الطبعة الاولى، مطبعة الثقافة، اربيل، 1997، ص 60.

[یر]بەشێوەیەکی سەرەکیو یەکڕای تاوەکو ئێستا مێژووی دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە یەکلایی نەبۆتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوانەی دەربارەی ئەو کۆمەڵەیان نووسیوە هەر یەکەو بەپێی بیرەوەریو بۆچوونی خۆی ساڵێکی بۆ مێژوویی دامەزراندنی داناوە. لەوانە نووری دەرسیمی پێوایە ساڵی 1922 دامەزراوە، زنار سلوپی بە 1923ی لەقەڵەم ئەدا، ژمارەیەکی تریش وەکو ئیسماعیل حەققی شاوەیس، ئیحسان نووری بەدلیسی، تۆفیق ماردینیو ئەحمەد ڕاسم ساڵی 1921ی بۆ دادەنێن. N uri Dersimi,Kurdistan Tarihinde Dersim, Halap,1925,P173;

زنار سلوپی، المصدر السابق، ص 104؛ ئیسماعیل حەققی شاوەیس، کۆمیتەی ئیستیقلالی کوردستان، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژمارە(1) ، سلێمانی، ساڵی دووەم، ئایاری 1961، ل20؛ ڕۆبەت ئۆلسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ل 72-73.

لەیوسف زیاء ، ئیسماعیل حەققی شاوەیس، سەرهەنگ ئیحسان نووری پاشا، مولازم راسم شکاك، ڕەشید وانلی و چەندانی تر پێك هاتبوون[تا].

کۆمەڵەی ئیستیقلالی کوردستان یەکەمین کۆمەڵەی سیاسیی کوردی بوو کە بەشێوەیەکی تەواو هاتە دامەزراندن لەڕووی ڕێکخستنی سیاسییو دەرخستنی ئامانجەکانی، هەر بۆیە لەماوەیەکی کەمدا توانی ژمارەیەکی زۆر لە نیشتمانپەروەران لەدەورەی خۆی کۆبکاتەوەو چەندین لقیش لەشوێنە جیاجیاکانی کوردستان بکاتەوە[یا].

لقی مووسڵی کۆمەڵەی ئیستیقلالی کوردستان دوای سەرنەکەوتنی کوردەکانی باکووری کوردستان لە شۆڕشی1925و، بەو دەسەڵاتەی کە کۆمەڵە بە شێخ مەهدی دابوو هاتە دامەزراندن کە دەستەی بەڕێوەبردنی ئەو لقە لە 26ی تەمموزی1926 لە یانزە کەس پێکهاتبوونو زۆربەشیان لە پلەوپایەی سەربازیو میری دابوون وەکو: موقەدەم عەبدولوەهاب ئەفەندی، مولازم ئەمین ڕەواندزی، مولازم حوسێن ئەفەندی ڕەواندزی، مەعروف چیاووك دادوەری تاوانەکان لە مووسڵو چەندانی دیکە[سم]. بەڕێوەبەری لقی مووسڵی کۆمەڵەکە ئەمین ڕەواندزی بوو کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەسەرۆکی کۆمەڵەکەوە هەبووەو، چەندین جاریش سەرۆکی

---

[تا] د. احمد عثمان ابوبكر، اسماء الاعضاء البارزين لحزب( ئازادي) في كردستان الشمالية عام 1924، جريدة خەبات، العدد( 739) ، اربيل، 24⁄اب⁄ 1994؛ فيصل الدباغ، اضواء على...، ص ص 53-54.

[يا] د. عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركة الكوردية...، ص 488 ومابعدها.

[سم] طارق جامباز، وثائق غير منشورة امين الرواندوزي و معروف جياووك و دورهما في جمعية استقلال كوردستان 1922-1926، مجلة گولان العربي، العدد( 6)، 25⁄11⁄1996،ص 25-30؛ طارق جامباز، خمس وثائق غير منشورة، مجلة گولان العربي، العدد( 10) 25⁄ئازار⁄1997، ص 81-83.

کۆمەڵە نامەی لەگەڵدا گۆڕیوەتەوەو سەردانی کردووە، تەنانەت لقەکە وەکو نێوەندێك بووە لەنێوان لقەکانی دیکەدا[تر].

دەسەلاتدارانی بریتانی لەچالاکییەکانی لقی مووسڵی کۆمەڵە ئیستیقلال بێ ئاگا نەبوون، بەڵکو بەردەوام چاوەدێریان کردووەو ئاگاداری کارەکانیان بوون، لەبەر ئەوەی بەرپرسی هێزی ئاسمانی بریتانی ئەو لقەی بەچالاکترین لقی کۆمەڵەی ئیستیقلال لەقەڵەم داوە[ير]. هەروەها هەر لەڕێگای چاودێرکردنیان توانیویانە دەقی ئەو نامانەیان دەست کەوێت کە لە نێوان لقی مووسڵو سەرۆکی کۆمەڵە ئاڵوگۆڕ کراوە[سم]. ئیتر لە ئەنجامی ئەوانە حکومەت کەوتە پەراهەندە کردنو بەندکردنی زۆر لەئەندامانی ئەو کۆمەڵەیەو جیاکردنەوەیان لە یەکتری، ئەگەرچی ئەوانەی کە مانەوە بەردەوام بوون لە کارەکانیان تا دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون لە تشرینی یەکەمی 1927 [شم].

هەواڵنامەی کتێب

---

[تر] د.عبدالفتاح علی یحیی البوتاني، وثائق عن الحركة الكوردية...، ص 488ومابعدها.

[ير] طارق جامباز، وثائق غير منشورة امين الرواندوزی و معروف جیاووك...، ص ص 26-27.

[سم] نفس المصدر، ص ص 25-30.

[شم] د. عبدالفتاح على البوتاني، الحياة الحزبية في الموصل، ص 311.

**- کۆمەڵەی پشتیوان:**

ئەو کۆمەڵەیە کە بە(کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان)نیش ناودەبرا[تر] لەسەر دەستی ژمارەیەك نیشتمانپەروەری کورد لە شاری بەغدا بەشێوەیەکی نهێنی لە10ی تەمموزی1927 دامەزرا کە دەستەی سەرۆکایەتی ئەو کۆمەڵەیە پێکهاتبوون لەئەفسەرو پلەدارو فەرمانبەرانی میری لەوانە: مستەفا شەوقی سەرۆك، ڕەشید نەجیب سکرتێری یەکەم، ئەحمەد خواجە سکرتێری دووەم، خەلەف شەوقی، ئەمین ڕەواندزیو چەندانی

---

[تر] زۆر جاران مێژوو نووسانو لێکۆڵەرەکان جیاوازی ناکەن لە نێوان کۆمەڵەی پشتیوانی کوردانو کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زانیارییەکانیان لە بەڵگەنامە بریتانییەکان وەرگرتووە ئەوانیش ئەوەندە جیاوازی نێوان ئەو وشە کوردیانەیان نەکردووەو هەرجارە بە شێوەیەك ناویان بردوونە. سەبارەت بەو دوو کۆمەڵەیە زانیاری تەواو ئەوەیە کە ئەوەی یەکەمیان واتە کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان لە شاری بەغدا ساڵی 1927 دامەزراوەو لقی لە زۆربەی شارەکان هەبووەو تا ساڵی 1930 بەردەوام بووە ، بەڵام کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان هەر تەنیا لە شاری مووسڵ ساڵی1930 دامەزراوە کە دواتر باس لە چالاکییەکانی دەکەین. احمد خواجە، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم، ل 30؛ کەمال مەزهەر، مامۆستا بەشیر لە بەڵگەنامەیەکی نهێنی بەریتانیای گەورەدا، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە( 27) ، ساڵی 1990، ل ل 26-27؛ د. كمال مظهر احمد، الاستاذ اسماعيل حقى شاوةيس يروي صفحات من نضال الشعب الكردي، جريدة التأخي، العدد (1462)، 15 تشرين الاول 1973، ص 7.

تر[تر]. کۆمەڵەی پشتیوان ماوەیەکی زۆری نەبرد چەندین لقی لە شارە جیاجیاکاندا کردەوە، بەڵام لقی( مووسڵ)ی لە هەموویان چالاکتربوو[یر].

جێگای ئاماژە بۆ کردنە یەکێك لەچالاکییەکانی ئەو کۆمەڵەیە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەك بوو لە تەمموزی1930 بەسەر ماڵە کوردەکانی بەغداو لقەکانی دیکەدا کە تیایدا داوای لەکوردەکان کردبوو بەشداری هەڵبژاردنی نوێ عیراقی نەکەن، لەبەر ئەوەی ناتوانن دان بەرژێمێك دابنێن کە دان بە مافەکانیاندا نەنێت، هەروەها لەگەڵ ئەوەش هانی دابوون بۆ یەکێتیی و تەبای ریزەکانیان[سم].

- <u>کۆمەڵەی خۆیبوون:</u>

دوای سەرنەکەوتن و سەرکوت کردنی شۆڕشی1925 لەباکووری کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر لەنیشتمانپەروەرانی کورد پەڕاگەندەی ناوچەکانی عیراق، سوریا، ئێران و ئەوروپا بوون[شم]. بەڵام ئەوەنەبوو بەهۆی ئەوەی لەکارەکانیان ساردبنەوەو دەستەوەستان بوەستن. بەڵکو ئەمجارەیان بەگرۆتینێکی دیکەو بەشێوەیەکی تۆکمەتر لەجاران هاتنەوە مەیدان و

---

[تر]احمد خواجە، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم، ل 30.

[یر]هەمان سەرچاوە، بەرگی سێیەم، ل 30؛ ك. پ.ك، پیامی مانگی 30⁄6⁄1930 دەست نووس( لە ئەرشیفخانەی بنەماڵەی موکریانی پارێزراوە و بۆ یەکەمین جارە بڵاودەکرێتەوە) بڕوانە پاشکۆی ژمارە( 4) .

[سم]ك. پ. ك، بۆ دوست ودوژمنان، 1⁄7⁄1930، ( لە ئارشیفخانەی بنەماڵەی موکریانی پارێزراوە و بۆ یەکەمین جارە بڵاودەکرێتەوە) بڕوانە پاشکۆی ژمارە( 5)؛ کەمال مەزهەر، مامۆستا بەشیر لە بەڵگەنامەیەکی نهێنی بەریتانیای گەورەدا، ل ل 26-27.

[شم]بلەچ شێرکۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل89.

لەکۆنگرەیەکی فراواندا لەهاوینەهەواری (بحەمدون) لەتشرینی یەکەمی1927 کۆمەڵەی(خۆیبوون)یان هێنایە دامەزراندن[تر].

بەدامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون سەرجەم کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی دیکە خۆیان هەڵوەشاندەوەو هاتنە ڕیزی ئەو کۆمەڵەوە کە لەسەرەتاوە بەرنامەیەکی تۆکمەو ڕێكوپێکی بۆ خۆی داڕشتبوو[یر]، هەر ئەمەش بوو ڕێگای لەبەردەمی خۆشکرد لەماوەیەکی کەمدا بتوانێ چەندین لقو بارەگای لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان بکاتەوە[سم]. یەکێکیش لەلقەکانی لقی مووسڵ بوو کە ئەمین ڕەواندزی سەرۆكو مەعروف چیاووك جێگری بوو[شم].

---

[تر]د.عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الكردية في نصف قرن1908-1958، الطبعة الاولى، بغداد، 1989، ص 64. سەبارەت بەشوێنی کۆنگرەی دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون بیروڕای جیاواز لەسەرچاوە مێژووییەکاندا هەیە. بلەچ شێرکۆ ئاماژە بۆ ناوچە کوردییەکانی باکووری کوردستان دەکات و، محەمەد عەلی عەونی دەڵێت یەکەمین کۆنگرەی نیشتمانی ساڵی 1927 لە پاریس بوو. دوکتۆر (یەشار قلافت)یش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە یەکەمین کۆبوونەوە لە ڕەواندز بووە. بلەچ شێرکۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل89؛ محسن محمد المتولي، كرد العراق منذ الحرب العالمية الاولى 1914-حتى سقوط الملكية في العراق1958، الطبعة الاولى، بيروت،2001،ص158؛ د. يشار قلافت، ثورة الشيخ سعيد، انقرة، 1992، ص134. لە: روهات الاكوم، خويبون و ثورة اطري، ترجمة: شكور مصطفى، الطبعة الاولى، رابطة كاوا للثقافة الكردية، مطبعة اوفسيت هةولێر ،1999، ص13. وەرگیراوە.

[ير]د. عبد الستار طاهر شريف، المصدر السابق، ص 65 و مابعدها.

[سم]زنار سلوپی، المصدر السابق، ص 131؛ روهات ئالاكۆم، المصدر السابق، ص 14 ومابعدها

[شم]دائرة السجلات العامة، وزارة الطيران، 23⁄412⁄ القسم الثاني، الموصل، رقم 307⁄23، و المؤرخ في اليوم الرابع من تشرين الثاني 1927، المضوع

هەروەها لقی سلێمانی کە مەستەفا زەکی صائیب[تر] سەرۆکایەتی دەکرد هەر یەك لەسلێمان بەگی سیلاحشۆڕ (1936–1875)و عوسمان بەگ کە خەڵکی ڕەواندز بوون ئەندامی ئەو لقە بوون[یر].

شیاوی باسە لە ڕاپۆرتێکی بریتانیدا هاتووە کە وکری محەمەد سەگبان[سم] پەیوەندی کردووە بە هەریەك لە ئیبراهیم حەیدەری، ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی، حازم شەمدین ئاغا، محەمەد ئەمین زەکیو شێخ ڕەزای کوڕی شێخ سەعیدی پیران کە داوای ئەوەی لێکردووە بین بەئەندام لە خۆیبووندا و، ڕاپۆرتەکەش دەڵێت تاڕادەیەك لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بوو[شم].

لێرەدا هەر چەندە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ لقی کۆمەڵەی خۆیبوون ناکەن لە ڕەواندزدا، بەڵام بەدووری نازانین کە لقی ئەو کۆمەڵەیە لە ڕەواندزدا کرابێتەوە، لەبەر ئەوەی کاتێك کۆمەڵەی خۆیبوون لەگەڵ پارتی تاشناقی

---

الاستخبارات الكردية، ص 3. لە: د.ئیسماعیل شوکر ڕەسول، ڕۆڵی ڕامیاری و ڕۆشنبری مەعروف چیاووك...، ل11. وەرگیراوە.

[تر]مستەفا سائیب خاوەنی چیرۆکی لەخەوماو باوکی هونەرمەند شەماڵ سائیبو دبلۆماسێکی ناسراو بوو. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد ، بەرگی دووەم، ل 292.

[یر]د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل296.

[سم]شکوری محەمەد سەگبان ساڵی 1881 لە دایك بووەو ڕۆڵی کارای گێراوە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان تا ئەوەی لە بیرباوەڕەکانی پاشگەز بۆتەوەو گەڕاوەتەوە تورکیاو لەوێدا ماوەتەوە تا لە ساڵی 1960 کۆچی دوایی کردوە. ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر سەرچاوەی پێشوو، ل 60.

[4] Air , 23, 413/5088) ,Advance exract to the Iraq…), 19, May,1928.
لە: سروە اسعد صابر، کوردستان الجنوبیە 1926-1939، ص 254. وەرگیراوە.

ئەرمەنی ڕێکەوتو، پاپازیان[تر] سەردانی عیراقی کرد، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پەیوەندی بە سەید تەهای نەهری قائیمقامی ڕەواندزەوە بکرێت، چونکە خاوەن نفوزو دەسەڵاتێکی زۆرە لەناوچەکەداو لەتوانایدا هەیە پیاوو چەکداری زۆر کۆبکاتەوە لەکاتی پێویستدا[یر]. ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەشەوە لەراپۆرتێکی بریتانیدا هاتووە کە سەید تەهاو ژمارەیەك لەگەورە پیاوانی کورد لەسەر سنوور هاوکاری و هەماهەنگیان بۆ شۆڕشگێرانی کورد لە ئارارات ڕەوانە کردووە[سم]. ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە کەمال مەزهەر دەڵێ:" **پێم وایە حوسین حوزنی موکریانیش کە ئەو ڕۆژگارە لە ڕەواندز بەدەرکردنی (زاری کرمانجی)یەوە خەریك بوو لەنزیکەوە پەیوەندی بەرابەرانی (خۆیبوونەوە) هەبووە**"[شم]. واتە ئەوانەی ئاماژەمان بۆ کردن دەمان هێنێتە سەر ئەو ڕایەی بڵێین ڕەنگە کە لقی کۆمەڵەی خۆیبوون لەڕەواندزیش هەبووبێت، چونکە سەید تەهاو حوسێن حوزنی موکریانی لەو سەردەمەدا لەڕەواندز ڕۆڵی کاریگەریان بینیوەو کاریگەری زۆریان بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا هەبووە.

**- کۆمەڵەی ئازادیی کوردستان:**

ئەو کۆمەڵەیە لەکۆتایی بیستەکان دامەزرا لەلایەن ژمارەیەك نیشتمانپەروەردا کە ئەندامەکانی پێکهاتبوون لە: جەمال بابان(1893-

---

[تر] واهین پاپا زیان ئەندامی دێرینی پەرلەمانی تورکی بوو لە ویلایەتی وان و ئەندامێکی کارای پارتی تاشناقی ئەرمەنی بوو . د. ولید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل 177.

[یر] ولید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل 178.

[سم] د.عثمان علی، المصدر السابق، ص 527.

[شم] کمال مەزهەر، حوزنی موکریانی و ڕۆژنامەنووس و زاراوە مێژووییەکان، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە( 9)، هاوینی2002، ل 191.

1966)، محەمەد ئاغای عەبدورڕەحمان ئاغا[تز]، محەمەد بەگی جاف[یز]، شێخ جەمال تاڵەبانی، ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی، حوسێن حوزنی موکریانی، مەعروف چیاووك، عارف چیاووك[سم]، حازم شەمدین ئاغاو زاخۆییو چەندانی دیکە[شم]. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەك لەئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە کارمەندی میری بوونو ژمارەیەکیشیان کۆچی دواییان کرد، بۆیە نەیتوانی درێژە بە کارەکانی خۆی بدات و زۆری نەخایەند کۆمەڵەکە تێك چوو[لە].

- <u>کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان:</u>

ساڵی1930 لە مووسڵ بەشێوەیەکی نهێنی لەسەر دەستی دەستەیەك نەتەوەپەروەرانی کورد هاتە دامەزراندن کە ئامانجی یەکخستنی

---

[تز]محەمەد ئاغا کوڕی عەبدولڕەحمان ئاغا ساڵی 1898 لە دایك بووەو لەسەردەمی حکومەتی شێخ محموود بۆتە وەزیری ئەشغالو گەیاندن، لە پاشانیش لە کاری سیاسی دانەبراوە تا ئەوەی لە ساڵی 1962 کۆچی دوایی کردووە. ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، سەرچاوەی پێشوو، ل 43.

[یز]محەمەد بەگی جاف کوڕی فەتاح بەگ کوڕی حەمە پاشای جافەو لەساڵی 1904 لە دایك بووە، ناوبراو ڕۆڵی کاری هەبووە تا ئەوەی بە نەخۆشی ڕیخۆڵە لە مایسی 1934 کۆچی دوایی کردووە. ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، هەمان سەرچاوە، ل 79.

[سم]عارف چیاووك، زانیاریم دەربارەی ئەو پیاوە دەست نەکەوت، بەڵام ڕەنگە لە بنەماڵەی مەعروف چیاووك بێت.

[شم]کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، تەئریخی جاف، لێکۆلینەوەی: حەسەن جاف، چاپی یەکەم، بەغدا، 1995، ل ل105-106؛ د. مکرم الطالباني، حزب هیوا، مطبعة خاك ، سليمانية، 2002، ص42.

[لە]کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، سەرچاوەی پێشوو ، ل 106.

نیشتمانپەروەران بوو بۆ مەبەستی بەدەست هێنانی مافەڕەواکانی کورد. ئەندامەکانی لە مەحموود جەودەت، فائق کاکەمین، محەمەد عەلی، ئەمین ڕەواندزی و چەندانیتر پێکهاتبوون[تر].

ئەو کۆمەڵەیە توانی پەیوەندی بکات لەگەڵ ژمارەیەك لەپیاوە ناودارەکانی دیکەی کوردوەکو: ڕەفیق حلمی، ئەحمەد خواجەو ئەحمەد فەخری، بەمەبەستی کردنەوەی لقی تری ئەو کۆمەڵەیە لە هەموو ناوچەکانی دیکە باشووری کوردستاندا[یر]. بەڵام بە هۆی ئاشکرای بوونی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتو ئینگلیزەکان بووە هۆی پەڕاگەندە کردنو دوورخستنەوەیان لەیەکتری. بۆ نموونە مستەفا سائیب گواسترایەوە بۆ ناوچەکانی ڕەواندز، بەڵام بەهۆی ئەنجامدانی کاری ڕێکخراوەی لەنێوان گەورە پیاوەکانی ڕایەت، باڵەك، هەریرو باتاس جارێکی دیکە دوورخرایەوە بۆ مووسڵ[سم]. ئیتر لە دوای تەمەنی ساڵو نیوێك بە

---

[تر]د. کمال مظهر احمد، الاستاذ اسماعیل حقی شاوەیس یروي صفحات من نضال الشعب الکردي، ص 7. وەکو لە پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد لەلایەن نووسەرو مێژوونووسان جیاوازی لەنێوان کۆمەڵەی پشتیوانو کۆمەڵەی پێشکەوتنی کورداندا ناکرێت. هەر بۆیە لێرە تاهیر حەوێزی لەمێژووی کۆیە ئاماژە بۆ کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان دەکات بەناوی کۆمەڵەی پشتیوان (سەروبەر) و دەڵێت:" لە ساڵی1931 لە مووسڵ دامەزراو دەستەی دامەزرێنەرانی لە مەحمود جەودەت، مستەفا چیچۆ، حەمید دەبونیو ڕەشید ئەفەندی مەئموری ئیستهلاکی هەریر پێك هاتبوون. طاهر احمد حەوێزی، سەرچاوەی پێشوو، ل 163.

[یر]د. کمال مظهر احمد، الاستاذ اسماعیل حقی شاوەیس... ، ص 7.

[سم]صدیق صالح، کامیل حسن لاپەرەیەکی ون، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە( 8) حوزەیرانی 1999، ص76.

هۆی لەیەك دابرانی ئەندامەکانی کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان لەکارەکانی کەوت[تر].

**- کۆمەڵەی یاریدەدەران( یاریدەدەر):**

کۆمەڵەی یاریدەدەران لەسەر دەستی ژمارەیەك قوتابیانی کوردپەروەری شاری هەولێر لە 18ی مایسی1931 دامەزراوەو زۆر لە کورە ئاغاو کاربەدەستانی ئەو شارەی لەخۆ گرتووەو لەلایەن جەلال نوورییەوە سەرکردایەتی کراوە. ئەو کۆمەڵەیە ئامانجی بلاوکردنەوەی بیری کوردایەتی‌و پێشخستنی زمانی کوردی بووە[یر]. ئەوەتە کاتێك یەکێك لەگەورە بەرپرسانی حکومەتی عیراقی سەردانی ئەو شارەی کردووە ئەو کۆمەڵەیە یاداشتێکیان نوسیوەو پێشکەشیان کردووە، کە تیایدا داوای چاکردنی باری ناوچە کوردییەکان کردووەو نارەزایی خۆیان بەرانبەر بەکاربەدەستانی حکومەت دەربڕیوە، بەلام دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە ئەرکی پێشکەش کردنی ئەو یاداشتە وەهاب ئاغا ڕەواندزی[سم] لە ئەستۆیی

---

[تر] د. کمال مظهر احمد، الاستاذ اسماعيل حقي شاوەيس...، ص 7.

[یر] شاکر فەتاح ، ئاوێنەی ژینم یاداشتەکانی شاکر فەتاح، ڕێکخستن‌و لێکۆڵینەوەی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2003، ل 31.

[سم] وەهاب ئاغای ڕەواندزی، ناوی تەواوی عەبدولوەهاب محەمەد عەلی ئاغایە، لە ساڵی 1909 لە بێشووك لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە ڕەواندز تەواوکردووە و بۆ درێژەدانیش بە خوێندن هاتۆتە هەولێر. شارەزایی لە زمانی عەرەبی‌و فارسی و تارادەیەك ئینگلیزی و تورکی عوسمانلی هەبووە. ناوبراو ڕۆلچی کاری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان گێراوە تا ئەوەی لە 6ی شوباتی 1972کۆچی دوایی کردووە. دیمانەیەك لەگەڵ هەڵگورد عەبدولوەهاب محەمەد عەلی، هەولێر، بە مێژووی 2ی شوباتی 2008. (هەڵگورد عەبدولوەهاب محەمەد عەلی لە ساڵی 1966 لە ڕەواندز لە دایك بووەو، دەرچووی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی بەغدایە، ئێستاکەش

گرتووە، ئەگەرچی ناوبراو نارەحەتی زۆری بینیوە لە کاتی پێشکەش کردنی یاداشتەکە بە هۆی بەشدار بوونی باوکییەوە لەو دانیشتنە[تر].

- **یانەی هۆشیاری:**

لە ڕاستیدا ئەو یانەیە نەهاتە دامەزراندن، بەڵکو لە هاوینی1926 ژمارەیەك لە گەورە پیاوانی ڕەواندز لەوانە: ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی، سەید تەهای نەهری، ئەمین ئەفەندیو محەمەد ئەفەندی بەڕێوەبەری دارایی لەڕەواندز پێشنیاری کردنەوەی ئەو یانەیەیان لەماڵی ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی به حکومەتدا، بەڵام لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عیراقییەوە داواکاریەکەیان ڕەت کرایەوە[يي]. لەبەر ئەوەی لە داواکاریەکەیاندا هاتبوو:

1- ناوی یانەکە(هۆشیاری)یە کەمانای–کۆمەڵایەتییە(هۆشیاری مانەی الوعي-التوعیة- دەگرێتەوە نەك کۆمەڵایەتی- توێژەر) ئەو یانەیە هەوڵی چاککردنی زمانی کوردی دەدات لە ڕێی خوێندنەوە، بە هیچ جۆری لە بواری سیاسییدا کار ناکات.

2-لە هەر شوێنێك ئەندامانی زۆر بوون لقی یانەکە دەکرێتەوە.

---

بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندنە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان. ناوبراو کوڕی وەهاب ئاغایەو لە هەولێر نیشتەجێیە).

[تر]ئازاد جوندیانی باسی ئەو هاتنەی لە باوکییەوە گوێ بیست ببووو لە دیمانەیەکدا ئاماژەی بۆ ئەو کرد کە بەرپرسەکەی حکومەتی عیراقی وسیی بووە، بەڵام ئەگەر تەماشا بکەین پلەی وەسیی لە حکومەتی عیراق لە مێژووی دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیەدا نەبووە، بۆیە ڕەنگە باوکی لە کاتی گێڕانەوە مەسەلەکە کەتبێتە هەڵەوەو ڕووداوەکەی تێکەڵاو کردبێ، یاخود وەسیی لەوکاتەدا لە پلەیەکی دیکەی حکومەت دابووە، یاخود هەر وەسیی نەبووە بەڵکو بەرپرسێکی دیکەی حکومەت بووە. دیمانەیەك لەگەڵ ئازاد جوندیانی، سلێمانی، 9ی حوزەیرانی2005.

[يي]د. ولید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل 175؛ دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم، ل366.

3-مەلبەندو لقی ئەو یانەیە لەم فەرمانبەرانە پێکدێ.

أ- سەرۆك — دوو دەنگی دەبێ.

ب- جێگری سەرۆك.

ج-ئەندامانی کارگێڕی کە دەبێ سوێندی یانە بخۆن[تر] بۆ ئەوەی لەپێناوی زیادکردنی ئیش‌و کارو چالاکییەکانی یانەکەدا کار دەکەن، ئەمانە داواکانیان بەسەر زارەکی یان بە نووسین هەموو مانگێك بۆ سەرۆك نوێ دەکەنەوە.

د-ئەوانەی سوێند ناخۆن، دەبێ کۆمەکی مادی پێشکەش بە یانە بکەن.

4-سالانە لەبارەگای یانە کۆبوونەوەیەکی گشتی دەکرێ، دەتوانرێت کۆبوونەوەیەکی لە ناکاوی گشتییش بکرێ.

5-ئەگەر بینرا کە کۆمەڵەو یانەیەکی هاوئامانج لە شوێنێکی دیکەدا هەبێ، ئەوا یانەی(هۆشیاری) دەتوانێ لەگەڵیاندا بەشداری لەچالاکییەکانیدا بکات.

ئیتر هەر لەئەنجامی ئەو پێڕۆ پرۆگرامە تۆکمەیەی یانەکە بوو ڕاپۆرتێکی بریتانی مەترسی لەکرنەوەی ئەو جۆرە یانەو کۆمەلانە دەربڕیوە[یە]. لێرەدا ڕەنگە هۆکاری مەترسی دەسەلاتدارانی حکومەتی عیراقی‌و بریتانی لەدامەزراندنی یانەی هۆشیاری لەو کەسانەوە هاتبێ کە یادداشتەکەیان پێشکەش کردووە، یا لە ناوەکەیەوە، لەبەر ئەوەی بەهۆشیار بوونەوەی کۆمەلانی خەلك، کارە دزێوەکانی ئەوان دیار دەکەت‌و خەلکی بەروویان هەلدەگەرانەوە.

---

[تر]سەبارەت بە ناوەرۆکی سوێندەکە ئەوا سەرچاوەکان باسی لێوە ناکەن، بەلام ڕەنگە لە ناوەرۆکی سوێندنی کومەلەو یانەکانی دیکە جیاواز نەبێت کە سـوێندیان بـەقورئان و ئالای کوردستان و خەنجەری کوردی دەخوارد.

[یە]د. ولید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل 176.

**- یانەی سەرکەوتن:**

**کوردە ناودارەکانی دانیشتووی شاری بەغدا بەدەست پێشخەری مەعروف چیاووك لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە لە 9ی شوباتی1930 یاداشتێك پێشکەش بەوەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عیراقی بکەن بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی کردنەوەی یانەیەك بۆ کوردەکان. ئیتر لەدوای هەوڵو کۆششێکی زۆرو ماوەیەکی زۆر وەزارەتی ناوخۆ بە نووسراوی ژمارە( 6895) لە20ی مایسی 1930 بڕیاری کردنەوەی یانەکەیداو مافی ئیمتیازیشی بە مەعروف چیاووك دا(1).**

**ئەنجام لەڕۆژی 30ی مایسی1930 لە ڕێوڕەسمێکی فراوانو بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری جەماوەری لەگشت چینو توێژاڵەکانی کۆمەڵ لە سینەمای ڕۆیاڵ لەشاری بەغدا یانەی سەرکەوتن کرایەوە، لەهەڵبژاردنێکی دیموکراتیانە دەستەی بەڕێوەبردنی یانەکە هەڵبژێردران کە پێکهاتبوون لە: ئیبراهیم حەیدەری سەرۆکی یانە، مەعروف چیاووك باوەڕپێکراوی یانەو، ئەندامییەتی محەمەد ئەمین زەکی، مەحموود جەوودەت، ئەحمەد ئاغای کەرکوکی، عەبدوڵلا لوتفی، خەلەف شەوقی داودیو محەمەد عارف ئەفەندی(2). ئامانجی یانەی سەرکەوتن پێشکەش کردنی**

---

[1] ئەحمەد باوەڕ، کۆمەڵی یانەی سەرکەوتن، چاپی یەکەم، چاپخانەی و ئۆفسێتی تیشك، کەلار، 2004، ل 64.

[2] ئەحمەد باوەڕ، کوردستان وچالاکی کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان لە ساڵانی ئینتدابی بەریتانیادا 1920-1932، چاپی یەکەم، سلێمانی، 1998،ل ل46-47؛ غفور میرزا کریم، کردنەوەی یانەی سەرکەوتن لە بەغدا چۆن لە سلێمانی دەنگی دایەوە، گۆڤاری ڕۆشنبری نوێ، ژمارە(98)، 1993، ل 62. بەپێی پەیڕەوی یانەی هەر نۆمانگ جارێك یانەی سەرکەوتن ئەندامانی خۆی تازە دەکردەوە، ئەوەتە لە 3ی

خزمەتگوزاری بوو بۆ ئەو کوردانەی کە سەردانی شاری بەغدایان دەکرد، لەگەڵ هاوکاریو کارئاسانی بۆ قوتابیانی کورد کە دەهاتنە بەغدا بەمەبەستی تەواوکردن خوێندن، ئەوە سەرەڕای بەستنی کۆرو سیمیناری هەفتانە(1).

شیاوی باسە لەپەیڕەوی ناوخۆی یانەی سەرکەوتندا هاتبوو کە یانە لەگەڵ سیاسەتدا تێکەڵاو نابێت، بەڵام بەتێپەربوونی کاتو هاتنە ناوەوەی ئەندامانی تازە کار بەوخاڵە نەکراو لایدا بەلای کاری سیاسییەوە( 2). هەر بۆیە لەلایەك کەوتە یارمەتیدانی کۆمەڵەی خۆیبوونو(3)، لە لایەکی دیکەوەش هەوڵدان بۆ یەکخستنی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە نێوان بادینانو سۆران(4)، بەڵام لەو هەوڵە دواییاندا سەرکەتوونەبوو بەهۆی ئاشکرابوونیان لەلایەن لێپرسراوانی حکومەتەوە، کەچی کارەکەیان گرنگی خۆی هەبووە، لەبەر ئەوەی بەگرێدانی خەباتی

---

نیسانی1931 جارێك دیکەش هەڵبژاردن کرایەوە ئەمانە هەڵبــژێردران: ئــەمین زەکــی بەگ سەرۆك، مەعروف چیاووك، ئەحمەد ئەفەنــدی هــەولێری، عەبــدوڵڵا عــەلی ئاغــا، ئەمین ڕەواندزی و ژمارەیەکی دی. شاکر فەتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل 112.

[تز]د. ئیسماعیل شوکر ڕەسول، ڕۆڵی رامیاری و ڕۆشنبیری مەعروف چیاووك، ل 14.

[یز]غفور رشید داراغا، یانەی ســەرکەوتنی کــوردانو چــەند دێرێــك، گۆڤــاری دەنگــی مامۆستا، ژمارە( 1) حوزەیرانی 1972، ل 17.

[سم]عەقید بەکر عەبدولکەریم حەوێزی، گەشتێك بە کۆماری مــەهابادا، چــاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2001، ل 7.

[شم]عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل82.

هەر دوو بەشی بادینانو سۆران هێزێکی بەرگری زۆری بۆ کورد دادەمەزراندو ئاستەنگێکی گەورەی بۆ حکومەت دەنایەوە(1).

ماوە بڵێین سەدای کردنەوەی یانەی سەرکەوتن لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان دەنگی دایەوە لەڕێگای ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا، هەر بۆیە زاری کرمانجی لە ژمارە(23)دا ئاماژەی بۆ کردنەوەی یانەکە کردووە لەگەڵ تەواوی ئامانجو بەرنامەکانی(2). هەروەها ڕۆژنامەی ئەل ئەحراریش(بەیروت) لەژمارە(1487)دا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە یانەی سەرکەوتن بنکەیەکی سەرەکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانە لە تورکیا، سوریا، عیراقو ئێرانداو کار بۆ ڕزگار کردنی کوردستانو هێنانەدی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ دەکات(3). یانەی سەرکەوتن لە کارەکانیدا بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو، بەوەش ڕۆڵو جێ پەنجەی دیاری خۆی لە سەر ڕەوتی خەباتی کوردی نواند.

- پارتی پێشکەوتن( حزب التقدم):

پارتی پێشکەوتن لە تشرینی یەکەمی1925 لەسەر دەستی عەبدولموحسن سەعدون(1929‑1880) وەکو پارتێکی حوکمیو یەکەمین پارتی پەرلەمانی لە عیراق بەشێوەیەکی ئاشکرا هاتە دامەزراندن، کە ئەندامانی تەنیا لەئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانو خاوەن

---

(1) محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور، ڕۆڵی سیاسیو کەلتوریی ئەفسەرانی کورد لەبزاڤی کوردایەتی کوردستانی باشووردا (1945‑1921) چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2000، ل 66.

(2) زاری کرمانجی، ژمارە( 23) حزیران 1930، ل 13-16، سەرچاوەی پێشوو.

(3) کونی ڕەش، جمعیة خویبون، الطبعة الاولی، مؤسسة موکریان للطباعة و النشر، اربیل، 2000، ص 131.

پلەوپایە کارگێڕییەکان پێکهاتبوون(1). هاو سۆزی سەرۆکی پارتی پێشکەوتن بۆ کوردو دانان بەمافەکانی کاریگەری کردە سەر ئەندامە کوردەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەران کە لە ساڵی1926 ببنە ئەندام لەو پارتە وەکو: ئیبراهیم یوسف، عەبدوڵڵا موخلێس بەگ، شێخ حەبیب تاڵەبانی، نەشئەت ئیبراهیم ئەفەندی، ئیسماعیل بەگی ڕەواندزیو چەندانی دی(2). لێرەشدا لەبەڵگەنامەیەکی بریتانیدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە عەبدولموسحن سەعدونی سەرۆك وەزیرانی عیراق لە شوباتی1926 لەگەڵ هەر یازدە ئەندامە کوردەکەی ئەو پارتە کۆبۆتەوەو باسیان لەپێشکەش کردنی یاداشتێك کردووە بۆ حکومەت تا سەبارەت بۆ زیاتر ساغ کردنەوەو دیاری کردنی عیراقی عەرەبیو کوردی، بەڵام هەر لە بەڵگەنامەکەدا هاتوو کە لەهەوڵەکەیان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە، بەڵکو کۆسپی زیاتریان خستۆتە بەردەم کێشەی کوردی[سم]. جێگای ئاماژە بۆ کردنە کە پارتی پێشکەوتن لە چالاکییەکانی بەردەوام بوو تا مارتی 1930 لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی عیراقدا[شم].

هەواڵنامەی کتێب

---

[تر]عبدالرزاق الحسني، تاريخ الاحزاب السياسية العراقية دراسة تاريخية متواضعة عن الاحزاب السياسة التى تكونت في العراق بين العامين 1918-1958، الطبعة الاولى، بيروت ، 1980، ص 85.

[ير]عبدالفتاح على يحيى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، ص 27.

[سم]نفس المصدر، ص 93.

[شم]عبدالرزاق الحسني، تاريخ الاحزاب السياسية العراقية، ص 93.

- **کۆمەڵەی بووژانەوەی قوتابخانەی ( جمعية النهضة المدرسية ):**

ئەو کۆمەڵەیە لەلایەن ژمارەیەك خوێندکار بەهاوکاری مامۆستای مێژوو ئەنیس زەکەریا نسوولّی لەیەکێك لەقوتابخانەکانی شاری مووسڵ بەسەرۆکایەتی عەلی حەیدەر سلێمان[ت] دامەزراو ڕۆڵێکی کاریگەری بینی

---

[ت]عەلی حەیدەر کوڕی سلێمان بەگ کوڕی عەلی بەگی سیلاحشۆڕە و لە 4ی مارتی 1905 لەڕەواندز لەدایك بووە لەنەوەی میرانی سۆرانە. ناوبراو بە هۆی بەندکردنی باوکییەوە کە تۆمەتی کوشتنی ئەفسەرێکی عوسمانی کرابووە ئەستۆ لەگەڵ دایکییەوە دەچێتە مووسڵ لای خزمەکانیان، بەڵام دوای چوار ساڵ بەندیو ئازاد بوونی باوکی لەگەڵ دایکی دەگەرێتەوە ڕەواندز. مانەوەی عەلی حەیدەر لە ڕەواندز زۆری پێناچێت، لەبەر ئەوەی ماڵی باپیرانی لەمووسڵ داوای ئەوەی لێدەکەن بچێتەوە ئەوێ لەگەڵ ئەواندا بژی. هەر بۆیە لە مووسڵ دەنێردرێتە بەر خوێندنی سەرەتایی، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی لەخوێندن دادەبڕێت و دوای جەنگیش لە 1918 دەگەرێتەوە ڕەواندز. کەچی جارێك دیکەش دەچێتەوە مووسڵ و لەوێشەوە لەگەڵ باپیرەی دەچێتە حەلەب. بەگەڕانەوەی بۆ مووسڵ دەست دەکاتەوە بەتەواوکردنی خوێندنەکەیو لە ساڵانی(1921- 1922) خوێندنی سەرەتای تەواو دەکات. لە قوناغی ئامادەیی( کۆمەڵەی ڕابوونی قوتابخانەی) دادەمەزرێنی، هەروەها لەگەڵ ئەوەش هەڵدەستێ بە دامەزراندنی بازنەیەکی بچووك لەقوتابیان کە بڵاوکراوە لە ناو مووسڵ بڵاودەکەنەوەو نامە ئاراستەی ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزراندن دەکەن. عەلی حەیدەر قۆناغی ئامادەیی بەپلەی یەکەم تەواو دەکات و ڕەوانەی زانکۆی ئەمەریکی لەلوبنان دەکرێت. لە لوبنان کۆمەڵەی قوتابیانی عیراقی کە قوتابیانی قۆناغی یەکەمین دروستیان کردبوو بۆ مەبەستی پارێزگاری لە وڵات و ڕزگارکردن لەگەڵ یانەی (المنشيء العراقي). دوای تەواوکردنی قوتابیانی قۆناغی یەکەم عەلی حەیدەر سەرکردایەتی کۆمەڵەکەو یانەکە دەگرێتە ئەستۆ. ناوبراو دوای تەواوکردنی خوێندنی لە1930 دەگەڕێتەوە عیراق و ژمارەیەك پلەوپایە گرنگ لە ناو حکومەت وەردەگرێتو

له کاتی ڕاوەرگرتنەکەی کێشەی مووسڵدا لەسەر لیژنەکەو خەڵکی ئەو شارەدا، کە جەختییان لەسەر ئەوە دەکردەوە مووسڵ بەشێکە لەعیراق و جیانابێتەوە[٣٧].

---

دواتریش خانەنشین دەکرێت تا لە10ی ئەیلولی 1991 لە بەغدا کۆچی دوایی دەکات.
محمود شكحان الدليمي، علي حيدر سليمان، نشاطه الثقافي و دوره السياسي في العراق حتى العام 1968، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية جامعة بغداد، بغداد ، 2002؛ فەخری سیلاحشۆر، ئاوڕێك لە نەزهەتی شاعیر و شاری ڕواندز، لە ژێر چاپکردندایە، ل 28.

[٣٧]فواد حسين الوكيل، جماعة الاهالي في العراق 1932-1937، الطبعة الثالثة، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، 1986، ص 93؛ عبدالفتاح على البوتاني، الحياة الحزبية في الموصل، ص 69.

هەوڵنامەی کێتێر

## تەوەری دووەم:

## ڕۆڵ و چالاکی ڕەواندزییەکان لە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی قۆناغی یەکەمی سەربەخۆیی عیراقیدا( 1932 – 1939 )

لە قۆناغی یەکەمی سەربەخۆیی عیراقی ژمارەیەك کۆمەڵەو ڕێکخراو لەکاری سیاسیی دابوون کە هەندێکیان درێژە پێدەری قۆناغی بەر لەخۆیان بوون‌و، هەندێکی دیکەش تازە دامەزرا بوون، جا بۆ ئەوەی ڕۆڵ‌و چالاکییەکانی ڕەواندزییەکان لەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانە ئاماژە بۆ بکەین یەکە یەکە باسیان لێوە دەکەین.

**- کۆمەڵەی برایەتی:**

کۆمەڵەی برایەتی لەسەر دەستی ژمارەیەك نیشتمانپەروەری کورد لەشاری سلێمانی بە شێوەیەکی نهێنی لە ساڵی1937 هاتە دامەزراندن[تر]، کە دەستەی دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە لە شێخ لەتیفی

---

[تر] سەبارەت بە مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی برایەتی بیروڕای جیاواز و دژیەك لەسەرچاوە مێژوویەکاندا بەدی دەکرێت . لەوانە: مەلا ئەسعەدی مەحوی ئاماژە بۆ مارتی 1937 دەکات. کەریم زەند ئاماژە بۆ پایزی1937 دەکات‌و نووری شاوەیسیش لە اداشتەکانی ساڵی1938 بەساڵی دامەزراندنی دادەنێت . مەلا ئەسعەد مەحوی، دیوانی ئەسعەد مەحوی، کۆکردنەوەو ئامادەکردن‌و لەسەر نووسینی: د. عەبدوڵلا ئاگرین، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ‌و بلاوکرنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2004، ل 7؛ کەریم زەند، گەشتی زەند، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2004،ل 138؛ نوری شاویس، من مذكراتي، دون مكان و سنة الطبع، ص 16؛ کەیوان ئازاد ئەنوەر

کوڕی شێخ مەحموود جێگری سەرۆك، مەلا ئەسعەدی مەحوی کارگێڕی کۆمەڵەو جێگری دووەم، ئیسماعیل حەققی شاوەیس، محەمەد سەدیق شاوەیس، شێخ لەتیفی دانساز، حەمە بۆر، محەمەد ئەمین مەنگوڕی‌و چەندانی دیکە پێکهاتبوون[تە]. کۆمەڵە لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانی بیروباوەڕی بەکاری سیاسیی‌و لەهەمان کاتیش چەکداریش هەبوو، هەر بۆیە گەلێك کاری توندیوتیژی ئەنجامدا[یە]. لەبەر ئەوەی یەکێك لەئامانجە سەرەکییەکانی کۆمەڵەی برایەتی ڕزگارکردنی کوردوکوردستان بوو[سە].

کاری ڕێکخراوەیی کۆمەڵەی برایەتی لەسەرەتادا لە شاری سلێمانی قەتیس مابوو، بەڵام بە تێپەربوونی کات لقی لە شارەکانی بەغداو کەرکوك‌و کۆیە کردەوە[شە]. هەروەها لەڕێگای سەرکردەکانییەوە گەلێك نیشتمانپەروەری تریان خزاندە ڕیزەکانی کۆمەڵەکەوە بۆیە بەدوور نازانرێ کە لەڕێگای ئیسماعیل حەققی شاوەیسەوە ئەمین ڕەواندزی‌و حوسێن حوزنی موکریانی هێنرابنە ڕیزەکانی کۆمەڵەی برایەتییەوە[لە]. ماوەبلێین کۆمەڵەی برایەتی لەکارو چالاکییەکانی ماوەیەك بەردەوام بوو، بەڵام بەهۆی ئاشکرابوونی لەلایەن حکومەت‌و پەراهەندەکردنی هەندێك لەئەندامەکانی

---

کۆمەڵەی برایەتی و حەمە ڕەشید خانی بانە، بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (1689) سلێمانی، 2/9/1998، ل6.

[تە] د. عبدالستار طاهر شریف، المصدر السابق، ص 92؛ کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل170.

[یە] نوری شاویس، المصدر السابق، ص 16.

[سە] د. عبدالستار طاهر شریف، المصدر السابق، ص 92.

[شە] فواد عارف، المصدر السابق، ص 136.

[لە] د. اسماعیل شکر رسول، اربیل... ، ص 134.

بۆ کاری کارگێڕی لەلایەك‌و، ناکۆکی ناوخۆی کۆمەڵەو هاتنە مەیدانی پارتی هیوا لە لایەکی دیکەشەوە کۆمەڵەی برایەتی لەکار خست[١٥١].

**- کۆمەڵەی دارکەر[١٥٢]:**

بۆ شایی کاری ڕێکخراوەیی سیاسیی لەکوردستان بەتایبەتی‌و تەوژمی بیری نەتەوەیی جیهانی بەگشتی هاندەری قوتابیانی قۆناغی ناوەندی‌و ئامادەیی بوو بۆ بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیەك تا لەڕێگای ئەو کۆمەڵەوە مافەڕەواکانی گەلی کورستان بەدەست بهێنن[١٥٣]. لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا قوتابیانی کورد لە قۆناغەکانی خوێندن مێژووی ئەوروپایان دەخوێندو کەوتبوونە ژێر کاریگەرییەوە، بۆیە ئەوانیش کەوتنەخۆ تا بەشێوەی

---

[١٥١] شیاوی باسە هەندێك لە ئەندامانی کۆمەڵەی برایەتی پێیان وایە کە چالاکییەکانی کۆمەڵە تا ساڵی 1943-1944 ماوەتەوە. ئەسعەدی مەحوی، سەرچاوەی پێشوو، ل8؛ نوری شاویس، المصدر السابق، ص 18؛ کەریم زەند، لە ژیانی وەزیفیمدا یەك ڕۆژ مۆڵەتم وەرنەگرتووە، گۆڤاری گلاوێژی نوێ، سلێمانی، ژمارە( 15)، ساڵی دووەم، ئابی 1999، ل 60.

[١٥٢] دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی دارکەر لەژێر کاریگەری ناوی کۆمەڵەی کاربۆناری ئیتالی ئەو ناوەیان لە کۆمەڵەکەیان نا. لەبەر ئەوەی کۆمەڵەی کاربۆناری ئیتالی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم لە ئیتالیا دامەزرابوو، کاری بۆ ڕزگاری ئیتالیا لەدژی داگیرکەر دەکرد. ئەوانیش مێژووی ئەو کۆمەڵەیان خوێندبۆوە و کەوتبوونە سەر بیری ئەوەی بەشێوەی ئەوان کوردستان ڕزگار بکەن. نەجاتی عەبدولا، حزبی هیوا 1939- 1945 دوو ڕەوت، یەك کۆتایی، گۆڤاری رابوون، ژمارە( 26) ، لەندەن، 1999، ل59.

[١٥٣] نوری شاویس، المصدر السابق، ص 18.

**ئەوروپییەکان بتوانن لە ڕێگاری کاری ڕێکخراوەیی دەوڵەتێکی کوردستانی یەکگرتوو دابمەزرێنن[تر].**

**ئیتر هەر لەئەنجامی ئەوانە بوو کۆمەڵەی دارکەر بە دەستپێشخەریو بیرۆکەی یوونس ڕەووف( دڵدار)[یر] و بەهاوکاری پۆلێك لە قوتابییانی قۆناغی دواناوەندی لە ساڵی1937 لە کەرکوك هاتە دامەزراندن[سم].**

---

[تر]د. اسماعيل شكر رسول، اربيل... ، ص 134. دانانی کتێبە مێژووییەکان ژمارەیەك مامۆستا پێی هەڵدەستانو دەیان نووسیەوە لەوانە عەلی حەیدەر سلێمان دوای دەرچوونی لەخوێندنیو گەڕانەوەی بۆ عیراق دوو کتێبی بە ناوی( مێژووی شارستانیەتی ئەوروپی) و (مێژووی ئەوروپای نوێ)وە نووسی. زبير بلال اسماعيل، علي حيدر سليمان من رواد الحركة الاصلاحية و الفكرية في العراق، مجلة زاطرؤس، العدد( 11)، 27 تشرين الثاني/1997، ص 27.

[یر]یونس ڕەئوف( دڵداری شاعیر) لە بنەماڵەی خادم سەججادەی کەرکوکەو لە ساڵی 1917 لە کۆیە لەدایك بووە، هەرلە شاری کۆیە خوێندنی سەرەتایی تەواوکردووە، دواتریش خوێندنی ئامادەیی لە کەرکوك و کۆلیژی مافی لە شاری بەغدا تەواو کردووە. دڵدار خاوەنی سروودی (ئەی ڕەقیب )ەو ڕۆڵی کاریگەری بینیوە تا لە 11ی تشرینی دووەمی 1948 لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە. كريم شارەزا، المناضل القومي و الشاعر المجدد( دلَدار) 1948–1917، جريدة خەبات، العدد(1001) 10/ 10/2000.

[سم]سەبارەت بە مێژووو شوێنی دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر زانیاری جیاوازو دژ بەیەك هەیە لە ناو سەرچاوە مێژوویەکاندا. سەرەتا سەرچاوەکان بە تێکڕا ساڵی 1937 بە ساڵی دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر دادەنێن ، بەڵام نووری شاوەیس لە یاداشتەکانی ئاماژە بۆ ساڵی 1938 دەکات. سەبارەت بە بیرباوەڕە جیاکانی شوێنی دامەرزاندنیشی دابەش دەبن بۆ سێ گروپ. گروپی یەکەم دەڵێن لە شاری هەولێر دامەرزاوە. گروپی دووەم کە د. موکەرەم تاڵەبانییە دەڵێت: لە شاری کەرکوك دامەزراوە. گروپی سێیەمیش شاری سلێمانی بە شوێنی دامەزراندنی دادەنێن. د.اسماعيل شكر رسول، اربيل ...، ص134ومابعدها؛ صالح الحيدری، مختارات من مذكرات صالح الحيدری، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة الثقافة ، سليمانية، 2004، ص9 ؛ نورى شاويس، المصدر

کۆمەڵەی دارکەر ئەگەرچی پەیڕەو پرۆگرامێکی نووسراوو داڕێژراوی نەبوو، بەڵام زوو توانی لقی خۆی لە شارەکانی کەرکوك، سلێمانی، کۆیە، کفری، شەقلاوە، چەمچەماڵ، بەغدا و خانەقین بکاتەوە[تر].

کۆمەڵەی دارکەر یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە حوزەیرانی 1938 لە باخچەی( ام الربیعین) لە شاری کەرکوك سازدا و، لە کۆنگرەکەدا بیری لە فراوان کردنی چالاکییەکانی کردەوە، بۆ ئەو مەبەستەش ناوی هەندێ لە پیاوە ناودارەکانی کوردییان تاووتۆ کرد وەکو محەمەد ئەمین زەکی، مەعروف چیاووك و ڕەفیق حلمی تا بیکەن بە سەرۆکی کۆمەڵەکە[یع] . ئیتر لە ئەنجامی ئەوەدا ئەندامانی دارکەر بەتێکڕای دەنگ ڕازی بوون لەسەر ئەوەی کە پەیوەندی بەکەسایەتی ناودارو نیشتمانپەروەری کورد ڕەفیق حلمییەوە بکرێت. کۆنگرەی ئەو جارەی کۆمەڵەی دارکەر بە ئامادەبوونی ڕەفیق حلمی لە هاوینەهەواری شەقلاوە لە بێستانی جەمیل میران[سم] دابەستراو بڕیاری

---

السابق، ص18؛ فيصل الدباغ، اضواء على كتاب...، ص 69؛ د. موکەڕەم تاڵەبانی، کۆمەڵەی دارکەرو پارتی هیوا چۆن دامەزران؟!!، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە(52)، بەغدا، 1993، ل ل 18-22؛ کریس کۆچیرا، سەرچاوەی پێشوو، ل 170؛ نەجاتی عەبدولا، سەرچاوەی پێشوو، ل 64.

[تر] د. موکەڕەم تاڵەبانی، سەرچاوەی پێشوو، ل19؛ نوری شاویس، المصدر السابق، ص ص18-19.

[یع] د. موکەڕەم تاڵەبانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 20-21.

[سم] جەمیل میران، کوڕی ڕەشید کوڕی مستەفا میرانەو، لە ساڵی1922 لە شەقلاوە لە دایك بووە. خوێندنی سەرەتایی هەر لەوێدا تەواو کردووەو دواتریش ناوەندیو دواناوەندی لە هەولێرو کەرکوك خوێندوە. ناوبراو ساڵی 1945 کۆلێژی مافی لە زانکۆی بەغدا تەواوکردووەو دواتریش گەلێك پلەوپایەی کارگێڕی وەرگرتووە وەکو بەڕێوەبەری ناحییەو قائیمقامی شارۆچکە، تا لە ساڵی 1963خانەنشین کراوە. جەمیل میران یەکێك بووە

ئەوە درا کە پەرە بەکارەکانیان بدەن‌و ناوی کۆمەڵەی دارکەریش بە پارتی هیوا بگۆرن[ت].

ئەگەرچی لەسەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بۆ کردنەوەی لقی کۆمەڵەی دارکەرو چالاکییەکانی لەڕەواندز نەکراوە. بەڵام دوور نییە کە لقی کۆمەڵەی دارکەرو چالاکییەکانی لە ڕەواندزیش هەبووبێت ، لەبەر ئەوەی قوتابیانی ڕەواندزیش بە چەشنی شوێنەکانی دیکە کە قوتابخانەی ناوەندی تیادا نەبوو، بۆیە دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتاییان ڕوویان لە شارەکانی هەولێرو کەرکوك دەکردو لە کاتی پشووی نیوەی ساڵ‌و هاوینیشدا کە دەگەڕانەوە بیروباوەڕی ئەو ناوچانەیان بۆ ڕەواندز دەگوێزایەوە کە هەر وەکو لە دواتردا لە پارتی هیواش لێیان دەبینین.

**- پارتی هیوا:**

دوای ئەوەی ئەندامانی دارکەر هاتنە سەر بیری فراوان کردنی ڕێکخستەکانیان‌و ناوی کۆمەڵەکەیان گۆڕی بەناوی پارتی هیواوە[ت]. ئیتر

هەولێرنامەی کتێب

---

لەئەندامانی دامەزرێنەری پارتی هیوا هەر بۆیە باخچەکەی خۆی بۆ تەرخان کردوون لە کاتی بەستنی یەکەمین کۆنگرەیان. ماوەبلێین ناوبراو لە مانگی ئەیلولی1995 لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە. دیمانەیەك لەگەڵ دوکتۆر نیاز جەمیل میران، هەولێر، لە 24ی تەمموزی 2005. (نیاز جەمیل میران لە ساڵی1952 لە دایك بووە و دەرچووی کۆلێژی پزیشکییەو ئێستاکەش کارمەندی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر).

[ت]فیصل الدباغ، اچواو علی کتاب...، ص 72. شیاوی باسە لێرەدا نووری شاوەیس سەبارەت بە شوێنی بەستنی ئەو کۆنگرەیە بیروڕای جیاوازی هەیە کە دەڵێت: لە یەکێك لە ئوتێلەکانی شاری کەرکوك بەسترا. نوری شاویس، المصدرالسابق، ص 21.

ئەو پارتە لەسەر پاشماوەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی دارکەرەوە لە ساڵی 1939 هاتە دامەزراندن[یر].

پارتی هیوا وەکو تاکە پارتێکی سیاسیی سەر گۆڕەپانی سیاسیی ئەو کاتە لەباشووری کوردستان هەر زوو توانی پەرە بەڕێکخستنەکانی خۆی بداتو سەرجەم چینو توێژاڵە جیاجیاکانی کۆمەڵ لەپارێزەر، مامۆستا، پزیشك، ئەفسەر، سەربازو ژمارەیەك سەرۆك هۆزی کوردی لەخۆی کۆبکاتەوە کە دەتوانیین ناوی ئەوانە بهێنین: ڕەفیق حیلمی، تۆفیق وەهبی، مەعروف چیاووك، ئەمین ڕەواندزی، ئیسماعیل حەققی شاوەیس، عزەت عەبدولعەزیز[سم]، مستەفا خۆشناو[تر]، محەمەد قودسی[یر]، ماجید مستەفا،

---

[تر]ناوی کۆمەڵەکەیان ناونا بە ناوی کۆمەڵەی(هێڤی)یەوە کە یەکێك بوو لەو کۆمەڵە سیاسیانەی لە ساڵی1910 پۆڵێك قوتابیانی کورد لە ئەستەمبۆل دایانمەزراند. بۆ زیاتر زانیاری لە سەر کۆمەڵەی هێڤی بڕوانە: بلەچ شێرکۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل 51؛ د. عبدالستار طاهر شریف، المصدر السابق، ص38.

[یر]سەبارەت بە مێژووی دامەزراندنی پارتی هیوا بیروڕای جیاواز هەن، هەندێك بۆ ساڵی 1937 دەبەنەوە. هەندێکی دیکە بۆ ساڵی 1938، ئەوانەی تریش بۆ ساڵی 1939 و1941ی دەبنەوە. د. عبدالستار طاهر شریف، تاریخ الحزب الشوری الکردستانی، بغداد، 1978، ص ص16-17؛ کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل 170؛ نوری شاویس، المصدر السابق، ص 20-21؛ د.موکرم طالبانی، حزبی هیوا، ص ص 51-52؛ تاریق جامباز، لاپەرەیەکی شاراوە لە مێژووی (حزبی هیوا) لە هەولێر، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە( 1) ، ئابی 1997، ل ل 25-31.

[سم]عزەت عەبدولعەزیز، لە ساڵی 1911 لە ئامێدی لە دایك بووە و چۆتە ڕیزی سوپای عیراقی تا پلەی سەربازی بەرز بۆتەوە بۆ رەئیس ڕوکنی یەکەم، ناوبراو ئەندامی پارتی هیوا بووە و، بەشداری لە شۆڕشی بارزان(1945-1943) کردووەو ئەندامی هەیئەی

ئازادی بووه، پاشان له‌ ته‌ك مسته‌فا بارزانی چۆته‌ ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان‌و به‌شداربووه‌ له‌ كۆماری كوردستان. دوای گه‌ڕانه‌وه‌شی بۆ عیراق به‌ندكراوه‌، ئه‌نجام له‌گه‌ڵ هه‌ر سێ هاوڕێكه‌ی دیكه‌ی مسته‌فا خۆشناو، خه‌یروڵلا عه‌بدولكه‌ریم، محه‌مه‌د قودسی له‌ 19ی حوزه‌یرانی 1947 له‌ سێداره‌ دراون. فه‌یسه‌ڵ ده‌باغ، حزبی "هیوا" و شۆڕشی "1943-1945" ی بارزان، چاپی یه‌كه‌م، بڵاوكردنه‌وه‌ی ده‌زگای ڕاگه‌یاندنی گوڵان، هه‌ولێر 1997، ل ل 27،58،76،80،124.

(ت)مسته‌فا خۆشناو، له‌ ساڵی1912 له‌ بێتواته‌ له‌ دایك بووه‌، له‌ ته‌مه‌نی منداڵیدا باوكی كۆچی دوایی كردووه‌، لای كه‌ریم ئاغای واجید ئاغای حه‌وێزی په‌روه‌رده‌كراوه‌. ناوبراو ئه‌ندامی پارتی هیوا بووه‌ دواتریش به‌شداری له‌ شۆڕشی بارزان(1934-1945 ) كردووه‌، له‌ پاشانیش چۆته‌ ڕیزی هێزی كۆماری كوردستان‌و به‌ شداری له‌شه‌ڕه‌كاندا كردووه‌ تا ئه‌وه‌ی كۆتایی به‌كۆمار هاتووه‌و گه‌ڕاوه‌ته‌وه‌ عیراق و به‌ندكراوه‌، كه‌ئه‌نجام له‌گه‌ڵ هه‌ر سێ هاوڕێكه‌ی دیكه‌ی عزه‌ت عه‌بدولعزیز، خه‌یروڵلا عه‌بدولكه‌ریم، محه‌مه‌د قودسی له‌ 19ی حوزه‌یرانی 1947 له‌سێداره‌ دراون. محه‌مه‌د عه‌بدوڵلا كاكه‌ سوور، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل 146.

(ی)محه‌مه‌د مه‌حمود قودسی، له‌ ساڵی 1922 له‌قودس له‌ دایك بووه‌ هه‌ر بۆیه‌ نازناوی قودسی خراوه‌ته‌ پاڵناوی، له‌گه‌ڵ دامه‌زراندنی پارتی هیوا بۆته‌ ئه‌ندام، ساڵی1941 بۆته‌ جێگری ئه‌فسه‌ری ئیعاشه‌و به‌شداری له‌ شۆڕشی بارزان( 1945-1943) كردووه‌، له‌ پاشان چۆته‌ پاڵ هێزه‌كانی كۆماری كوردستان. دوای گه‌ڕانه‌وه‌شی بۆ عیراق به‌ند ده‌كرێت‌و له‌گه‌ڵ هه‌رسێ له‌هه‌ڤاڵانی مسته‌فا خۆشناو، عزه‌ت عه‌بدولعزیز، خه‌یروڵلا عه‌بدولكه‌ریم له‌ 19ی حوزه‌یرانی 1947 له‌ به‌غدا له‌ سێداره‌ ده‌درێن. محه‌مه‌د عه‌بدوڵلا كاكه‌ سوور، هه‌مان سه‌رچاوه‌، ل 146.

شێخ عەبدولقادر بەرزنجی‌و زۆرانی دیکە[تر]، هەروەها پارتی هیوا سەرکەوتنی بەر چاوی بەدەست هێنا لەکردنەوەی لقەکانی لەشارو شارۆچکەکانداو تەنانەت پەلی بۆ شاری بەغدای پایتەخت‌و پارچەکانی دیکەی کوردستانیش نا[یر].

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە باسی لێوە بکەین ڕۆڵ و چالاکی ڕەواندزییەکانە لە پارتی هیوادا کە بیرو بۆ چوون‌و ڕێکخستنەکانی لە ڕێگای قوتابییانەوە لە هەولێرو شارەکانی دیکە بۆ ئەوێ دەگوازرایەوە[سم]. هەر بۆیە لەو ناوچەیەشدا لقێکی پارتی هیوا لە1939 کرایەوەو دەستی بە کارەکانی کردووە کە چین‌و توێژاڵێکی زۆری ڕەواندزی لە خۆی کۆکردۆتەوەو کە لەلایەن سەعدوڵڵا ناوەێکەوە سەرپەرشتی دەکراو ئەندامەکانی پێکهاتبوون لە: ئەمین ڕەواندزی، میر محەمەد ئەمین دەرگەڵەیی، شێخ سلێمان مستەفا، وەهاب ئاغای ڕەواندزی، ئەحمەد دیاب، مامۆستا جەلال سەعید خەیلانی، ئیبراهیم حەسەن، سەبری نەجیب نەورۆز ئەفەندی[شم]، عەلی عەبدوڵڵا(عەلی مەکتەبە)[تر]، یوسف ڕەشید

---

[تر]د. اسماعيل شكر رسول، اربيل...، ص137؛ منذر الموصلي، الحياة السياسية و الحزبية في كردستان، لندن، 1991، ص 262.

[یر]نەجاتی عەبدولا، سەرچاوەی پێشوو، ل 60.

[سم]تاریق جامباز، وشیاری نەتەوایەتی گەنجانی هەولێر لە کۆتایی سییەکان‌و ناوەڕاستی چلەکان لە نێو حزبی هیوادا، گۆڤاری هەولێر ژمارە(1)، هەولێر، زستانی1998، ل 57-66.

[شم]سەبری نەجیب نەورۆز ئەفەندی: لە ساڵی1921 لە ڕەواندز لەدایك بووە و لەبنەماڵەی حاجی نەورۆز ئەفەندییە کە دەگەڕێنەوە بۆ نەوەی وەستا ڕەجەبی دروست کەری تۆپەکانی سەردەمی میر محەمەد پاشای ڕەواندزی. ناوبراو خوێندنی سەرەتایی لەڕەواندز تەواو کردووەو دواتریش ڕووی کردۆتە شاری هەولێر. لە شاری هەولێر دەچێتە

ڕیزی ڕێکخستنەکانی پارتی هیواوە و ئەندامێکی کارای ئەو پارتە بووە لە ڕەواندز. دوای هەڵوەشانەوەی پارتی هیوا 1945 دەبێتە ئەندامی پارتی ڕزگاریو لە پاشانیش پـارتی دیموکراتی کورد. ساڵی 1948 بەسەفەرێك ڕوودەکاتە وڵاتی میسرو لەڕێگادا چاوی بە قەدری جانی شاعیر و بنەماڵەی بەدرخانییەکان دەکەوێت. لـەکاتی گەڕانەوەشـی دیـارە ژمارەیەك بڵاوکراوە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ، بەڵام ئەوەی یارمەتیدەری دەبێـت بـۆ دەربـاز بوونی ئەو بڵاوکراوانە، بوونی گەردەلوولێکی زۆر دەبێت لەو ڕۆژەدا لـە شـاری بەغـدا. ساڵی 1959 بە هۆی کاری سیاسییەوە بەند دەکرێتو ڕەوانەی بەندیخانەی نگرە سەلمان دەکرێتو ماڵەکەشی بۆ خواروی عـیراق دەگوازرێتـەوە. بـەڵام دوای بەیاننامـەی 11ی مارتی1970 دەگەڕێتەوە ڕەواندزو بە هۆی کـاری میریـەوە ڕەوانـەی ناحییـەی گەڵاڵـە دەکرێت ، ئیتر لەسەر کارەکەی بەردەوام دەبێت تا خانەنشینی. ناوبراو دوای خانەنشـینی وەکو کەسایەتییەکی ناسراوی شارەکە لە ڕەواندز دەمێنێتەوە تا لە 10 کانوونی دووەمی 2001 کۆچی دوایی دەکاتو لە گۆڕستانی گەردەگەرد لـە شـاری ڕەوانـدز بـە خـاك دەسپێردرێت. دیمانەیـەك لەگـەڵ سـالار سـەبری نـەجیب نـەورۆز، سـۆران، لـە 18ی حوزەیرانی2005.( سالار سەبری ساڵی 1956 لە ڕەواندز لە دایـك بـووە و دەرچـووی شەشـی ئامادەییـیەو ئێسـتاکەش بەڕێوەبـەری کۆگـای دابـەش کردنـی کتێبـە لـە بەڕێوەبرایەتی پەروەردەی سۆران هەر لە سۆران نیشتەجێیە).

[تر]عەلی عەبدوڵڵا ناسراو بەعەلی مەکتەبە لەکەسـایەتییە ناودارەکـانی ڕەوانـدزە کـە ئەندامێکی کارای پارتی هیوا بووە، هەر لەسەر ڕاسپاردەی پارتی هیواش ناوبراو لەگەڵ سەبری نەجیب ئەفەنـدی هەڵسـاون بەکردنـەوەی کتێبخانەیـەك لـە ڕەوانـدز لـە 6ی شوباتی1943 بەناوی سەرکەوتنو دواتریش لەسەر ڕاسپاردەی پیرەمێردی شاعیر ناویان گۆڕیوە بە پێشکەوتن. بـاوکیی هـێلین، چـاوپێکەوتن، گۆڤـاری روانـدز، ژمـارە(1) ، رەواندز، نیسانی 1998، ل ل 59-61. عەلی مەکتەبە ئێسـتاکەش لـە ژیـان مـاوەو لەڕەواندز ژیان بەسەر دەبات لەسەردانێکمان بۆ ڕەواندز سەردانی ناوبراومـان کـرد تـا دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجام بدەین، بەڵام بە داخەوە بەهۆی توشبوونی نـاوبراو بەنەخۆشـی

**ئاغای کاولۆکان(وسوئاغا)[تر]، سامی ڕەواندزی، سەید عومەر سەید ئەحمەد(سیدا عومەر)، نەجات سەعید قادر، جەلال بەگی دەرگەڵەیی‌و چـەندان دیکە [یر] .**

**ئەندامانی هیوا لەڕەواندز هەڵساون بەدەرکردنی بڵاوکراوەیەکی دەستنووس بەناوی کوردستان کە لەو بڵاوکراوەیەدا ئاماژەیان بۆ شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، شێخ سەعید، شێخ مەحموودو سمکۆی شکاك کردووە[سم] . هەر بۆیە دەتوانرێ بوترێ کە پارتی هیوا لە ڕەواندز ڕۆڵێکی کاریگەری بینیوە لەهۆشیارکردنەوە خەڵکی ناوچەکە لەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، تا لەو ڕێگایەوە هانیان بدات لەپێناو**

---

لەبیرچوونەوە نەیتوانی هیچ شتێکمان بۆ باس بکات کە ڕەنگـە زانیاریـەکانی لای ئـەو کەڵە پیاوە هەندێکی دیکە لە زانیاریەکانی نێو ئەو باسەی دەوڵمەندتر بکردایە.

[تر]یوسف ئاغای ڕەشید ئاغای کاولۆکـان ناسـراو بـە وسـوئاغا لـە سـاڵی1916 لـە کاولۆکان لەدایك بووە و لەخانەی مامۆستایانی ڕیفی لەشاری بەغدا وەرگیراوە، کەچـی لەبەر چالاکی کاری سیاسیی‌و ڕێکخستن لەنێو پارتی هیواوە لەخوێندن دەرکراوە. شیاوی باسە ناوبراو چەندین جار لەئاهەنگی نەورۆز لەگەردەگەر لە ڕەوانـدز وتـاری سیاسـیی خوێندۆتەوە. لەساڵی 1956 وسو ئاغا پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی پـارتی دیمـوکراتی کوردستان کردووە تا کۆتایی شۆڕش. ناوبراو لە ساڵی 1976 کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی گەردە گەرد لە شاری ڕەواندز بە خاك سپێردراوە. چالاك میرانی، ڕواندز قەڵای خـــەبات و کوردایـــەتی" بزاڤـــی سیاســـی، ڕۆڵـــی کەســـایەتیەکان، ڕووداو و کارەساتەکان"،چاپخانەی دیلان ، سلێمانی ، 2005، ل 95.

[یر]طارق جامباز، ڕۆڵی ڕەواندزییەکان لە حیزبی هیوادا، گۆڤاری هەولێر، ژمارە( 9) ، هەولێر، زستانی2001، ل ل 54-59؛ دیمانەیەك لەگـەڵ فـەرهاد شـاکر مـەجرووم، سلێمانی، لە 8ی حوزەیرانی 2005.

[سم]طارق جامبـاز ، سەرچاوەی پێشوو، ل ل 54-59؛ باوکیی هێلین، سەرچاوەی پێشوو، ل ل59-61.

هێنانە دی ئامانجە سەرەکییەکانی پارتی هیوا کە هەوڵی بۆ دەدا. ماوە بڵێین پارتی هیوا لە کارو چالاکییەکانی تاوەکو ساڵی 1944بەردەوام بوو، کە لەو ساڵەدا دووچاری کەرتبوون هاتوو دواتریش بەیەکجارەکی ڕێکخستنەکانی هەڵوەشایەوە.

**- کۆمەڵەی برایەتی نیشتمانی( جمعیة الاخاء الوطني ):**

ئەنجامی بەستنی پەیماننامەی ساڵی1930 عیراقی بریتانیو پەسندکردنی لەلایەن حکومەتەوە، ژمارەیەك لەپیاوە ناودارەکانی عیراقی بەمەبەستی دروستکردنی کۆمەڵەیەکی سیاسیی نەیاری حکومەت، یاداشتێکیان پێشکەش بەوەزارەتی ناوخۆ کرد تا ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەی برایەتی نیشتمانی بدات. ئەوە بوو وەزارەتی ناوخۆ بەنووسراوی ژمارە(15435)لە20ی تشرینی دووەمی1930 ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنیداو، دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەش هەڵبژێردرا کە لە: ڕەشید عالی گەیلانی(1893–1965)، عەلی جەودەت ئەیوبی(1886-1969)، دوکتۆر عەبدولئیلا حافز، یاسین هاشمی(1884–1937)، حیکمەت سلێمان، محەمەد ئەمین زەکی، محەمەد ڕەزا شەبیبی، حاجی عبدولواحید سوکەر و سەید موحسن کوڕی تەبیغ پێکهاتبوون(٢١).

شیاوی باسە چالاکییەکانی ئەو کۆمەڵەیە بۆ ناوچەکانی کوردستان پەلی هاوێشت. سەبارەت بە ڕەواندزیش ئەوا لە ڕێگای سلێمانی بەگی سیلاحشۆڕ باوکی عەلی حەیدەر کە سەردانی شاری بەغدای کردبوو چالاکییەکانی کۆمەڵەی برایەتی نیشتمانی بۆ ڕەواندز گوازرایەوەو، شێخ

---

(٢١)عبالرزاق الحسني، تاريخ الاحزاب السياسية العراقية، ص 110.

کاکەمینی سەران کرا بەبەرپرسی لقی کۆمەڵە لە ڕەواندزو ئەحمەد کەمال کوڕی عەبدولکەریمی خەتیش بەسکرتێر دانرا[تر]. لقی کۆمەڵە لە ڕەواندز توانی ژمارەیەکی زۆر لەهەموو چینو توێژاڵە جیاجیاکان لە ڕەواندز لەخۆیدا کۆبکاتەوە، بەهۆی بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی ئەوە لە ناو خەڵك ئەگەر هەر کەسێك ببێتە ئەندام لەو کۆمەڵەیە ئەوا ئەو کەسە قەرداربێت، ماڵی خەڵکی خواردبێت، پیاوی کوشتبێت، هەر شتێکی کردبێت ئەوا حکومەتو پۆلیس بۆیان نییە ئەو کەسە بگرنو دادگای بکەن. لەو بارەیەوە حوسێن حوزنی موکریانی وەکو شایەتحاڵێك لە یاداشتەکانی دەڵێ:" **دەبێت ئەو فێر کردنو چاوڕاوەی لەڕەواندز کرا لە هەولێرو جێگاکانی دیکەش کرابێت، دیارە میللەت نەزانو نەدیتەیە، چتی وای لە پیاوی گەورە، کە بیست بەڕەحمەتی دەزانن‌وهەر یەك لەوانەش گوناهێکی هەر لێ ڕوداوە، یان دزی کردووە، یان قەرزدارە، یان دەیەوێت ماڵی خەڵك بخوات یان خوێندارە یان خوێناویە بۆ ڕزگاریو پەرەی کاری خۆی بە پۆلو دەستە دەستە داخلی حزب دەبوون هەتا لە ڕەواندز هیچ دارکێشو سەپانو ماست فرۆشەکانی دێهاتانیش نەما هاتبوونە ڕەواندزو داخل بە حزب ببوون، بەڵام تێگەیشتوو ئاغاو گەورەپیاوەکان گۆشەگیری چاوەنواڕی دوامینی ئەو کارە بوون، کە نەیاندەزانی چۆنەو چۆن بە پایان دەگات، تێکەڵ نەبوونیان جاری پەسند کردبوو**"[یر]. واتە لێرە دەتوانرێ بوترێ، کە بەڕێوەبەرانی لقی کۆمەڵەی برایەتی نیشتمانی لە ڕەواندز تەنیا توانیویانە کە خەڵکی ڕەشۆکی ناوچەکە لە خۆیان کۆبکەنەوە. ئەگەر بزانیین ئەو هەموو خەڵکە

---

[تر]حسێن حوزنی موکریانی، سەرجەمی بەرهەمی، ل 8.

[یر]د. کوردستان موکریانی، روناکی، ل 37 .

له دواتر به یەك وتاری حوسێن حوزنی موكریانی پەرتەوازەیان كردووەو لە كۆمەڵە بۆنەوەتەوەو چالاكییەكانی لەناوچەكە لەناو چووە[تت]. كۆمەڵەی برایەتی نیشتمانی لە چالاكییەكانی تا ساڵی 1935 بەردەوام بووەو ماوەتەوە[یو].

- **كۆمەڵەی هەوڵدان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری( جمعیة السعي لمكافحة الامیة ):**

ژمارەیەك لە قوتابیانی عیراقی كە لە بەیروت خوێندیان تەواو كردبوو لە شاری بەغدا یەكتریان گرتەوە وەكو: عەبدولفەتاح ئیبراهیم، عەبدولقادر ئیسماعیل، حوسێن جەمیلو عەلی حەیدەر سلێمان. ئەمانە ڕێكەوتن لەسەر دەركردنی ڕۆژنامەیەك بە ناوی (ئەلئەهالی)یەوە[سم]. هەر بۆیە ئەو كۆمەڵەیە لە دواتر بەناوی ئەهالی ناویان دەركرد. ئەندامانی ئەهالی ڕێكەوتن لەسەر دامەزراندنی(جمعیة السعي لمكافحة الامیة) كە یەكەمین كۆنگرەی خۆی لە25ی تشرینی یەكەمی 1933 گرێداو دەستەی دامەزرێنەرانی لە جەعفەر ئەبو تەمەن، نەسرەت فارسی، كامل چادرچی، عەبدولفەتاح ئیبراهیم، عەلی حەیدەر سلێمان پێكهاتبوون[شم].

---

[تت] د. كوردستان موكریانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 38-39.

[یو] عبالرزاق الحسني، تاریخ الاحزاب السیاسیة العراقیة، ص 112.

[سم] ئەل ئەهالی ، ڕۆژنامەیەكی سیاسیی ڕۆژانە بوو كۆمەڵێك لاو دەریان دەكرد كە لە لایەن( حوسێن جەمیل)ی پارێزەرەوە سەرپەرشتی دەكران كە یەكەمین ژمارەی لە 2ی كانوونی دووەمی 1932 دەرچوو. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تاریخ الصحافة العراقیة، الجزء الاول، مطبعة الزهراء، بغداد ، 1957، ص 82.

[شم] فواد حسین الوكیل، المصدر السابق، ص ص 133-134.

شیاوی باسە دواتر ناكۆكی كەوتە نێوان عەلی حەیدەر سلێمانو هەندێ ئەندامانی كۆمەڵەوە، لەبەر ئەوەی عەلی حەیدەر سلێمان لەو كاتەی كە مەلیك فەیسەڵ لە ساڵی1933 كۆچی دوایی كرد وتارێكی بلاوكردوە كە بووە جێگای نارەزایی هەندێ لە ئەندامانی ئەو كۆمەڵەیە، چونكە پێیان وابوو كە عەلی حەیدەر سلێمان مەدحو سەنای مەلیك فەیسەڵی كردووە[٦٢]. چالاكییەكانی(ئەهالی) تا ماوەیەكی زۆر لە سەر گۆڕەپانی سیاسیی عیراقدا هەر بەردەوام بوو.

**- یانەی پێنووسی عیراقی( نادي القلم العراقي ):**

لە یەكێك لە ڕۆژەكانی بەهاری ساڵی1934 ژمارەیەك لەدەستەبژێرانی شاری بەغدا لەماڵی دوكتۆر محەمەد فازڵ كۆبوونەوە بەمەبەستی كردنەوەی یانەیەك وەكو لقێك لەو دەزگا ئەدەبیو ڕۆشنبیرییەی كە بەشێكی زۆری جیهانی گرتبۆوە. لەو كۆبونەوەیەشدا هەر یەك لە جەمیل سدقی زەهاوی، محەمەد ڕەزا شەبیبی، عەبدولكەریم ئەلئەزەری، مەجید خدوری، جەعفەر خەیات، عەلی حەیدەر سلێمان، تۆفیق وەهبیو بەهائەدین نوری ئامادەبوون. ئەنجام لەسەر ئەوە ڕێكەوتن كە یاداشتێك پێشكەش بە وەزارەتی ناوخۆ بكەنو داوای ڕەزامەندی كرنەوە یانەیەك بە ناوی یانەی پێنووسی عیراقی بكەنەوە. لەبەرانبەردا وەزارەت ڕەزامەندیی نیشانداو، یانەش كۆنگرەی یەكەمی خۆی گرێدا[٦٣]. ئەو یانەیە یەكەمین یانە بوو لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست كە چالاكی باشی نواند[٦٤].

---

[٦٢]فواد حسين الوكيل، نفس المصدر ، ص 137.

[٦٣]د. معروف خزندار،المثقفون الكورد و نادي القلم العراقي، مجلة زاگرۆس، العدد(14)، اربيل، 27 كانون الثاني 1999، ص ص 26-27.

[٦٤]بۆ زانیاری چالاكی ئەم یانەیە بڕوانە:د. معروف خزندار، نفس المصدر، ص 27.

## ئەنجام

لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا گەیشتووینەتە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

*سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی(1914–1918) بەگشتیو هاتنی سوپای ڕووسەکان بەتایبەتی زەرەرو زیانو کاولکارییەکی زۆری بەسەر ڕەواندزدا هێناوە کە بۆتە هۆی لەناوچوونی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ئەو شارە، ئەوە سەرەڕای سووتاندنی خانووەکانیانو سڕینەوەی ئاسەواری شارەکە کە لە شوێنی کاولۆکانی ئێستاکە بووە.

*دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیو هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە تاڕادەیەك باری ڕەواندز بوژاوەتەوەو ئاوەدانی بەخۆیەوە بینیوە، لەڕێگای پێشکەش کردنی یارمەتیو هاوکاری لە لایەن بریتانییەکانەوە.

*لەسەردەمی دوای جەنگەوە ڕەواندز وەکو پێگەیەکی سیاسیی کۆنینە جارێکی دیکەش دەبووژێتەوەو دەبێتەوە بنکەیەکی سیاسیی وەکو سەردەمی میرنشینی سۆران.

*سەرهەڵدانی ڕاپەڕین لەناوچەکەو دەرکردنی ئینگلیزەکان زیانی بەڕەواندز گەیاندوە، ئەگەر بزانین سورچییەکان لەگەڵ هاتنیان بۆ شارەکە تاڵانو برینێکی زۆریان کردوە، بەمەش بەدیار دەکەوێت کە ڕاپەڕینەکە هیچ ئامانجێکی نەبووە. ئەوە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوەش هەر لەئەنجامی ڕاپەڕینەکە بوو فرۆکەکانی بریتانیا لەدژی ڕاپەڕیوان چەند جارێك ڕەواندزیان بۆردوومان کردوە و زەرەریان لە خەڵکی شارەکەداوە.

*هاتنەوەی تورکەکان بۆ ڕەواندز بەڕەزامەندیو بانگێشتی خەڵکی ناوچەکە نیشانەی بێزاری خەڵکی ناوچەکە بوو لەسیاسەتی کاربەدەستانی ئینگلیزو، بێ ئومێدبوونیان لە بەڵێنەکانیان.

* پێگەی ڕەواندز گرنگییەکی زۆری لەپەراوێزی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی لۆزاندا بەخۆیەوە بینیوە، ئەگەر بزانیین بریتانییەکانو تورکەکان بەمافی

ڕەوای خۆیان زانیوە دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەکەدا هەبێتو لایەنی بەرانبەری بەناحەق زانیوە.

*سەردەمی قائیمقامیەتی سەید تەهای نەهری(1923-1929) قۆناغێکی پرشنگدارە لەمێژووی سیاسیی ڕەواندز، لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری ڕاپەڕیوانو شۆڕشگێڕان کاتێك سەرکەوتنیان بەدەست نەدەهێنا لەکارەکانیان، دەهاتنە ڕەواندزو لای ئەو پەنادەدران. ئەوە سەرەڕای ئەوەی لەوێوە یارمەتیشیان بۆ ڕەوانە دەکرا.

*لەو ماوەیەدا ژمارەیەك کەڵەپیاوو کەسایەتی نیشتمانپەروەر لەناوچەکە سەریان هەڵداوەو خزمەتێکی زۆری لایەنی کوردایەتییان کردووە، وەکو:(ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی، ئەمین ڕەواندزی، مەعروف چیاووك...هتد).

*دوژمنداری نێوان بنەماڵەی ئیسماعیل بەگی ڕەواندزیو بنەماڵەی باویل ئاغا کە دوو بنەماڵەی بەناوبانگی شارەکە بوونو ئینگلیزەکان لەدواوەی کارەکە بوون، کاریگەری زۆری کردەسەر ڕەوشی شارەکە کاتێك ئیسماعیل بەگ کوژراو نووری باویل ئاغاش کەوتە بەندیخانەوە، چونکە ڕەنگە ئەگەر ئەو دووانە دوژمندار نەبونایەو هەوڵەکەنیان یەکخستایە ئەوە ئێستاکە مێژووی شاری ڕەواندز شێوەیەکی دیکە دەبوو.

*ڕەوشی سیاسیی ڕەواندز لەقۆناغی یەکەمی سەربەخۆیی عیراقدا جارێکی دیکە دەکەوێتەوە کزی، ئەویش لەلایەك بەهۆی لاوازی بزاڤی چەکداری لەماوەیەداو ، لەلایەکی دیکەشەوە لەئەنجامی ئاژاوەو ململانێی ناوەخۆو پاڵپەستۆی دەسەڵاتدارانی ناوەندی بۆسەر ئەو کەسانەی کە گومانی ئەوەیان لێ دەکرا ڕۆڵی کارا لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا دەگێڕن.

هەولێر مەعرۆف کتێب

## سەرچاوەکان

### یــەکـەم: دەستــنووس:

- مەلا ئەسعەد خەیلانی، دەست نووسی مێژووی سۆران، ڕەواندز، 1930.( لای توێژەرەوە دەست دەکەوێت).
- مەلا محەمەدی عەلیاوەیی، غەم ڕەوێن، دەستنووس.( لای دوکتۆر عەبدوڵلا عەلیاوەیی دەست دەکەوێت).

### دووەم: بەڵگەنامەی بڵاو نەکراوە:

### ئەلیف : بە زمانی کوردی:

- سلێمان بەگی سیلاحشۆر( 1936–1875)، مەزبەتەیەکی پێشکەش کراو بۆ حکومەتی تازە دروستکراوی عیراقی بۆ بوونی ڕەواندز بەلیوا، ڕەواندز، بێ ساڵی چاپ.(لای فەخری شەمسەدین بەگی سیلاحشۆر دەست دەکەوێت).
- ك . پ .ك، بۆ دوستودوژمنان، 1930/7/1 ، دەستنووس(لەئەرشیفخانەی بنەماڵەی موکریانی پارێزراوەو بۆ یەکەمین جارە بڵاودەکرێتەوە).
- ك.پ.ك، پیامی مانگی30/6/1930 دەستنووس(لەئەرشیفخانەی بنەماڵەی موکریانی پارێزراوەو بۆ یەکەمین جارە بڵاودەکرێتەوە).

### بێ: بە زمانی ئینگلیزی:

- FOREGN OFFICE, 371/9005, Lord Curzon to Sir H.Rumbold (Lausanne), 5 May1923.

- FORIGN OFFICE 371/9005,Telegram From the Acting High Commissioner for Iraq to the secretary of State for the Colonies, 11may 1923.

**سێیەم: بەڵگەنامەی بڵاو کراوە:**

**ئەلیف: بە زمانی کوردی:**

- ______________، بەڵگەنامەی بزووتنەوەی کورد، وەرگێڕانی: نەزەند بەگی خانی، گۆڤاری هیوا، ژمارە( 7) پاییزی 1992.

- طالب سەرانی، نامەی والی دیاربەکر بۆ(شێخ عبدالرحمنی سەران)، گۆڤاری رواندز، ژمارە(2)، ڕەواندز، هاوینی 1998.

- د. ولید حمدي، کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، وەرگێڕانی: موحەمەد نوری تۆفیق، چاپی دووەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 1999.

**بێ: بەزمانی عەرەبی:**

- طارق جامباز، خمس وثائق غير منشورة، مجلة گولان العربي، العدد(10)، 25/ئازار/1997.

- طارق جامباز، وثائق غير منشورة آمين الرواندوزي ومعروف جیاووك ودورهما في جمعية استقلال كوردستان 1922-1926، مجلة گولان العربي، العدد(6)، 25/11/1996.

- طارق جامباز، وثيقة عمرها 75عاماَ تنشر لاول مرة رسالة جوابية من والي ديابةكر إلى الشيخ عبدالرحمن سترانی عام 1922، صحيفة خەبات، العدد(846) ، 17/تشرين الأول/1997.

- د. عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، الحركة القومية الكوردية التحررية دراسات ووثائق، طبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل، 2004.
- د. عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية التحررية ملاحظات تاريخية ودراسات اولية، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل، 2001.
- نجدة فتحي صفوة، العراق في الوثائق البريطانية سنة 1936، الطبعة الأولى ، جامعة البصرة، 1983.

## تیٚ: به زمانی ئینگلیزی

-FOREGN OFFICE, 371/9005, E 447, From Sir H. Rumbold (Lausanne ) ,May 1923.

## چوارەم: چاپکراوی فەرمی:

- سالنامەی ولایت موصل، 1308هـ .
- سالنامه ولایت موصل، 1310هـ .
- سالنامەی ولایت موصل، موصل ولایتی، مطبعسنده یا حلمشدر، 1312 ه .
- سالنامه ولایت موصل، 1330هـ .
- محاضر مجلس النواب 13/ شباط 1930ملحقاً بالجريدة الوقائع العراقية.
- موصل ولایتی سالنامه رسمیسدر، 1325هـ، موصل، ( مطبعة سند طبع اولمنشدر)

## پێنجەم: کاسێتە تۆمارکراوەکان:

- ئەسعەد عەدۆ، کارەساتی دۆری نیشاوی لەنێوان فۆلکلۆرو مێژوودا، کۆڕێك لەیەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر، هەولێر، بێ مێژوو، لەسەر کاسێت تۆمارکراو.(لای توێژەرەوە دەست دەکەوێت).

- عەلی باویل ئاغا، بیرەوەریەکانی عەلی باویل ئاغا لەسەر کاسێت تۆمارکراو.(لای توێژەرەوە دەست دەکەوێت).
- عەلی باویل ئاغا، بیرەوەریەکانی عەلی باویل ئاغا، دیمانەیەکی تۆمارکراو لەگەڵ عەبدولڕەقیب یوسف بە مێژووی 29ی تەمموزی1982 ، ڕەواندز، لەسەر دووکاسێت تۆمارکراو.(لای توێژەرەوە دەست دەکەوێت).

**شەشەم : دیمانەکان:**

- ئازاد جوندیانی، سلێمانی، 9ی حوزەیرانی2005.
- ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی، هەولێر لە 12ی حوزەیرانی 2005.
- زولێخا حوسێن حەمەد ، هەولێر، لە20ی تەمموزی2005.
- سالار سەبری نەجیب نەورۆز ئەفەندی، سۆران، لە 18ی حوزەیرانی2005.(
- فەخری شەمسەدین بەگی سیلاحشۆڕ لە 24 ی حوزەیرانی 2005 هەولێر
- فەرهاد سەباح نووری باویل ئاغا، هەولێر، لە20 تەمموزی 2005.
- فەرهاد شاکر مەجرووم، سلێمانی، لە 8ی حوزەیرانی 2005.
- مستەفا عەلی باویل ئاغا، هەولێر، 19ی حوزەیرانی 2005.
- دوکتۆر نیاز جەمیل میران، هەولێر، 24ی تەمموزی 2005.
- دیمانەیەك لەگەڵ هەڵگورد عەبدولوەهاب محەمەد عەلی، هەولێر، 2ی شوباتی 2008

**حەفتەم : نامەی زانکۆیی:**

**ئەلیف: بڕوانامە ماستەر**

- محمود شكحان الدليمي، علي حيدر سليمان، نشاطه الثقافي و دوره السياسي في العراق حتى العام 1968، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة بغداد، بغداد ، 2002.

- نصيف جاسم الاحبابي، العلاقات بين إيران وألمانيا النازيه1933-1945، رساله ماجستير منشوره، كليه الاداب، جامعه بغداد، 1989.
- ياسين خاليد حسن، كردستان الشرقية دراسة في الحركة التحررية القومية فيما بين الحربين 1918-1939، رسالة ماجستير غير منشورة كلية الآداب جامعة صلاح الدين/ اربيل، 1995.

**هەشتەم: کتێب:**

**ئەلیف: کتێب بە زمانی کوردی:**

- ا.م.مینتیشاشڤیلی، کوردکورتەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی-ئابووری ڕۆشنبیریو گوزەران، وەرگێڕانی: د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، سلێمانی، 1999.
- ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، شاری سلێمانی1918-193 لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی/سیاسییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی، 2002.
- ئەحمەد باوەڕ، ئۆزدەمیرو کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفسێتی بابان، سلێمانی،2000.
- ئەحمەد باوەڕ، کوردستانو چالاکی کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان لەساڵانی ئینتدابی بەریتانیادا 1920-1932، چاپی یەکەم، سلێمانی، 1998.
- ئەحمەد باوەڕ، کۆمەڵی یانەی سەرکەوتن، چاپی یەکەم، چاپخانەیو ئۆفسێتی تیشك، کەلار، 2004.
- ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا(1925-1958)، چاپی یەکەم، کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب، هەولێر، 2007.
- احمد خواجه، چیم دی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شفیق، بەغدا، 1968.
- احمد خواجه، چیم دی ، بەرگی سێیەم، چاپخانەی ڕاپەرین، سلێمانی، 1970.

- د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کوردستان لەسەردەمی ئاشتیدا، وەرگێڕانی: موحەمەد نوری تۆفیق، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2001.
- د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کوردو کوردستان لەکۆمەڵە وتارێکی مێژووییدا، وەرگێڕانی: ئازاد عوبێد، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2005.
